# سەما لەگەڵ ژیان

دارای هەموو شتێکم لە خودا کرد تا چێژ لە ژیان وەرگرم
خوداش ژیانی پێ بەخشیم تا چێژ لە هەموو شتێک وەرگرم



ئامادەکردن و کردنە PDF
ڕۆژگار کەرکوکی

نووسینی:
مهدي الموسوي

لە عەرەبییەوە:
ئاودێر ئەحمەد ئەنەرانی

ئامادەکردن و کردنە PDF
رۆژگار کەرکوکی
خوێنەرانی خۆشەویست بۆ دەست کەوتنی
کتێبەکان و سود بینینتان لە بابەتەکان جۆینی ئەم گروپە بکەن
ئەم گروپە تاکە ئامانج بۆ دامەزراندنی خزمەت کردنە
بە چینی خوێنەرو قوتابیان و نوسەرو وەرگێرەکانمان




کتێبخانەی ( PDF )

PUBLIC GROUP · 74K MEMBERS

دەزگای فام
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
FAMpublication
بەڕێوەبەری گشتی: سەنگەر زراری

عنوان العربي
الرقص مع الحياة
تأليف: مهدي الموسوي
من منشورات دار مدارك للنشر - طبعة التاسعة عشرة
ISBN: 978-9948-425-74-8

مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆ دەزگای فام پارێزراوە.

چاپی یەکەم - ٢٠٢٠

# سەما لەگەڵ ژیان

نووسینی

**مهدي الموسوي**

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

**ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی**

بابەت: گەشەپێدانی مرۆیی

پێوانە

١٣,٥*٢١سم (٢٣٨) لاپەڕە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (٧٨٥)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێ دراوە.

# سەما لەگەڵ ژیان

داوای هەموو شتێکم لە خودا کرد تا چێژ لە ژیان وەرگرم...
خوداش ژیانی پێ بەخشیم تا چێژ لە هەموو شتێك وەرگرم

نووسینی

مهدي الموسوي

وەرگێڕانی

ئاودێر ئەحمەد قەمتەرانی

عزيزي الاستاذ آودير احمد القمطراني

أهديك أطيب التحيه ويسعدني ان

أمنحك حق ترجمة كتابي :

(الرقص مع الحياة) الى اللغه الكرديه

راجياً لقرائي الاعزاء الكرد

الاستفادة من المتعه الروحيه ..

مهدي الموسوي

٢٠١٩/٨/١١

# ناوەڕۆك


ناوەڕۆك ........................ - 5 -

پێشەکیی وەرگێڕ ........................ - 9 -

پێشەکیی نووسەر ........................ - 13 -

گەشتەکەم لەگەڵ باڵندەی ڕووناکی ........................ - 16 -

ڕێسای(1) سوپاسگوزاری، گەنجینەی دانایانە ........................ - 21 -

ڕێسای (2) خۆت خۆشبوێ ........................ - 25 -

ڕێسای (3) گەنجینەکانت لە نێوانی دەستەکانتدان ........................ - 29 -

ڕێسای (4) بە دڵێکی سەوزەوە بژی ........................ - 33 -

ڕێسای (5) لێبوردەیی سیفەتی پاڵەوانانە ........................ - 37 -

ڕێسای (6) بێ بەرامبەر، کرداری جوان ئەنجامبدە ........................ - 42 -

ڕێسای (7) وەك خۆیان ئەوانی دی قبووڵ بکە ........................ - 47 -

ڕێسای (8) سینەت پڕ لە خۆشەویستی بکە ........................ - 51 -

ڕێسای (9) خۆت لەگەڵ بارودۆخە سەختەکاندا بگونجێنە ........................ - 55 -

ڕێسای (10) بەخشندەیی... یاسای بەرزی پەروەردگارە ........................ - 59 -

ڕێسای (11) لە کاتی ئێستاتدا بژی ........................ - 62 -

ڕێسای (12) دەروونت لە مەترسییەکان ئازاد بکە ........................ - 69 -
ڕێسای (13) پێشبینی کەمالییەت بۆ هیچ شتێکی دەوروبەرت مەکە - 73 -
ڕێسای (14) ژیانێکی ڕاستەقینە بژی ........................ - 77 -
ڕێسای (15) لەگەڵ دەوروبەرت بەسۆز و نەرمونیان بە ........................ - 79 -
ڕێسای (16) هەڵوێستی ئیجابییانە لە ژیان ........................ - 81 -
ڕێسای (17) جیهانی ناوەوەت بەهێز بکە ........................ - 85 -
ڕێسای (18) با ئەوانی تریش لە بەهرە و بەخششەکانت سوودمەند بن.... - 89 -
ڕێسای (19) خۆشەویستی نهێنی ژیانە ........................ - 93 -
ڕێسای (20) بە دیاری بە نرخەوە بەرەوپیری خەڵکەوە برۆ............ - 97 -
ڕێسای (21) هەموو دەم شادبە ........................ - 101 -
ڕێسای (22) پەنجەرەکەت بە ڕووی جیهاندا بکەوە ........................ - 105 -
ڕێسای (23) بەخۆشەویستییەوە کار بکە ........................ - 109 -
ڕێسای (24) هەموو ڕۆژێ بە چپەوە سوپاسگوزار بە ........................ - 113 -
ڕێسای (25) بێهیوا مەبە ........................ - 117 -
ڕێسای (26) کێشەکانت بە بچووك سەیربکە ........................ - 121 -
ڕێسای (27) شەیدای ژیانت بە ........................ - 125 -
ڕێسای (28) پۆشاکی گەشبینی بپۆشە ........................ - 127 -
ڕێسای (29) چوارچێوە و مەودای واجبەکانت لە ژیان بزانە........ - 131 -
ڕێسای (30) ژیانت بە نرخترینی سامانەکانتە ........................ - 135 -

ڕێسای (31) بە هاوسەنگی بژی........................................ - 139 -

ڕێسای (32) لەگەڵ خودا بە........................................ - 143 -

ڕێسای (33) بەڵا و ناخۆشییەکان بکە بە پردێك بۆ سەرکەوتن ... - 147 -

ڕێسای (34) تۆ نهێنی هەرە گەورەی........................................ - 151 -

ڕێسای (35) لە ژیان سەغڵەت و بێزار مەبە........................................ - 155 -

ڕێسای (36) بەرپرسیارییەتی ژیانی خۆت هەڵبگرە........................................ - 158 -

ڕێسای (37) کۆشش بکە بۆ کاری خێر و چاکە........................................ - 163 -

ڕێسای (38) ڕاڕایی و دوودڵی بخە گیرفانێکی کونەوە........................................ - 167 -

ڕێسای (39) بەردەوام لە جووڵە دابە........................................ - 171 -

ڕێسای (40) خۆت لە مشتومڕ بە دوور بگرە........................................ - 175 -

ڕێسای (41) هاوڕێی خۆت بە........................................ - 177 -

ڕێسای (42) ژیانت نوێ بکەوە........................................ - 181 -

ڕێسای (43) بوێری، دایکی کردارە گەورەکانە........................................ - 185 -

ڕێسای (44) بە خۆ گونجێنیەوە بژی........................................ - 189 -

ڕێسای (45) لە تەنیایی دووربکەوە........................................ - 193 -

ڕێسای (46) ببە بە کەشتیوانی کەشتیی ژیانت........................................ - 197 -

ڕێسای (47) بایەخ بە هەموو کەسێك بدە........................................ - 201 -

ڕێسای (48) ئارامی بەردی فەیلەسووفەکانە........................................ - 203 -

ڕێسای (49) هەوڵدان و کرانەوە، کلیلن........................................ - 207 -

ڕێسای (50) دڵڕاهێنان لەسەر لێبوردەیی.......................... - 209 -
ڕێسای (51) سەرکەوتنی بێ بەگژیەکداچوون .......................... - 213 -
ڕێسای(52) ئامادەگی تەواو بۆ ژیان.......................... - 217 -
ڕێسای(53) ڕێگای بەختەوەری.......................... - 221 -
ڕێسای (54) هەبوونی توانا بۆ بینینی جوانی.......................... - 225 -
ڕێسای (55) لەپێناو ژیانێکی زیندوانەدا بجەنگە .......................... - 229 -
ڕێسای (56) سۆز و بەزەیی.......................... - 231 -
سەما لەگەڵ گورگەکان.......................... - 235 -
پاڕانەوە .......................... - 237 -

## تەنها بەناوی خودا

هەر کە گوێبیستی وشەی سەما دەبین، ڕاستەوخۆ بیرمان بە لای چەند جوولەیەکی جەستەیی دەچێ، کە بە واتا باوەکەی گوزارشتە لە دەربڕینی چەند ساتێکی خۆشی، بەڵام لە ڕاستیدا سەما بریتییە لە ڕەفتارێك کە دەبێتە ڕەنگدانەوەی حاڵەتی هەستی مرۆڤەکان و گوزارشت لە ناخیان دەکات، جا لە هەر حاڵەتێکی هەستیدا بن (خەم، بەختەوەری، خۆشی، ناخۆشی و...)، ئەوەش دەیسەلمێنێ کە سەما هەمیشە گوزارشت لە خۆشی ناکات، ڕەنگە هەندێك جار خەمێکی قووڵ مرۆڤ بخاتە سەماوە، وەك ئەو کۆترە تازە سەربڕاوەی کە لە تاو ئازاری گیانی هەڵبەز و دابەز دەکات و لە هیچ شوێنێ ئۆقرەی نییە.

مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵ و سووڕاندایە بۆ ئەوەی بگاتە دۆخێکی سەقامگیری ژیان و دووربێ لە خەم و ناخۆشی، بۆ ئەو مەبەستە پێویستی بە چەند ئامراز و هۆکارێك هەیە، تا بە هۆیانەوە توانا و شارەزایی خۆیان لە ژیان زیاد بکات و ئاستی بەختەوەریی خۆی بەرز بکاتەوە، کتێبی (سەما لەگەڵ ژیان)، یەکێکە لەو کتێبە گرنگانەی کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش گفتوگۆی هەر یەك لەو ئامراز و هۆکارانە دەکات و مرۆڤ دەگەیەنێتە کەناری بەختەوەری.

نووسەری عێراقی (مەهدی ئەلمووسەوی)، لەم کتێبەدا دەیەوێ لە ڕێگای (٥٦) ڕێسای گرنگەوە بگاتە نهێنییەکانی

بەختەوەریی بەردەوام بۆ مرۆڤ، هەروەها دەیەوێ بگاتە ئامرازەکانی ئاشکراکردن و گەیشتن بەو نهێنییانە. هەر لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە، نووسەر دڵنەوایی خەمبار و بێدار و بریندارانی دەداتەوە و یارمەتییان دەدات تا جارێکی تر لەسەر قاچی خۆیان بوەستن و کار بۆ بەدیهێنانی خەونەکانیان بکەن و ئاوێزانی بەختەوەریی بن، هاوکات سەما لەگەڵ ژیاندا بکەن.

شیاوی باسە، مافی وەرگێڕانی هەر یەك لە کتێبەکانی (دەمەوێ بژیم-أريد أن أعيش) و (سەما لەگەڵ ژیان-الرقص مع الحياة)ی نووسەر، مافی وەرگێڕانیان تەنها بە بەندە دراوە، وەرگێڕانی ئەم کتێبەش لە چاپی نۆزدەهەم و لەسەر کۆپیی ئەسڵی نووسەر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

داواکارم لە پەروەردگاری مەزن ئارامی و بەختەوەری بە دڵ و دەروونمان ببەخشێ و سەرکەوتوو و سەرفرازی هەر دوو دونیامان بکات.

وەرگێڕ

## مۆمێك

بۆ هەموو ئەو چرکەساتە پیرۆزانەی کە تیادا باڵی فریشتەکانی بەسەردا زاڵ دەبێ.

بۆ هەموو ئەو خولەکە پڕ چێژانەی کە تیایدا خۆم و کات و هەرچی لە دەورمە لە بیری دەکەم.

بۆ هەموو چرکەساتە پڕ خۆشییەکان کە لە دروستکراوەکان نزیك دەبنەوە.

بۆ هەموو ڕۆژێك کە لە ژیانم تێپەڕیوە، وەك بڵێی تاکە شەوی خۆشەویستی کۆتا شەو بووبێ.

# سوپاس

سوپاسی هەموو ئەو بیرمەند و دانایانە دەکەم کە بوونەتە سەرچاوەی بیرکردنەوەکانم، بە پێویستی دەزانم ناوی هەریەك لە مامۆستا گەورەکانی وەك ئۆشۆ و تاگوور و جوبران و پاولۆ کۆیلۆ و جەلالەدینی ڕۆمی و ئیڤانۆف بهێنم، سوپاسی ئەو کەسە ئاسایی و سادانەش دەکەم کە دڵیان بە دانایی ڕووناك کردمەوە و تۆوی ئارەزووی نووسینیان لەدڵدا ڕواندم تا ئەم کتێبەی لێ بەرهەم هات.

چەندین گێڕانەوەی سەرنجڕاکێشم لە ئەدەبی مرۆیی لێ هەڵبژاردووە، لە زۆربەی گێڕانەوەکان ئیستیعارەی بیرۆکەکانم کردووە و هەوڵم داوە بە دارشتنێکی تر دایانبرێژمەوە، هەم لە ڕووی شێوە و هەمیش لە ڕووی ناوەڕۆك و پەند و ئامۆژگارییەوە.

بە شێوەیەکی تایبەتیش سوپاسی هاوڕێی و خوشکی بەڕێزم (سوهەیلە ئەلجورانی) دەکەم کە ئەرکی پێداچوونەوە و هەڵەچنینی ئەم کتێبەی لە ئەستۆ گرت، هەروەها چەند پەیڤێکی ناسکیشی بۆ زیاد کرد و لە سەرەتای گەشتەکەشمەوە لە یارمەتیدان و بەخشین و خۆشەویستی بێبەشی نەکردم.

# پێشەکیی نووسەر

ماوەی دوو ساڵ بوو بە دوای نهێنییەکانی بەختەوەریدا دەگەڕام، بە دوای ئەو کلیلە بچکۆلانەوە بووم کە دەبنە هۆی شادییەکی بەردەوام، نەوەك بە تەنها ئەو چرکەساتانەی کە وەك جوولەی هەورەکان تێپەڕ دەبن.

هیوادارم وەك ئەوانەم لێبێ کە ئەگەرچی زۆریش بە تەمەندا بچن، بەڵام زەردەخەنە بۆ ساتێکیش لە ڕووخسار و لێوانیان ناتۆرێ و جیا نابێتەوە..

دۆخی زەمانە هەرچۆنێك بێت لە قووڵایی ناخیانەوە پێدەکەنن، پێکەنینێکی ئازاد و بێگەرد، بێ کۆتوبەند، هاوشێوەی منداڵەکان، یانیش ئەو کەسەی کە شێت بووە. هیوادارم کە گەورەبم، بەڵام لەگەڵ گەورەبوونی خۆم هەستی وازی و یاریکردنیشم گەورەبێ، باری سەرشانم و ئاستی وابەستەبوونم بە ژیان لە پەڕەیەك سووکتر بێ، تا ئەگەر شەمەندەفەرکە هات و بانگی گەشتی ڕاهێلا، بە بازدان و بە بارێکی سووکەوە بەرەوپیری بانگەکەی بچم و زۆر بە ئارامی و دڵخۆشییەوە لە کورسیی تایبەتی خۆم دابنیشم.

ئەم کتێبە سۆزنواندێکە لەگەڵ مرۆڤ، ئەو کاتانەی کە لە گەشتی ڕاوە بێ نێچیرەکانی دەگەڕێتەوە، دڵدانەوەی دۆڕاوەکانە لە جەنگی ژیان و سووککردنی ئاستی بێ هیوایانە ئەو کاتەی خەونەکانیان لەگەڵ ژیان و خەڵکدا وەك هەڵمێکی لێهاتووە. ئەمە پیرۆزکردنی خەم نییە، ئەمە سەمایە لەگەڵ ژیان سەرەڕای

هەموو برینەکان، لە بیرکردنی هەمـوو ئەو جەنگـانەیە کە ڕۆژانە مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی بێ بێزەییانە بەرپایان دەکـات، بەڵام سـەرەڕای ئەوەش هانـدانێکە بـۆ ئـاهەنگگێڕان بە ژیـان، بـۆ بەردەوامبـوونە لە ڕۆچوون لە دەریاکـانی نـاخ و ئاشکراکردنی گەوهەر و مرواری و گەنجینە شاراوەکان.

لەمیانی گەشتەکەم نهێنییەکی گرنگـی بەختـەوەریم دۆزیەوە، کە خـۆی لە نێـو خۆنیشـاندانی ئیجابیـانە لەگەڵ ئاڵنگارییەکـانی ژیـان و خەمەکـانی حەشـارداوە، هەروەهـا مـامەڵەکردنێکی نەرمونیان لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی بە کۆتا نایەن، کـارکردنی ڕۆژانە بـۆ بەهێزکردنـی هەسـتی هەسـتکردن بە ڕەزامەنـدی و سوپاسـگوزاری، لە هەمـان کـات بەهێزکردنـی کیـانی نـاوەخۆ بەتایبەتیش بۆ خاوەن دەروونە پاك و هەستیارەکان، تا بەهێز بـن و بەرگەی ڕووداوە کتوپڕەکانی ژیان و هەڕەشـەکانی دەوروبەر بگـرن، لە ڕووی دەرەوەش هاوشـێوەی شـنەبایەك لە بەزەیـی و لێبوردەیی بن.

ویستم لەم کتێبەدا مژدەی ئەوە بـدەم کە هەر کـات مـرۆڤ دەست بە بەها و ڕەوشتە باڵاکانەوە بگرێت، ئەوا خۆشـبەخت و کـامەران دەبـێ، داواشـم لە خەڵـك کـرد کە هەمـوو ڕۆژێ بە بەردەوامی لەپێناو مانەوەیان بە گەشـبینی تـێ بکۆشـن، تەنـانەت ئەگەر پێویست بکات بێنەوە سەرەتای ژیانیـان، تـا جـارێکی تـر لەگەڵ گەشبینیدا گەورەبن. ڕەشبینی ژیـان بـێ هیـواتر دەکـات. هەوڵیشم داوە بە ڕێگەیەکی تر ژیـان بخـوێنمەوە، ڕێـگەیەك کە زیاتر بمگەیەنێ بە زیندوێتی و ئاشکراکردنی بەشێك لە هۆکـارە

شاراوەکانی بەختەوەری، هەروەها زانین و ئاشکراکردنی ئەو لێهاتوویی و توانایانەی کە کاتژمێرەکانی شادی زیاتر دەکەن، هاودەم درێژکردنەوەی چرکەساتەکانی دڵخۆشی، ئەو چرکانەی کە بێهیوایی لەناو دەبەن و هیوا لە دەروونی خەڵکدا دەڕوێنن.

هەوڵم داوە بە هەردوو دەستی پڕ لە خۆشەویستیمەوە دەستی خوێنەری ئازیزی ئازیز بگرم، تا ئەو نهێنییانەی نیشان بدەم کە گەشتەکەم دوای گەڕان و کۆڵین و پشکنینێکی زۆر پێیان گەیشتووم، دانایی لە هەر کوێ بووبێ بە دوایدا گەڕاوم، وەك ئەو منداڵەی کە زۆر بە هۆگری و پەرۆشەوە هەموو بەیانییەك دەچێت بۆ کۆکردنەوەی مرواری دەریا، کاتێکیش لە نێو لمدا دەیدۆزمەوە، بە خۆشەویستییەوە هەڵیدەگرمەوە، بە پەنجەکانم خۆڵ و لمی سەری دەسڕم و بە فڵچەی ئەویندارێك ڕەنگی دەکەم، تا لە دوو توێی ئەم کتێبەدا بدرەوشێتەوە.

مەهدی ئەلمووسەوی

# گەشتەکەم لەگەڵ باڵندەی ڕووناکی

بە پێنووسی: سوهەیلە ئەلجورانی

چوومە نێو ئەشکەوتەکەمەوە و چاوەکانم داخستن و دەستم بە پاڕانەوە کرد..

لەپڕ دەنگی خوێندنی باڵندەیەك بە ئاوازێکی زۆر شیرین هات بە گوێمدا، پێشتر هەرگیز شتی وام نەبیستبوو!

لە گۆشەیەکی بچووکدا کە بەسەر ڕووی چیایەکی سەوزیدا دەڕوانی، سەیرم کرد.. باڵندەیەکی جوانم بینی، زۆر بە ئازادی ئاوازی دەچڕی..

ئەشکەوتەکەی خۆمم جێهێشت، لەگەڵ ئەودا بەرەو ئاسمان بەرز بوومەوە،

لە گەشتێکی پیرۆز، بە دووباڵی ڕووناکییەوە..

بە دەم گوتنەوەی تەسبیحات، بە درێژایی گەشتی بەرزبوونەوەمان...

دوای هەشتا ساڵ یان زیاتر لە کارکردن لەگەڵ دکتۆر "مەهدی موسەوی" ئەم چەند دێڕە دەخەمەڕوو:

ڕێچکەی ژیانی من لەگەڵ ئەودا لە (إشراقات) دەستی پێکرد، ئیشراقات بریتییە لە دامەزراوەیەکی مرۆیی، کە بە

هەوڵێکی تاکەکەسی و بە ئامانجی گەڕانەوەی متمانە و دڵنیایی بۆ تاکی عێراقی لە لایەن دکتۆر مەهدییەوە دامەزرا، هەروەها بە ئامانجی بە هاناوەچوونی ئەو دڵە ماندوو و کەوتووانە کە متمانەیان نە بە خۆیان ماوە نە بە دەوروبەر، هاوکات بۆ گەڕاندنەوەی خۆشی و کامەرانی بۆ ئەو کەسانەی کە گێژەڵۆکەی توندوتیژی تەنگی پێ هەڵچنیوون و لە لەززەتی ژیان و سەربەخۆیی بێبەشی کردوون... لەدەستدانی خۆشەویستان و پچڕانی پەیوەندییەکان، بە بێ ویست و ئیرادەی خۆی، بێ ئەنجامدانی هیچ تاوانێ!

لەو بوارە مرۆییەدا کارم لەگەڵ دکتۆر مەهدی ئەلموسەویدا کرد، بە ڕێگەیەك کە بە شێوەیەکی ڕەهایی دەتوانم بڵێم هاوشێوەی ئەو لە گۆڕەپانی کاری مرۆییدا نییە.

من زۆر سەرنجی کاری ئەو و هاوپیشەکانیم داوە، بەڕاستی جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەو و ئەوانی دیدا، لە دیدی مندا ئەو ڕۆژ دوای ڕۆژ گەورە دەبێ، وا خەریکە جوانترین وانەکانی ژیانی لێوە فێردەبم.

ئەمڕۆش کە ڕێزداری کردم بە پێداچوونەوەی کتێبەکەی، ڕێك چرکەساتەکانی ئەو ساڵانەم وەك خۆی بیرهاتەوە، سەرجەم ئەو ڕێسایانەی لە دوو توێی ئەم کتێبەدا باسی کردوون، من لە ڕەفتار و ڕەوشت و مامەڵەکانی ئەودا لەگەڵ خەڵکی بە کردەیی بینیومن و بەرجەستەی کردوون.

بەڕاستی ئەو نموونەیەکی ڕاستەقینەیە، لەو سیفاتە نموونەییە مرۆییانەی لە کتێبەکەدا بانگەشەیان بۆ دەکات.

بێ ئەوەی منەت بکا، دەبەخشێ، هەرگیز ڕێگە نادات وەرگر هەست بە شەرمەزاری بکات، ئەو کامەرانی و بەختەوەری لە بەخشیندا دەبینێتەوە.

ئەو هەرگیز وەڵامی خراپەی خراپەکاران ناداتەوە، بەڵکو هەوڵ دەدات بیانویێك بۆ ڕەفتارەکەیان بدۆزێتەوە و لێیان ببورێ.

هەردەم لە جووڵەدایە، هۆگری گەشت و سەفەرە، زۆر ئارەزووی ژیان لەگەڵ خەڵك دەکات و حەزدەکات بەردەوام لەگەڵیاندا لە پەیوەندیدا بێ... سەرەڕای ئەوەش خۆی ڕاهێناوە تا ڕۆژانە چەند کاتژمێرێك لە بێدەنگی و ئارامی و خەڵوەت لەگەڵ خوددا بەسەر بیات.

زۆر ئارامگر و بە قەناعەتە، ڕۆژێك نەمبینی سکاڵا لە شتێك بکات، بەڵکو وشەی (خێر، سوپاس بۆ خوا)ی لەسەر لێوان جیا نەدەبووەوە.

هەرگیز ئەو نەخۆشییەیەم بیرناچێ کە لە ساڵی پار دووچاری دڵی بوو، هێندەی نەمابوو ژیان جێبهێڵێ، بەڵام سوپاس بۆ خوا جارێکی تر گەڕایەوە بۆ ژیان، گەڕایەوە تا جارێکی تر خۆشبەختی و کامەرانی بە خێزان و خزم و دۆست و هاوڕێیانی ببەخشێتەوە، تەنها یەك ڕۆژ دوای ئەوەی شیفای بۆ هات، وتارێکی لە ژێر ناوی (دەمەوێ بژیم) بۆ من نارد، تا لە ستوونی هەفتانەی تایبەت بەو لە یەکێك لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا بڵاوی بکەمەوە، ئەمەشی پەیامێك بوو بۆ خەڵك، تا پێیان بڵێ چۆن فێریان بکات کە مامەڵە لەگەڵ قورسترین هەڵوێستەکانی ژیان دەکرێ.

من هەمیشە بەم نازناوانەی ناوی دەبەم:

مرۆڤ، مامۆستا، دانا، ئەو هەر بەکردەییش وابوو..

ئەو وانانەی ئەو بە منی بەخشیون، بە مەرەکەبی پێنووسێك و لەسەر پەڕەیەکی سپی نەنووسرابوون، بەڵکو وانەکانی ئەو کردەیی بوون، جوانترین نەخشیان لە سەر قەدی ئەو دارە بەرزانەی دڵی وێڵی منیان بە دوای دانابیدا پڕکردووە جێهێشتووە.

ئا ئەوە مەهدی مووسەویە وەك ئەوەی من ناسیومە، مرۆڤێك بە واتای وشە.

**٢١ی تەمووزیساڵی ٢٠١٢**

# ڕێسای (1)
## سوپاسگوزاری، گەنجینەی دانایانە

لە کاتێکدا بە کۆڵانێکی یەکێك لە بازاڕە کۆنەکانی شاری مۆگلە بە پێ ڕێم دەکرد، پیاوێکم بینی کە تەمەنی دەگەیشتە هەشتا ساڵ، زۆر بەشەیدابیەوە سەرقاڵی کارەکەی خۆی بوو، زۆر بە وردی و گرنگییەوە چەند پیتێکی لەسەر بەردێکی فەیرۆزی هەڵدەکۆڵی، بە جەستە و ڕۆحی چووبووە قووڵایی کارەکەی، دوای هەڵکۆڵینی پیتەکان بەردەکەی بە ئەنگوستیلەیەکەوە جێگیر کرد، دیمەنەکانی زۆر سەرنجیان ڕاکێشام، بۆیە لێی چوومە پێشەوە تا بزانم ئەو پیتانە چی بوون کە لەسەر بەردەکە نووسینی، کاتێك خوێندمەوە نووسرابوو (سوپاسگوزاری)! زۆر بەخێرایی لێم کڕی، بۆ من وەك ئەوە وابوو کە هەموو دونیام بە دەست هێنابێ و نهێنییەکی ونیشم لە نهێنییەکانی ژیانی ئاشکرا کرد.

سوپاسگوزاری بۆ شتەکان ئەگەرچی زۆریش بچووك بن، دەبێتە هۆی ڕاکێشانی بەختەوەری و شادی بۆ دڵەکان، وامان لێ دەکات خەڵك و ژیانیشمان خۆشبوێ. ئەگەر بێتوو بە هەموو شتێکیش ڕازیبین، ئەوا پەروەردگار گەوهەری سوپاسگوزاریمان پێ دەبەخشێت، کە ئەوەش بریتییە لە حاڵەتی گەیشتن بە

جێگیربوون و ئاشتییەکی بێگەرد، کە دڵ بە ڕەزامەندی دادەپۆشێ و پڕی دەکات لە ڕۆشنایی و نوور.

ڕەزامەندیی تەواو بەرامبەر هەموو ئەو قورسییانەی کە ڕۆژانە پێیدا تێدەپەڕین، هەموو ئەو نەخۆشییانەی بەسەر جەستەماندا دێن، قبوولکردنی خەڵکی بە جیاوازییەکانییانەوە، ڕازیبوون بە ڕابردوو سەرەڕای ئازارەکان، بە ئێستا بە بەربەستەکانییەوە، بەڵێندان بە ڕەزامەندی تەواو لە هەموو ئەوانەی لە ڕۆژانی داهاتوودا دووچارمان دەبن، ملکەچبوونی تەواو بەرامبەر هەموو ئەو کارانەی توانای گۆڕینیانمان نییە، ڕازیبوون و قبوولکردنی هەموو دۆخەکانمان، کەموکورتی و کێشەکانمان، دانان بە هەرچی ڕوودەدات، لەگەڵ ئەوانەشدا هەوڵدانێکی هیممەتبەرزانە، بە جێگیربوون و سۆزەوە، دوور لە نەنگی و فشار، بۆ باشترکردنی دۆخی ئێستا و بەرەو باشتر چوون، ئا ئەوە گەوهەری ژیانە بە سوپاسگوزارییەوە، ئا ئەوەیە مەبەست و ئامانجی دانایان لە ژیانێکی بەختەوەر و کامەران.

پیاوێك لەگەڵ کوڕەکەی بە سەفەر بەرەو شارێکی دوور دەچن، کەلوپەلەکانیان لەسەر پشتی کەرێك بار کردووە، لە نیوەی ڕێگادابوون کەرەکەیان قاچێکی شکا، پیاوەکە گوتی: ئەوەی خودا شاردوویەتییەوە گەورەترە. هەر یەکەیان کەلوپەلەکانی خۆی لەسەر پشتی کەرەکە هێنایە خوارەوە و لە ڕۆیشتن بەردەوام بوون... دوای کەمێك ڕۆیشتن ئەمجارە قاچی پیاوەکە بریندار دەبێ و توانای هەڵگرتنی هیچ شتێکی نامێنێ، ئەمجارەش باوکەکە گوتی: ئەوەی خودا شاردوویەتییەوە

گەورەترە. کوڕەکەی زۆر سەری لەو قسەی باوکی سووڕمابوو، لە مەبەستی تێنەدەگەیشت، بۆیە بە ناچاری کەلوپەلی خۆی و باوکیشی لە کۆڵ نا و دەستیان بە ڕۆیشتن کردەوە، دوای ماوەیەکی کەم لە ڕۆیشتن ئەمجارەیان مارێك بە قاچی کوڕەکەوە دەدات و دەیخاتە سەر زەوی و زۆری ئازاری پێ دەگەیەنێ، لە کاتێکدا ئەو ناڵەی ئازاری دەهات، باوکەکەی دەیگوت: ئەوەی خودا شاردوویەتییەوە گەورەترە. ئا لەو کاتەدا کوڕەکە لە بەرامبەر ئەو قسەیەی باوکی ئارامی نامێنێ و دەڵێ: باوکە ئایا لەوەی بەسەرمان هاتووە گەورەتر هەیە؟ باوکەکە وەڵامی ناداتەوە و دەست دەکەنەوە بە ڕۆیشتن، کاتێ دەگەنە نزیك شارەکە دەبینن ئەو شارە بوومەلەرزە لێی داوە و تەخت بووە و هیچی لەسەر هیچ نەماوە، باوکەکە بەئەسپایی سەیری کوڕەکەی دەکات و پێی دەڵێت: سەیرکە کوڕەکەم! ئەگەر ئەوەی لە ڕێگە بەسەرمان هات بەسەرمان نەهاتبا، ئەوا زوو دەگەیشتینە شارەکە و ئێمەش دەبووینە یەکێك لە لەناوچوانی ئەم شارە.

چرکەکانی زیان و زەرەر قبووڵ بکە، وەك چۆن بە چرکەکانی سەرکەوتن دەگەشێیتەوە، بە کەم ڕازیبە، وەك چۆن دڵخۆش دەبی بە بەدەستهێنانی شتێکی زۆر، ئەمە دادپەروەری نییە ئەگەر بێتوو هەموو ڕۆژێ هەموو کاتژمێرێك قازانج بکەیت، بەڵکو هەوڵبدە با لە ژیاندا هەموان سەرکەوتوو بن.

ڕێگە بدە با ئەوانی تریش وەك تۆ سەرکەوتوو بن و دڵخۆش بن، بواریان بدە وەك تۆ شانازی بە خۆیانەوە بکەن، ئەو

کاتەی بەشێك لە سەروەتەکەت لە دەست دەدەیت، وا بیر بکەوە کە ئەو بەشە چۆتە دەستی کەسێکەوە کە زۆر پێویستی پێبووە، ئەو کاتەش پرۆژەیەکی بە قازانجت لە دەست دەچێت، قبووڵت بێت و نزای سەرکەوتن بۆ ئەو کەسە بکە کە دەبێتە خاوەنی.

هەرچی پەروەردگار پێتی دەبەخشێ پێی ڕازیبە، ئەگەر بەخششێکی بچووکیش بێ. بە ئارامی و زۆر بە قووڵی هەناسەیەك هەڵمژە، تا سییەکانت پڕ دەکات، دواتر تا چەند چرکەیەك ئەو هەوایە بپارێزە، پاشان هەناسە بدە... چەند جارێك ئەوە دووبارە بکەوە، پاشان سەیری دەروونت بکە چی بەسەر هاتووە.

ئەوە دەبینی کە چۆن ئارامی و بێگەردی چۆن ڕۆحت دادەپۆشێ، ئەوە لە کاتێکدا جگە لە هەواهەڵمژین و دانەوەیەك هیچیتر نییە. ئەی گومانت بەرامبەر بە نیعمەتەکانی تر چییە؟ هەبوونی تۆ لە ژیان خۆی لە خۆیدا دیارییەکی گەورەی پەروەردگارە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی لە دەوروبەرت ڕوو دەدات بە سوپاسگوزارییەوە بژی، ئینجا دەبینی کە چۆن دڵخۆشی و شادی باڵ بە سەر ژیانتدا دەکێشێ و دەکەویتە نێو ئاشتییەکی کەم وێنە.

کەسە خۆشبەخت و کامەرانەکان خاوەنداریێتی باشترین شتەکانی ژیان ناکەن، بەڵکو ئەوان تەنها بە سوپاسگوزارانە لە شتەکان دەڕوانن، هەرچی دێتە ڕێگەیان وەك بەخششێکی گەورەی پەروەردگار سەیری دەکەن و پێی ڕازی دەبن.

# ڕێسای (2)
## خۆت خۆش بوێ

داخستنی دەروون و سەرزەنشتکردنی بەردەوامی دەروون، بێگەردی ڕۆحت ناهێڵێت و ڕێ لەوە دەگرێ وێنا ڕاستەقینەکەی خۆی ببینێ. ماف بە جەستەت بدە و ڕێزی تەواوی ئەندامەکانی بگرە، چونکە جەستە بریتییە لەو ئامێرەی کە بەهۆیەوە لە ژیان بەردەوامی.

لەگەڵیدا توند مەبە و زیاد لە توانای خۆی پێ هەڵمەگرە، هەرکات ڕێزی جەستەت گرت، ئەوا دڵنیابە ئەویش لە بەرامبەردا ڕێزت دەگرێ و بەرگەی خەمە جیاوازەکانت و میزاجە گۆڕاوەکانت دەگرێ، ڕێگە بە جەستە بدە تا لە فشارە سەپێنراوەکانی عەقڵ و بیرکردنەوەکانت بە دوور بێت و پشوو بدات.

پیاوێك بڕیار دەدات گەشتێکی دوورودرێژ بکات و ڕێییەکی زۆر بە پێ ببڕێ تا سەردانی دانایەك بکات کە لە پەرستگایەکی دووری ناوچەکەدا دەژیا، دوای ئەوەی دەگاتە لای پێی دەڵێ:

لە دوورەوە هاتووم بۆ لای تۆ، تا فێری دانایيم بکەیت. داناکەش دەستی دەگرێت و دەیبات بۆ سەر بیرێك، داوای لێ دەکات کە بە وردی و تێڕامانەوە سەیری ڕەنگدانەوەی

ڕووخساری خۆی لە ناو ئاوی بیرەکەدا بکات، لە کاتێکدا ئەو دەیویست داواکاری پیاوە داناکە جێبەجێ بکات، داناکە وردە بەردی دەخستە ناو ئاوی بیرەکە و وردە شەپۆلی وردی لە ڕووخساری پیاوەکە دروست دەکرد.

پیاوەکە بە داناکەی گوت: تا تۆ ئەو وردە بەردانە بخەیتە ناو ئاوەکەوە من ناتوانم ڕووخساری خۆم ببینم. داناکە وەڵامی دایەوە و پێی گوت: ئەوە یەکەم دەرگای داناییە.

خۆت خۆشبوێ، بەرد مەگرە ڕووخسارت، تا تۆ بەرد نەگریتە ڕووخسارت، ئەوا دڵنیابە ڕووخسارت بە پاك و بێگەردی دەمێنێتەوە.

خۆتت خۆشبوێ بە واتای ئەوە دێت کە لە هەڵخلیسکان و کەوتن لێی بترسی، هەروەها لێبوردە بیت بەرامبەری، تا ئەگەر هاتوو دووچاری هەڵەیەك بوو، جارێکی تر بتوانێ لە نوێوە هەڵبستێتەوە.

خۆتت خۆشبوێ واتە: بەرگەی هەڵگەڕانەوە و ئازارەکانی بگریت، لە کاتی خەم و خەفەتیشدا گوێ لە ناڵە و گریانەکانی بگریت.

خۆتت خۆشبووی بە واتای ئەوە دێ کە کرداری چاکەی فێر بکەیت، بە ئامانجی گەورە و کرداری بەرزیش نەبێ لێی ڕازی نەبی.

نەخۆشێك دەچێتە لای یەکێك لە پزیشکەکان و سکاڵای حاڵی خۆی و ژانەکانی کە لە هەموو شەوێکدا دووچاری دەبن، لای پزیشکەکە دەکات، ئازارەکانیشی ڕێك ئەو کاتە دروست

دەبن کە پەنجەی دەستی دەخات سەر جەستەی، پزیشکەکەش هەرچی پشکنینی پێویستە بۆی ئەنجام دەدا، بەڵام نە ئازارەکان وەستان نە نەخۆشییەکەشی زانی، بەڵام دواتر بە وردی لە جەستەی نەخۆشەکە ڕاما، بینی هۆکارەکە لە پەنجەکەیدایە نەوەك لە جەستە، ئازارەکانی جەستەشی هەمووی لە ئازاری پەنجەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە، پەنجەکەی ئازاری تێدایە، هەر کات دەیخاتە سەر هەر ئەندامێکی جەستەی ئازەکەی زیاتر دەبێت و وادەزانێ ئەو شوێنە ئازاری هەیە کە پەنجەی دەخاتە سەر.

## مۆمێك:

وا لە خودی خۆم دەکەم کە گوزارشت لە ڕۆحێکی بەختەوەر بکات و بە جۆرێك ئاراستەی دەکەم کە ژیانی خۆشبوێ، هەوڵ دەدەم لە کاتی دیداری کەسانی تردا لە ناخمدا گڕوتین و زیندوێتی و جۆشوخرۆش دابگیرسێنم.
ئەمەش کاریگەریی لەسەر ڕۆحم دروست دەکات و بە شادی و کامەرانی نیشانی دەدا.
زمانی جەستە بریتییە لە جۆشوخرۆش، لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر ئەوانی تر، وا لە دەوروبەرت دەکات یان قبوولت بکەن، یانیش ڕەتت بکەنەوە، خۆشیان بوێی، یانیش لێت دووربکەونەوە.
جووڵەکانی جەستەت گوزارشتن لە ڕۆح و ڕەفتار و کەسایەتی و هەڵوێستت لە ژیان.

# ڕێسای (3)
## گەنجینەکانت لە نێوانی دەستەکانتدان

هیچ باغ و بێستانێك لە ڕۆژهەڵات نییە، هیچ باغ و بێستانێك لە ڕۆژئاوا نییە..
بەو ڕێگەیەدا بگەڕێ کە لێوەی هاتووی، هەموویان لە ناختدا دەدۆزیتەوە.

"لاوتزو"

لە ناخی هەر مرۆڤێکدا چەندین گەنجینەی شاراوە هەیە، ئەو کاتەی تیرێکی ژیان دەیپێکێ، یان کە دووچاری کۆستێك دێ، ئەوسا پەردەی سەر گەنجینەکانی لادەچێ، تا ببنە چارەسەرێك و دەروون لە دارمان بپارێزن.
گەنجینە شاراوەکانی ناخی مرۆڤ ئەو کاتە بە دیار دەکەون کە خاوەنەکەیان دووچاری قەیران یان ئافاتێك دەبێ تا ببنە پارێزبەندێك و وەك زرێیەك لە بەرامبەر هەڕەشەی کاتە قورسەکان بوەستنەوە.
پەروەردگار هەرچی پێویستە لە ژیان لە توێشوو و وزە پێی بەخشیوین، تا یارمەتیمان بدات و بتوانین بەسەر پردەکاندا بپەڕینەوە و بەربەستەکانی ژیان ببڕین و لە ڕێڕۆیشتن بەردەوام

بین، هەروەها چەندان بەهرە و نهێنی گەورەی پێ بەخشیوین تا شادیمان پێ ببەخشێ و لە قورسییەکانی ڕۆژگار یارمەتیدەرمان بێ، کەواتە ئێمە خاوەنداریێتی هەموو هێز و وزەیەك دەکەین، بۆیە پێویستە ژیانمان پڕ بکەین لە ئاشتی.

گەنجینە گەورەکان لەگەڵ ئێمەدان، لە نێوانی دەستەکانماندا شاراوەن، تا هەمیشە وەك هێزێك ببنە پاڵپشتمان و لەو ئافات و ئازارانەی دووچارمان دێن هاوسەنگەریمان بکەن.

ئەو کارە باشانەش کە لە ژیانماندا بێ هیچ چاوەڕوانییەك لە بەرامبەر ئەنجامیان دەدەین، نیشانەی جێگیری و هەبوونی ئەو گەنجینانەن.

لە هیندستان، گێڕانەوەیەکی ڕەمزی هەیە تیایدا مرۆڤ بە کەر دەچوێنێ، کە چەندین توورەکەی پڕ لە زێڕی لەسەر پشتی خۆی بار کردووە و زۆر بە لەشقورسییەوە دەڕوات و هەرگیز چاوی لە ئاست ڕێگە دوورودرێژ و قورسەکەی بەرز ناکاتەوە تا ئەو گەنجینە بەنرخەی سەر پشتی ببینێ و بەهاکەی بزانێ.

## مۆمێك:

دەژیم و باوەڕم وایە منیش وەك هەموو مرۆڤێك، لە ناخەوە هەڵگری چەندین گەنجینە و توانا و وزەی شاراوە و هەڵگیراوم، کە چاوەڕوانی یەکێك دەکات تا دەرگای گەشەسەندن و درەوشانەوەی لێ بکاتەوە. مرۆڤ نهێنی نهێنییەکانە و گەورەترین دروستکراوە.

پەروەردگار دروستی کردووین و داوای لێ کردووین تا بە ناخی خۆماندا ڕۆبچین، بۆئەوەی نیشانە و نهێنییە گەورەکان بدۆزینەوە، وردبینەوە و لە گومان و دوودڵی بە دوور بین و توانا و وزە و خەونەکانمان لە مەترسی ڕزگار بکەین.

ئەو ئارامکەرەوەی لە ناخماندا بونیادی دەنێین، هەمان ئەو ئارامکەرەوەیە کە لە دەرەوەی ناخماندا پێی دەژین.

## ڕێسای (4)
## به دڵێکی سەوزەوە بژی

هەر کاتێ دڵت بە خۆشەویستی پڕ بێ، ئەوا ڕووخسار دەدرەوشێتەوە، ئەگەر لە دڵتدا پارێزگاریت لە قەدە دارێکی سەوز کرد، ئەوا دڵنیابە چۆلەکەکان دێن لەسەری هەڵدەنیشن و بە دەنگی خۆشەوە دەجریوێنن.

بەختەوەری خۆت لە شتی سادە و ئاسایی دروست بکە، بە دواییدا بگەڕێ ئەگەرچی لە پاشماوەی خانوویکی داڕوخاویش بێ، لە هەموو سووچ و ڕێگەیەك بە دوای بەختەوەریدا بگەڕێ و هیچ دەرفەتێك لە دەست مەدە، خۆت دروستکاری یەکەم بە و چاوەڕێی هیچ کەسێك مەکە بۆت دروست بکات، ڕێگە مەدە هیچ لە بری تۆ ئەو کارە ئەنجام بدات، هەرگیز ڕێگە بە ساڵەکانی ژیانت مەدە بە حەسرەتەوە لە ڕابردوودا بتهێڵنەوە، سەرنج لەو شتە بچووکانە بدە کە دەورەیان داویت، دەبینی کە چۆن دەبنە سەرچاوەیەك بۆ زیندوویێتی و بەختەوەریت و ڕۆژەکانی ژیانت گەشاوە دەکەن، لە هەموو شوێنێك بە دوای ئەو شتانەدا بگەڕێ کە وات لێ دەکەن شانازی بە چرکەساتەکانی ئەو ڕۆژەت بکەن کە تیایدا دەژی، پەروەردگار بۆ ئەوە دروستی نەکردووین تا بە سەرگەردانی بژین، بەڵکو

ئێمەی باوەڕدار شیاوی ئەوەین تا لە ژیانێکی بەختەوەر و خۆشدا بژین.

دەگێڕنەوە گوڵفرۆشێك هەبوو، بە جۆرێك هۆگری کارەکەی بووبوو هەموو ڕۆژێك چەپکە گوڵەکانی ئامادە کرد و بۆ کڕیارەکانی دەبرد، کاتێکیش لە هۆکاری ئەو کارەیان پرسی، گوتی: "من تەنها لەپێناو ئەوە ئەو کارە دەکەم تا ئەو کاتەی کە چەپکە گوڵەکانیان پێدەگەیەنم چێژ لە زەردەخەنەی کڕیارەکانم وەربگرم، ئەو زەردەخەنەیە ڕۆحم پڕ لە بەختەوەری و خۆشی دەکات، ئەمە لای من یەکسانە بە تەواوی گەنجینەکانی زەوی".

هەموو بەیانییەك زوو لە خەو هەڵدەستم، ڕۆژی پێشوو بڕیارم داوە کە ئەمڕۆم زۆر خۆشبێ، هەرچی لە سەرەتای ئەمڕۆدا ڕووبەڕووم دەبێتەوە پێی ڕازی دەبم، بە سینەیەکی فراوانەوە پێشوازی لە هەموو ئەو بەربەست و گرفتانەش دەکەم کە لە بەردەمم دروست دەبن، تەنانەت هەر کێشەیەك... هەموویان بە بەشێکی تەواوکەری ژیانم سەیر دەکەم.

بەختەوەری بڕیاری منە، تووڕەیی بڕیاری منە، لێ بژاردەی بەختەوەری بە دوا ئاستی ویست و حەزی خۆمە، بەڵام هیچ بوونەوەرێکی سەر ئەم زەوییە ناتوانێ تووڕەم بکات.

بەردەوام ژیانم دەکەم بە زەوییەك و تۆوی سوپاسگوزاری و ڕەزامەندی تێدا دەچێنم، تا هەمیشە بەختەوەری بدورمەوە.

بەردەوام دەرفەتەکانی بەختەوەری لە دەورمان دێن و دەچن، بەڵام ئێمە ئاگاداریان نین، ئەوان بێ جیاوازی لە دەرگای

هەمـوان دەدەن، ئەگەر بینیـان یەکێـك لە ئـێمە سـەرقاڵین ئەوا خۆمـان لـێ دەشـارنەوە و خۆیـان ون دەکەن. ئـێمە خـاوەنی کلیلەکـانی شـادومانین، هەر کـات توانیمـان هەسـتەکانمان بەو ئاراسـتەیە بجـوولێنین، ئەوا بەدڵنیـاییەوە ژیـانێکی نـوێی پـڕ لە سەرسامی دەدۆزینەوە.

هەرگیـز سسـتی لە ئەنجامـدانی ئەو کـارانەدا مەکە کە دیمەنێکی جوانی مرۆییان تێدا بەدی دەکرێ.

شـتە گەورەکـان کەڵەکەبـووی شـتە بچووکەکـانن، ئەگەر کانیاوەکان نەبوونایە، ئەوا هەرگیز ڕووبارەکان بوونیان نەدەبوو.

هەر شتێك جوانییەك بە دونیات دەبەخشێ گرنگـی پـێ بـدە، ئەگەرچی زۆر سادە و ئاساییش بێت.

## مۆمێك:

لە ژیاندا، سووربە لەسەر گرتنی وێنەی چرکەساتە خۆشەکان، چونکە هەر یەك لەو دیمەنانە بەخششێکی بەنرخی پەروەردگارە.

بە خۆشەویستی خەڵکەوە بژی، لەگەڵیان نەرمونیـان بە، بەردەوام لە کەوتنەکانیاندا هاندەریان بە بۆ هەستانەوە.

سـووربە لەسـەر لێبـوردەیی لەگەڵ دەوروبەرت، بە بەزەییـبە بەرامـبەر هەڵەکانیـان، هەمیشـە دەسپێشـخەربە بـۆ لێبـوردن و بەخشین.

سووربە لەسەر ئەوەی کە بە دڵێکی سەوزەوە ژیان بەسەر ببەی.

# ڕێسای (5)
## لێبوردەیی سیفەتی پاڵەوانانە

لێبوردەیی بریتییە لەو شەپۆلە ئارامانەی بە ناخماندا دێن و بەهۆیانەوەی دەست دەکەین بە لێبوردن لەوانی دی. بریتییە لە ئازادبوون لە هەستکردن بە برین و ئازار. لێبوردەیی بریتییە لەو هەستەی کە دەروونمان دەکات بە ئاوێنەیەکی پاك و بێگەرد تا پێشوازی لە ڕووناکییەکانی ئاسمان بکات.

لێبوردەیی بریتییە لە ئازادبوون لەو ئەندێشە و خەیاڵانەی کە بەردەوام پەیامی خراپ و سلبی بە گوێماندا دەدەن و پێمان دەڵێن کە ئێمە قوربانی ستەمی ئەوانی ترین، لە جیهانێکداین کە هیچ جۆرە دادپەروەرییەکی تێدا نییە...! لێبوردەیی کۆکراوەی هێزە ناوەکییەکانمانە.

ئەو کاتەی لەوانی دی دەبورین، بەم کردارەمان ئێمە خۆشەویستی بەسەر ترس و دڵەڕاوکێدا هەڵدەبژێرین، شیرینی لێبوردن لە بری تاڵی ڕقوکینە.. لێبوردەیی چارەسەرێکی لێوانلێو لە دڵنیاییە بۆ تەندروستی دەروون و جەستەمان، ئەو کاتەی ناشبورین، ئەوا لە ڕقوکینەدا سڕ دەبین.

بڕیاردان بە لێنەبوردن بڕیاردانە بە بەردەوامیدان بە گرفتەکان. لێبوردەییش وەك لاستیکی ڕەشکردنەوەی نووسینەکانە،

شـوێنەواری ئازارەکـانی ڕابـردوو دەسـڕێتەوە، ئازادبوونیشـە لە کۆتەکـانی تـرس و تـووڕەیی کە بەسـەر دەروونمانـدا فەرزمان کردوون، تاکە ڕێگەشمانە بۆ گەڕانەوە بۆ تەندروستییەکی باش و بەختەوەری.

دوو فێرخـواز لە بەردەم مامۆسـتاکەیان دەبێـتە دەمەقاڵەیـان و گرژی دەکەوێتە نێوانیان، تا دەگاتە ئەوەی هەستی یەکتر بریندار دەکەن، مامۆسـتاکە داوا لەو فێرخـوازە دەکـات کە هێرشـی کرایەسـەر لەو هـاوپۆلەی ببـورێ کە هێرشـی کردەسـەر، فێرخـوازەکە وەڵامـی دایەوە: مەحـاڵە لێـی ببـورم، چـونکە ئەو سەرەتا هێرشی کردە سەر من و برینداری کردم.

ئـا لەو کـاتەدا مامۆسـتاکە دەسـتەکانی بەرەو ئاسـمان بەرز کردنەوە و گوتی: پەروەردگاری من، ئێستا ئێمە ڕایـدەگەیەنین کە چیتر پێویستیمان بە تۆ نیـیە! بە چاودێریکردنـت بـۆ مـرۆڤ، چونکە ئێستا ئێمە توانـای ئەوەمـان هەیە کە ڕێگـری لە شـەڕ و هەڕەشـەی خراپەکـان بکەیـن، ئێسـتا توانـای ئەوەمـان هەیە کە تۆڵەی خۆمان بە دەستی خۆمـان وەربگـرینەوە، ئێسـتا تـۆ مـافی ئەوەت هەیە جێمان بهێڵی... بەو قسانەی مامۆستاکە فێرخـوازەکە پەشیمانی دایگرت و هەستی بە شەرمەزاری کرد کە داواکـاری مامۆستاکەی ڕەتکردەوە، دواتر لە براکەی خۆشبوو.

ڕووبەڕووبـوونەوەی "برینـدارکردن بە برینـدارکردن" هێـز و ئاستی متمـانە بەخۆبوونـت بـۆ بەرەنگـاربوونەوەی قورسییەکانی ژیان لاواز دەکات، ئەگەر خۆت لە دۆخێکدا بینیەوە و نەتتوانی بە بژاردەی لێبوردەیی ڕووبەڕووی براکەت ببیتەوە، ئەوا هەوڵبدە

به ئارامی و بێ توندی باسی هەستە برینداره‌کانی بۆ بکەیت، داوای لێبکە گوێت بۆ بگرێت، تا لەو تاڵییانە تێبگات کە تۆ بە هۆی کرداره‌کەی ئەو دەیچێژی.

ئەگەر دەروونت بە شتانێکی بچووك خەمبار و دڵتەنگ بوو، ڕۆحت لە ژیان ماندوو بوو، دڵت بە شتی زۆر سادە و لاوەکی تەنگ دەبێ، ئەگەر کەسێك هەیە و خراپەی بەرامبەرت کردووە و ئێستا لە چاوەڕوانی لێبوردنی تۆیە، ئەوا ئامۆژگاریت دەکەم کە دەستپێشخەری بکەیت و لێی ببوری.

ئەگەر دونیا لەبەر چاوانت تەنگ و بەرتەسك بووەتەوە، نە ئەم بەهارە، نە ئەو باڵندە قەشەنگە، نە جوانییەکی ئەم جیهانە زەردەخەنەیەك ناخاتە سەر لێوانت، هاوڕێکانت یەك دوای یەك خۆیان لە ژیانت دەدزنەوە و تۆش خەریکە بە خەمباری تەنیا دەکەوی، بەڵام کەسێك لە شوێنێك هەیە و چاوەڕێی لێبوردنی تۆیە، ئەوا لەپێناو خودی خۆت دەستپێشخەری بکە و لێی ببووره.

لێبوردەیی بەر لە هەموو شتێك لەپێناو دەروونی خۆمانە کە لە بیرمان کردووە، لەپێناو ئازادبوونە لەو خەم و ئازارانەی کە دووچاریان دێین.

لێبوردەیی گەڕانەوەیە بۆ بێگەردی ڕۆحەکانمان، سەرەتایەکە بۆ پاککردنەوەی دڵەکانمان، کە شیاوی ئەوەن لە ئارامی و سەکینەتدا بژین.

لێبوردن لە دەروونمان لە بەرامبەر هەڵە بچووکەکان، هۆکارێکە بۆ ئەوەی بوێری ئەوەی نەبێ هەڵەی گەورە ئەنجام بدات.

لەپێناو دەروونی خۆت، دەستپێشخەربە لە لێبوردەیی.
هاورێکەم پێی گوتم:
خۆشەویستەکەم دوای چرکەساتێك لە تووڕەیی مـن، بەجێی هێشتم، لێی خۆشنابم و نایبورم، تۆڵەی لێ دەکەمەوە!
لە ناخی خۆمدا گوتم: چارەسەری ئەوە تەنها کاتە، ڕۆژێك دێ لەو بێهیواییە ڕزگاری بێ، یانیش پەنجا ساڵ نـاخی خۆی دەخـواتەوە، دوای ئەوەی بیرکـردنەوەی نـاخی لە نـاو دەبـات، ڕۆژێك دێت، تا پێم بڵێ:
لێبـوردەیی ڕێـگەی کەسـە بەهێزەکـانە، سـیفەتی خـاوەن بەزەییەکانە!
سوکرات بەردەوام فێرخوازەکانی بۆ بیرکردنەوە هان دەدا، تا خۆیـان کێشـەکانیان چارەسـەر بـکەن، بەردەوام بـۆ تێگەیشتن پرسیارێکی ئاراستە دەکردن و پێی دەگوتن:
ئایا تووڕەییت دەتگەیەنێتە ئەنجام؟
ئایا بەو دۆخەی کە تیایدایت بەختەوەری؟
ئەوانیش دەستیان بە بیرکـردنەوە لەو بـێ هیـواییە دەکـرد کە دەروونـی خۆیـان خسـتبووە نـاوی، ئـا لەو کـاتەدا چرکەساتی گۆڕانکاری دەستی پێ دەکرد.
کێشەی تۆ لەگەڵ خۆتە، من تەنها هاوڕێیەکی تۆم، جگە لە قیبلەنمایەکی ئاراستەنیشاندەر هیچی تر نیم.
مرۆڤ بە تەنها خۆی دەتوانی ئاسوودەیی و بەخـتەوەری بۆ خۆی دەسـتەبەر بکـات، تـاکە کەشـتیوانی ژیـانی خۆشـی، هەر خۆیەتی!

## مۆمێك:

بڕیاری لێبوردنی گشتی و لێخۆشبوونی تەواوم دا، بەرامبەر هەموو ئەو کەسانەی لە ڕابردوو لە ئێستادا بە هەر ڕێگەیەك بێ خەمباریان کردووم.

دڵم بە ئەندازەیەك گەورەیە کە بتوانم لە خراپەی خراپەکان خۆشبم و ڕقوکینە لە دڵدا نەهێڵمەوە، پێڵوی چاوەکانم تا ئەو ساتەی دڵم وەك ئاوێکی شیرین بێگەرد نەبێ لێم نابورن، ئەوسا پڕ بە قووڵایی چاوەکانم دەخەوم.

لێبوردەیی بەهێزترم دەکات، ئارام و دامەزراوم دەکات، هەستی ئەوەم لا دروست دەکات کە من مرۆڤێکی باشترم.

لێبوردەیی وام لێ دەکات کە هەست بە ئازادی تەواو بکەم، کە ئەمەش سیفەتی پاڵەوانانە.

# ڕێسای (6)
# بێ بەرامبەر، کرداری جوان ئەنجام بدە

ئەو کەسەی گوڵ بەسەر ئەوانی دیدا دابەش دەکات، بەشێك لە بۆنی گوڵەکان بە دەستییەوە دەنووسێ

"پەندێکی پێشینان"

ڕێز لە هاوڕێکانت بگرە، بێ ئەوەی هیچ کەس بتبینێ، تەنانەت بە چپەش بۆ خۆتیشی باس مەکە، چاوەڕێی هیچ شتێکیش مەکە لە بەرامبەر ڕێزگرتنەکە.

یارمەتی کەسە نەناسراوەکان بدە، پرسیار لە ناو و ناونیشانیان مەکە.

براکەت لەو گرفتە ڕزگار بکە کە دووچاری بووە، بێ ئەوەی ئەو هەست بەوە بکات، هەرگیز ناسنامەی خۆتی بۆ ئاشکرا مەکە.

لە ناخەوە بۆ ئەو کەسە بپاڕێوە کە دووچاری خەمێك بووە، بە هیوای ئەوەی پەروەردگار بە هۆکاری نزاکەی تۆ ڕزگاری بکات، بەڵام پاڕانەوەکەت بە کەس مەڵێ.

بەشێك لە بەخششە پەروەردگارییەکانت بەسەر ئەوانی دیدا بڕێژە، بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ دیاری و دەستخۆشییەك بیت.

کەسێکی نامۆ لە قەیرانێکی گەورە ڕزگار بکە، هەر زووش لەبەر چاوەکانی ون بە.

غەمبارێـك دڵخـۆش بـكە، كـارەكەش بـدە پـاڵ كەسێكی نەناسراو!

ئەگەر ئەوەت ئەنجامدا...

ئەگەر توانـا و وزەی خـۆت لەپێنـاو دەوروبەرت خستەگەڕ، بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ بەرامبەرێك بكەیـت، ئەوا تاجێك دەخـرێتە سـەر وزە و تواناكانـت، هێـزی گەردوونـیش دەبێتە یارمەتیدەرت لە ژیان و لە ڕۆژە سەختەكان دەتپارێزێ.

لە شـەوێكی بارانـاوی، دوو هاوسـەری پیـر كە سـەرما و مانـدوێتی تەواو هیلاكـی كردبـوون ڕوو دەكەنە هوتێلێـك، فەرمـانبەری پێشـوازی كە گەنجێـك بـوو زۆر بە گرنگـی و گەرمییەوە بەخێرهاتنی كردن. لە كاتێكدا كە هوتێلەكە پڕبوو لە گەشـتیار و موشـتەری، بەڵام ئەو گەنـجە ژوور و بێخەفێكـی تـایبەتی بـۆ ئەو دوو هاوسـەرە پیـرە دابـین كـرد، ئەگەرچی لە سەرەتادا ڕەتیان كردەوە، بەڵام فەرمانبەرە بەڕێـزەكە سوور بوو لەسەر ئەوەی كە دەبێ ئەوان هەر لەو شـوێنەدا بـخەون، بەیـانی پیرەمێرد و پیرەژنەكە هاتن و ماڵئاواییان لە فەرمانبەرەكە خواست و پێیان گوت: "پێویستە تۆ ڕۆژێـك لە ڕۆژان ببیـتە بەڕێـوەبەری باشترین هوتێلی ئەمەریكا". دواتر پێكەنینێكیان بۆ یەكتری كرد و جیابوونەوە.

فەرمـانبەرەكە ئەو هەڵوێسـتەی خـۆی لەبیـر كـرد، بەڵام پیرەمێردەكە بیری نەچوو. دوای دوو ساڵ، لە نیویۆرك هوتێلێكی زۆر گەورە كـرایەوە، خـاوەنی ئەم هـوتێلە پیـاوێكی پیربـوو، لە ڕۆژی كردنەوەیدا ئەو گەنـجەش بانگهێشـت كـرا كە یـارمەتی

دوو هاوسەرەکەی دابوو، تا بێتوو بەشداری مەراسیمی کردنەوەکە بکات، کاتێك گەنجەکە گەیشتە ئەوێ، پیرەمێردێك هاتە پێشیەوە و پێشوازی لێ کرد و پێی گوت: "ئەم ئەو هوتێلەیە کە دەمەوێ تۆ تیایدا ببیت بە بەڕێوەبەر". هۆتێلەکە ناوی (والدرۆف ئەستوریا)یە کە خاوەنی ناوبانگێکی جیهانییە، بۆ ماوەی ٢٣ (جۆرج بۆڵدت) (گەنجە بەڕێزەکە) تیایدا بوو بە یەکەمین بەڕێوەبەر، تا ساتی وەفاتیشی زۆر دڵسۆزانە هەم بۆ هوتێلەکە هەم بۆ خاوەنەکەی کە والدرۆف ئەستوریا بوو کاری دەکرد.

کارکردن بۆ ئەوانی دی بەبێ هیچ چاوەڕوانییەك لە کەسی بەرامبەر، لە کۆتوزنجیری ژیانی ماددی ڕزگارمان دەکات، لە بەرامبەردا هەستێکمان پێ دەبەخشێ کە وەسف ناکرێ.

شتێکی پاك و بێگەرد لەپێناو دەوروبەرت ئەنجام بدە، ئەوسا ڕەحمەت و بەرەکەتی پەروەردگار دەبینی کە چۆن دەورت دەدا و لە گرفت و ڕۆژە قورسەکانی ژیان ڕزگارت دەکات.

## مۆمێك:

هەر کارێك بۆ دەوروبەرم ئەنجام بدەم، خۆم لە چاوەڕوانی سوپاس و بەرامبەر وەرگرتن ئازاد دەکەم، هەر کات توانیم خۆم لەوە ئازاد بکەم، دڵنیام ئەوسا ژیانم واتایەکی دەبێ.

# ڕێسای (7)
# ئەوانی دی، وەك خۆیان قبووڵ بکە

ئەگەر خۆم بە لێپرسینەوەی ئەوانـی دی سـەرقاڵ بـکەم، ئەوا کاتی ئەوەم نابێ تا خۆشم بوێن.

"دایکە تێریزا"

کەسانی دەوروبەرت وەك خۆیان قبووڵ بکە و ڕێگەیان بـدە خۆیان بن، لەسەر ئەوە سوور مەبە کە ببنە نموونەیەکی تەواویتی پێش ئەوەی خۆشت بوێن.

قبوولکردن واتە وەرگرتنی دەوروبەت وەك چۆن هەن، بەبـێ هیچ مەرجێك، قبوولکردنیـان بە سروشـت و حەقیقەتیـان، دواتـر هەوڵی ویستەکانی ناخمان بۆ گۆڕینیان تا ببنە ئەو کەسـانەی کە ئێمە ئارەزووی دەکەین و دەمانەوێ، بە سۆز و خۆشەویسـتی و میهرەبـانییەوە لەگەڵیانـدا بـژین، دوور لە هەمـوو تونـدوتیژییەك، هەروەها پەنجەرەکانی ژیانیان بە ڕوودا بکەینەوە تا باشـترین ئەو ڕەفتارەنەیان ببینین کە هەیانە، لە هەموو دۆخەکانیشدا لەسـەرمان پێویستە کە بەرگەی حاڵەت و تواناکانیان بگرین.

کەسە داناکان زۆر باش ئەوە دەزانن کە هەر کات بمـانەوێ کەسانی تریش وەك ئێمە بن، ئەوا بۆ ئەبەد لەدەستیان دەدەین.

هاوسەر و منداڵەکانم خۆشدەوێن و ڕێزیان لێ دەگرم، وەك چۆن هەن، وەك چۆن پەروەردگار دروستی کردوون، بێ هەوڵدان بۆ گۆڕینیان بەهێز و توندی تا ببنە ئەو کەسەی من دەمەوێ. هەوڵ دەدەم ئاستی متمانەبەخۆبوونیان بەهێزتر بکەم، تا هێزە شاراوەکانی ناخیان بدۆزنەوە و بەگەڕیان بخەن. یارمەتییان دەدەم تا گەنجینەکانی ناخیان بدۆزنەوە، هەروەك چۆن ئەو کارەم بۆ خودی خۆشم کرد.

لە ناخی منداڵەکانم خۆشەویستی پەروەردگار و خۆشەویستی کاری چاکە و پشتبەستن بە خود و چارەسەری ڕاجیاییەکان دەڕوێنم، تا لە یەکتری تێبگەن و ڕێزی بیر و بۆچوونەکانی یەکتر بگرن. هەوالی هێزی لێبوردەییان و توانای ئەو هێزە بۆ جوانترکردنی ژیانیان پێ دەدەم، باسێکی گەنجینەی قەناعەتیان بۆ دەکەم، پێیان دەڵێم کە چۆن بوونەتە دەوڵەمەنترینی گەنجینەکانی سەر ڕووی زەوی.

ڕۆژێکیان کوڕەکەم چوو بۆ باخچەیەکی ئاژەڵان و کاتێکی خۆشی لەوێ بەسەر برد، کاتێك گەڕایەوە ماڵ، پێنووسە ڕەنگاوڕەنگەکانی گرتە دەست و دەستی کرد بە کێشانی وێنەی ئەو گیاندارانەی لە میانی گەشتەکەیدا بینیبوونی. لە زەڕافەی ملدرێژەوە دەستی پێ کرد و پاشان باڵندە ڕەنگاوڕەنگەکان، دواتر پڵینگی جوان و فیل و تیمساح و لەق لەق، ئەوەشی بیرنەچوو کە وێنەی ئەو ماسییە ڕەنگاوڕەنگانە بکێشێ کە لە نێوان شەپۆلەکاندا مەلەوانی دەکەن.

پەروەردگار لە سەر شێوەی جیا و ڕەنگی جیا و توانای جیا

بۆ بیرکردنەوە و کارکردن دروستی کردووین، کەواتە بۆچی کەسانی دی ناچار بکەین کە هاوشێوەی ئێمە بن؟

زۆر لە ناخی مرۆڤەکان ورد بوومەوە، لە ناخی هەر یەکێکیان فریشتە و شەیتانێکم بینی، هەندێ جار فریشتەکە سەردەکەوت لەوەی مرۆڤەکە بەرەو خێر و چاکە ببات، هەندێ جاریش شەیتان کەسەکەی بەرەو خراپە و خۆپەرستی دەبرد. دواتر لە ناخی خۆمدا گوتم پێویستە وەك خۆیان قبوولیان بکەم، ئەمە پەروەردگاری جیهانیان بەم جۆرە دروستی کردوون، بەمەش ناخم جێگیر بوو و خەیاڵیشم ئارام.

## مۆمێك:

بڕیارم دا کە خۆم بە گۆڕینی سروشتی کەسانی دی سەرقاڵ نەکەم، لەگەڵ دەوروبەرمدا دەژیم و وەك خۆیان قبوولیان دەکەم، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ بەشێکیان ئاسوودەش نەبم، ئەگەر وا نەکەم، ئەوا تەمەن لە خەمی ئەوەی کە ئەوان وەك من نین بەفیڕۆ دەچێ. دەبێ دان بەوەدا بنێین کە پەروەردگار بۆ حیکمەتێکی گەورە هەر یەك لە ئێمەی جیاواز دروست کردووە، ئەو کاتەش ژیان جوانتر دەبێ، کە بەوشێوەیە بین، بەوشێوەیەی پەروەردگار دروستی کردووین و هەین.

# ڕێسای (8)
# سینەت پڕ لە خۆشەویستی بکە

تا ئەندازەی ئەو خۆشەویستییەی دەیبخەشی زیاتربێ، زیاتر وەردەگریتەوە..بەمەش نهێنییەکی گەورەی ژیانت بۆ ئاشکرا دەبێ: خۆشەویستی خۆشەویستی ڕادەکێشێ!...

بەرزترین دەستکەوتی تۆ ئەوەیە کاتێك خەڵکی خۆشیان دەوێی.

مرۆڤی نەمر بریتییە لە کەسێکی خۆشەویست.

ئەو کاتەی هەناسە هەڵدەمژی..

هەموو خانەکانی جەستەت پڕ بکە لە هەوا، دواتر بە هەناسەیەکی قووڵەوە هەناسە بدە، هەوڵ بدە هەست بە مێشکیشت بکەیت کاتێك هەناسە دەداتەوە.

خەیاڵبکە کە هەموو ژیان و وزە و هەموو جوانییەکی ئەم جیهانە دێتە جەستەی تۆوە و ئارەزووی ژیانت پێ دەبەخشن، لە قووڵایی هەموو خۆشەویستییەکانتەوە هەناسە هەڵمژە، ئەو خۆشەویستییەی جیهان پڕ دەکات، سینەت بۆ پێشوازی لەو خۆشەویستییە بکەوە، بۆ چەند چرکەیەك هەواکە لە ناو جەستەت بپارێزە، تا لەو وزە ئیجابییە بنۆشی، دواتر بیدەوە.

هەموو ڕۆژێ چەند جارێك ئەو کردارە دووبارە بکەوە، تا

فێری هونەری هەناسەدان بێت.

سێ خولەك هەناسەدانێکی ئارام و قووڵ، بە ڕۆحێکی مژدەبەخشانە لەگەڵ پشوویەکی تەواو و خاڵیکردنی زیهن لە بیرکردنەوە دەتگوازێتەوە بۆ جیهانێکی ڕۆحانی پڕ لە جێگیربوون و ئارامی و سەکینەت.

ئەو کاتەی هەناسە هەڵدەمژی..

خەیاڵبکە کە تۆ پێشوازی لە ویستی پەروەردگار دەکەیت، چونکە ویستی ئەو ئەوەیە کە تۆ بە ئارامی و ئاشتی و خێر لەم جیهانەدا بژیت.

بە سۆز و خۆشەویستییەوە هەناسە بدە، بە بیرکردنەوەی جوان و باش، کە دەبنە هۆی لێکنزیکبوونەوەی دڵەکان.

ئەو کاتەی هەناسە هەڵدەمژی..

خەیاڵبکە کە وزەت لەسەر خۆشەویستی و بەخشین لەگەڵ ئەو هەوایەی هەڵیدەمژی گەورە دەبن، دەچنە نێو خانەکانی جەستەت و بەم گەردوونە بەرفراوانەدا پەخش دەبن..

ئەوسا دەبیتە کەسێکی بەخشندە و زیاتر ئارەزووی بەخشین و لێبوردن لە دەوروبەرت دەکەیت.

هەروەها ئەو کاتەی بەو ڕێگەیە هەناسە دەدەیت، خەیاڵبکە کە تۆ پێشوازی لە نوورێکی پەروەدگار دەکەیت، تا دواتر بە سوپاسگوزارییەوە بەوانەی ببەخشی کە لە دەوروبەرتدا دەژین.

هەناسە هەڵمژینێکی هۆشیارانە ساتگەلێکی وات پێ دەبەخشن کە لە بەرزیدا هاوشێوەیان نییە، بە جۆرێك بەرز دەکەنەوە تا لە کامەرانی و ئاسوودەییدا نغرۆت دەکەن.

ئەو کاتەی هەناسە هەڵدەمژی هەوڵبدە بۆ ساتێك هەواکەی لە ناو سییەکانتدا بهێڵیتەوە، وەك ئەوەی تۆ بتەوێ لای خۆت بیهێڵیتەوە و هەستی پێ بکەیت..

لە کاتی دانەوەشدا، هەرچی خەم و خەفەت و حەسادەت و ڕقوکینە هەیە لەگەڵیدا لە زیهنتدا دەری بکە.

لەگەڵ هەر هەناسەدانەوەیەك ئەو بیرکردنەوە سلبیانەت وەدەربنێ، کە بوونەتە هۆی پەکخستنی ژیانت، تا ئاسوودە بژی.

لەگەڵ هەر هەناسەدانەوەیەك، ڕقلێبوونەوەت بەرامبەر هەر کەسێ وەدەرنێ.

یادگارییە خراپەکان، ئەزموونە تاڵەکان، هەموو کینەیەك کە ژیانتی ژەهراوی کردووە...وەدەریاننێ.

ئەو کاتەی هەناسە دەدەیتەوە و هەوای ناخت فڕێ دەدەیت، خەیاڵبکە کە تۆ ناخت لە هەموو ئەو کۆتوبەندانە ئازاد دەکەیت کە ڕێگرن لەبەردەم بەدیهاتنی خەونەکانت.

ئەو هەوایەی دەیدەینەوە بەرەو ئەو دڵنیاییە دەمانبات کە شتگەلێکی زۆر و زیندوو هەن بۆ بەدیهێنانی بەختەوەری.

هەموو ئەوانە لە دەوری ئێمەن، بەدەستهێنانیشیان ئاسانە، ئەگەر بمانەوێ زۆر ئاسان پێیان دەگەین، ئەوەش گرنگترینی وانەکانی ژیانە.

## مۆمێك:

ئەو هەوایەی لە هەمـــوو چرکەیەکـــدا هەڵیـــدەمژی، جـگە لە ژیانێکی تەواو کە دەچێتە ناو خانەکانی جەستەت و زیندوویتی و چالاکیت پێ دەبەخشن، هیچیتر نییە. بەپەرۆشـەوە پێشوازی لەو هەوایە بکە، وەك ئەوەی هاوڕێیەکی خۆشەویست بێت و بۆ دیداری پەرۆش بیت. هەناسە بدە وەك ئەوەی دەیەوێ کە ژیان بچێتە ڕۆحییەوە، خەیاڵی ئەوەش بکە کە تۆ بەم کردارە دەچیتە نێو ئەو ئەو نوور و خۆشەویستییانەی کە جیهان دادەپۆشێ.

# ڕێسای (9)
# خۆت لەگەڵ بارودۆخە سەختەکاندا بگونجێنە

کیسەڵەکان بە تەواوی زەویدا بڵاوبوونەتەوە، ئەمەش لەبەر ئەو هێزە ناوازەی کە هەیانە بۆ خۆگونجانیان لەگەڵ بارودۆخە سەختەکاندا.

بەڵام دایناسوورەکان لەبەر نەبوونی توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ پێشهاتە نوێکانی ژینگەکەیان هەر زوو لەناوچوون.

کەسێك بە قەیرانێکی توندا تێپەڕ دەبێ، دووچاری خەمێکی گەورە بووبوو، بۆ دەربازبوونی لەو گرفتە بیر لەوە دەکاتەوە کە سەردانی یەکێك لە هاوڕێ کۆنەکانی بکات کە بە کەسێکی دانا و ژیر بەناوبانگ بوو، تا بەهۆیەوە دڵی ڕووناك بێتەوە و لەو خەمە دەربازی بێ، کاتێك چووە لای باسی گرفتەکانی خۆی بۆ کرد، هاوڕێکەشی پێی گوت: تۆ بە ئەزموونێکی خەماوی تێپەڕدەبی، ئەو ئازارانەی دەیانچێژی بەشێکن لە چارەسەر، بەڵام دڵنیابە ئەو گرفتانەش تێپەڕ دەبن، وەك چۆن چەندان قەیرانی ترت لە ژیان بە ڕێ کردووە، بۆیە هەوڵبدە خۆت لەکەڵ بارودۆخە نوێکاندا بگونجێنە. دواتر ئاماژەی بۆ تەپۆلکەیەك کرد، بە دەستەکانیشی ئاماژەی بەو دارانە دا کە دەوری

تەپۆلکەکەیان دابوو، پاشان گوتی: ئەو ڕیزە دارەی دەیانبینی حەوت ساڵ پێش ئێستا چاندوونم، تا ئێرە لە با و گێژەڵوکە توندەکان بپارێزێ. ئەوان بە جوانترین شێوە گەورە بوون، جا بۆ ئەوەیماڵەکەشم لە ئاژەڵی دڕندە کە شەوان دزە دەکەنە ئەم ناوچەیە بپارێزم، نێوانی دارەکانم تەلبەند کرد، بەڵام دوای ساڵێك لە تەلبەندکردنەکە، بەشێك لە دارەکان بە هۆکاری دەورەدانی تەلەکە وشك بوون، بەڵام بەشێکیان ئەو گۆڕانەیان بە بەشێك لە خۆیان زانی و خۆیان لەگەڵدا گونجاند، بۆیە لە گەشە و ژیان بەردەوام بوون، بۆیە ئێستاش ئەگەر سەرنجی دارەکان بدەیت دەبینی کە چۆن بەشێکیان خۆیان لەگەڵ ئەو تەلە ڕەقەدا گونجاندووە، سەرەڕای ئەوەی چووەتە ناخیشیانەوە، بەڵام چەند دانەیەکیش بەهۆی خۆنەگونجان و قبووڵنەکردنی تەلەکە وشك بوون و کەوتوون.

هەرچی لە دەورماندا هەیە لە گۆڕانی بەردەوامدایە، هەر کاتێك خۆر هەڵدێ، ئەوا پەیامی ڕۆژێکی نوێ بە ئێمە دەدات، داوامان لێ دەکات کە خۆگونجێن بین لەگەڵ دەرفەتە ناوازەکان و سەرکێشی و خەمەکانی ئەو ڕۆژە.

هاوڕێکەم، بەبێ شڵەژان و بە سینەیەکی فراوان ئەو گۆڕانانە قبووڵ بکە کە لە ژیانتدا ڕوو دەدەن، ڕەنگە پەیامی ژیانێکی باشتریان بۆ تۆ هێنابێ، ئەگەرچی لەسەرەتادا پێشبینیکردنی ئەوە قورسە، بەڵام دڵنیابە ئەو ساتە هەر دێ، گۆڕان سوننەتێکی بەردەوامی ژیانە.

ئەو دەمەی بە گرفت و بارودۆخێکی سەختدا تێپەڕ دەبی،

واژووی پەیاننامەی ئاشتی لەگەڵ خودی خۆتدا ئەنجام بدە، لەگەڵ واقیعە نوێکانی ژیانتدا بژی.

ئەو کاتە چەند ئەزموونێکی ئازاربەخش دێتە ڕێگا، مەیانکە بە بیانووی دوورکەوتنەوە و خۆدوورەپەرێزگرتن لە ژیان، بەڵکو خۆگونجێن بە و لەگەڵ گرفتەکاندا بدرەوشێوە، ڕێگە مەدە بەسەرتدا زاڵبن، بەڵکو بەرەوپێشەوە درێژە بە ڕۆیشتن بدە.

## مۆمێك:

دووچاری هەر نەخۆشییەك بم، هیچ ناکەم تا نەڵێم: من ناشڵەژێم، ئەوە تەنها میوانێکە و کەمێکی تر لەلام دەڕوات، ئێستا کاتی ئەوەیە سوود لەو نەخۆشییە ببینم، تا بەهۆیەوە بەهای نیعمەتی جەستەیەکی تەندروست بزانم. نەخۆشی بۆ جەستەی مرۆڤ بە سوودە، چونکە جەستە لە خانەکان و لە میکرۆبە زیانبەخشەکان پاك دەکاتەوە و هەرچی زیادەی خراپی نێو ئەندامەکانی جەستەیە فرێی دەداتە دەرەوە، هەروەها ئاگادارکەرەوەیەکە بۆ مرۆڤ تا بەهۆیەوە گرنگی بە جەستەی خۆی بدات و چاودێری بکات، لەگەڵ ئەوانەشدا دەرفەتێکە بۆ ئارامبوونەوە و بەخۆداچوونەوەی دەروون، هەروەها خۆ ئامادەکردن بۆ گۆڕانکاری و سەیرکردنی شتە ئاساییەکان بە دیدگایەکی نوێ.

# ڕێسای (10)
## بەخشندەیی... یاسای بەرزی پەروەردگارە

لە ڕۆمـانی (بێنەوایـان)ی ڤیکتـۆر هۆگـۆ، "جـان فالجـان" دووچاری هەژاری و سەرشۆڕی دەبێ، شتێك نەمابوو دووچاری نەیەت، برسێتی و سـەرما خەریـك بـوو لەناویـان دەبـرد، بەڵام لەکۆتاییـدا پەنـاگەیەکی بچـووکی لای کەنیسـەی شـار دەسـتکەوت، پاسـەوانی کەنیسـەکە پێشـوازی لـێ دەکـات و خواردن و خواردنەوەی پـێ دەبەخشـێ، کاتێك بەیانی داهـات چەنـد پەرداخێکـی زیـو لە کەنیسـەکە دەدزێ، بەڵام هەر زوو پۆلیس دەستگیری دەکەن، کەچی پاسەوانی کەنیسە بە جۆرێك بەخشندەبوو بە پۆلیسی دەڵێ: ئەو پەرداخانەی نەدزیوون، بەڵکو بە دیاری پێمان داون.

لە بەخشندەیی ئەو پاسەوانە جان فالجان سەری دەسووڕمێ و دونیـای لـێ وێـك دێ، ئـاخر ئەوە چ بەخشـندەییەکە دڵـی ئەو پاسەوانەی پڕ کردووە، هەر لەو چرکەیەوە، جان بە ئێوارەیەکی جیاواز و کەسایەتییەکی جیاوازەوە ئێوارەی کردەوە، بڕیـاری دا تا بمێنی خۆی بۆ کاری چاکە و خێر تەرخان بکات.

توانایەکی زۆر باشی هەبوو لە هەڵێنجـانی ئەو بەخشـندەییەی

که لەناخیدا هەبوو..

لە هەر چرکەیەك ویستبای ئەو کارەی ئەنجام دەدا...

کاتێك ئەو کارەشی ئەنجام دەدا، وەك بڵێی کەسێکی تر، ڕێك بە ڕۆشنایی دەدرەوشایەوە.

باشترین ڕێگەی کردەیی بۆ خۆراکدان بە ڕۆحمان لەپێناو ژیانێکی باش، ئەوەیە کە هەموو بەیانییەك وەك کارێکی پیرۆز تۆی بەخشندەیی و بەزەیی لە ناخماندا ئاو بدەین، بەڵێنی لادانی تۆز و غوباری سەر دڵەکانیشمان دووپات بکەینەوە، تا بۆ بەردەوامی و هەمیشە بە بێگەردی و پاکی بمێنینەوە.

ڕاهێنانی قووڵبوونەوەش لە هەستی بێهیواییان بە دڵەکانمان ئەنجام بدەین.

دڵەکانمان پڕ بکەین لە بەخشندەیی و ئاودێرکردنی تۆی سۆز و بەزەیی بەسەر بێبەش و تێکشاواندا...

لەمیانی یەکێك لە وانەکان، مامۆستاکە دەبینێ یەکێك لە فێرخوازەکانی شتێك دەدزێ، فێرخوازەکانی تر هەموویان داوا لە مامۆستاکە دەکەن کە دزەکە بکاتە دەرەوەی پۆل، بەڵام مامۆستاکە داواکەیان ڕەت دەکاتەوە و وەڵامیان ناداتەوە، هەفتەی دواتر هەمان فێرخواز هەمان کردار دووبارە دەکاتەوە، فێرخوازەکان هەموویان هەراسان بوون و دەنگیان بەرز کردەوە و داوای سزادانی دزەکەیان کرد، دوای خوێندنەوەی ڕووخساری فێرخوازەکان، مامۆستاکە پێی گوتن:

کوا ژیری و داناییتان؟ پەروەردگار بەخشش و نیعمەتی جیاکردنەوەی ڕاست و هەڵەی پێ بەخشیون، بەڵام ئەو

فێرخوازەتان ئەو شتە نازانێ، جگە لە منیش کەسێك شك نابات فێری بکات، دە ڕێگەم بدەن با فێری بکەم.
ئا لەو کاتەدا فرمێسك بە چاوی فێرخوازەکەدا هاتنە خوارەوە، بەڵێنی دا کە هەرگیز ئەو کردارە دووبارە نەکاتەوە.

## مۆمێك:

خۆزگە چەکوشێکی جادووییم هەبوایە و هەموو ئەو بەردە ڕەقانەی کە لە سووچێکی دڵمدا جێگیرن بمشکاندبان..
خۆشەویستی پەروەردگار تەنها لە دڵە بەخشندەکاندا جێگیر دەبێ..
پێویستیم بەوە نییە کە بۆ سەلماندنی بوونی خۆم لەگەڵ خەڵکیدا بکەومە ململانێ و جەنگ،
ئەو دڵڕەقییەی لە کەسانی تری بەدی دەکەم، بریتییە لە ئەنجامی ترسان لە ژیان.
بەڵێنم بە خۆم داوە، لە دڵی خۆمدا چەند کانیاوێکی بەخشندەیی دەربدەم، تا هەر کات ویستم بەخشندە بم.

# ڕێسای (11)
# لە کاتی ئێستاتدا بژی

مرۆڤ شارەزایە لە تێکدانی جوانی دەمی ئێستای

"ئەلیکسەندەر جولیان"

ڕۆژێك دێت، کە تێیدا هەست بە پەشیمانی دەکەین، چونکە ڕێگەمـان دا بە ئاسـانی چـرکە جوانەکـانی ژیانمـان لە نێـو دەستانماندا تێپەڕبن، بە ویستی خۆمان خولەکە پڕ شـادییەکانمان بەفیـڕۆ دا، بە فـڕوفێڵەوە لەپێنـاو مانەوەمـان لەسـەر شـەپۆلەکانی بەختەوەری کارمان کرد.

لە ترسـناکترین کارەکانمـان، فێربـوون و شـارەزاییبوونە لە هونەری دەستگرتن بە چرکە و تـوانەوە و ئاوێتە بـوون، لەپێنـاو ژیـان تیایـدا و دوورخسـتنەوەی ڕازەکانمـان لە هەر شـتێك کە دەبێتە هۆی سەرقالکردنیان.

زۆر بە باشی ئەو چرکەیە بگرە کە تیایدا دەژی، چونکە ئەو چرکەیەت وەك چەخماخەیەکی پڕشنگدار تەواوی گەردوونـت بۆ ڕۆشن دەکات.

فەیلەسووفی بەریتانی "ولیەم بلیك" دەڵێ:

(ئـێمە لە توانامانــدا هەیە کە، ڕەهـا لە دەنکـۆڵە لمێـك و ئەبەدییەت لە گوڵێکدا ببینین).

تەرکیز خستنە سەر ئەو چرکەیەی کە تیایدا دەژی هونەرێکی گەورەی ژیانە و بەرفراوانییەکی بێ کۆتاییمان پێ دەبەخشێ، تا شتەکانی دەوروبەرمان بە جوانترین شێوە ببینین.

توانابوون بەسەر قۆستنەوەی ئەم چرکەیە و ژیان تیایدا، بەبێ چوون بۆ دەمی ڕابردوو، هونەرێکی گەورەیە.

زۆربەی خەڵکی لە دەمی ڕابردوودا جگە لە تارماییە سامناکەکان شتێکی تریان بیر ناکەوێتەوە، هەر بۆیەش دەکەونە نێو چەندین پرسیاری ڕاڕایی کە بە بیرکردنەوە کۆتاییان نایەت، بۆچی ڕوویان دا؟ لە هەمان کاتدا سەبارەت بە داهاتوویان چەندین پرسیاری دەخزێننە ناو زیهنیانەوە، پاشان دوای بەفیڕۆدانی ڕۆژانێکی درێژ و ژیانکردن لەگەڵ چەندین گرفت بۆیان دەردەکەوێ کە ئەوەی بیریان لێ دەکردەوە جگە لە وەهمگەلێك هیچیتر نەبووە.

گەڕان بە دوای چرکەساتەکانی خۆشی و کامەرانی، جۆرێکە لە نزا و پاڕانەوە و لە پەروەردگار نزیکمان دەکاتەوە، هەروەها هۆکارێکە بۆ چاندنی تۆوی ڕووناکی، ئەو ڕووناکییەی کە وامان لێ دەکات خەڵکمان خۆشبوێ و سووربین لەسەر خزمەتکردن و هەوڵدان بۆ بەختەوەرکردنیان، بەدڵنیاییەوە دانایی و بەخشندەییش خۆیان لەو چەند چرکەساتەی بەختەوەریدا حەشار داوە.

هەموو کارێکی جیاواز بەرهەمی ڕۆچوونێکی شەیدایانە و خۆشەویستانەیە بۆ ئەو کارە.

ئەمەش تەنها ئەو دەمە دێتە دی، کاتێك بە تەواوی لەو چرکەیە نغرۆ دەبین کە تیایدا دەژین.

هەموو چرکەیەکی ژیانت دیاریی و بەخششێکی گرانبەهای پەروەردگارە..

بۆیە بە توندییەوە دەستی پێوە بگرە و لە ناخی دڵتەوە ئاوێزانی بە، تا بە هەموو ئەندامەکانتەوە تیایدا بژی..

بە چەند کردارێکی مرۆڤانە ڕەنگاوڕەنگی بکە، تا خێر و بەرەکەتی بەسەر تەواوی دەوروبەرت پەخش بێ..

بە جۆرێك لە چرکەی ئێستادا بژی، وەك ئەوەی تەواوی ڕۆژگار پێکهاتبێ لەم چرکەیە.

زۆرێك هەن لەم چرکەیەدا لە هەوڵی بەدەستهێنانی هیوا و ئامانجە گەورەکانیانن..

زۆریشن ئەوانەی لە ئەمڕۆدا بە جوانترین شێوە ژیان دەگوزەرێنن، ئەی تۆ بۆچی یەکێك نابیت لەوان؟!

لەمیانی گەشتێکدا و لە کاتی نانخواردن، پیاوێك جانتاکەی دەکاتەوە، مۆزێکی تەواو خراپبووی تێدا دەردەهێنێ و دەڵێ: ئەم مۆزە مردووە و لە ژیان جیابووەتەوە. ژیانێك کە لە کاتی گونجاوی خۆیدا نەیقۆستووەتەوە. هەر بۆیەش لە کاتی خۆیدا مرد.. دواتر مۆزەکەی هەڵدایە لاتەنیشتێك. ئینجا دەستی خستەوە جانتاکەی و ئەمجارە مۆزێکی سەوزی دەرهێنا، مۆزەکەی نیشاندام و گوتی: ئەمە مۆزێکی ترە، ئەوەیان لە ژیان بەردەوامە، ئەمەیان لە چاوەڕوانی چرکەساتی گونجاوی ژیانی دایە، ئەویشی لە تەنیشتێکی خۆی دانا. لە کۆتاییدا مۆزە سەوز و پێگەیشتووەکەی هەڵگرت و تویکڵەکەی لێکردەوە و پارچە

پـارچەی کـرد و دابەشـی سـەر ئەو کەسـانەی کـرد کە لە نزیکییەوە دانیشتبوون، پاشان گوتی:

ئەمە ئەو چرکەیەیە کە تیایـدا دەژی، لەسـەر ئێمە پێویستە تیایدا بژین و چێژی لێ وەربگرین!

باڵندەکان بیر لە سبەی نـاکەنەوە، چونکە لەو ئامانجانەیاندا دەژیـن کە هەیـانە، هەر بـۆیەش ڕزق و ڕۆزییەکـی زۆریان لە هەموو لایەکەوە بۆ دێ.

هەرگیـز لە چەخماخەکـانی ڕوونـاکی کە لە ئاسـمانی بـێگەردەوە دەردەکەون بێئاگـا مەبە، بـێ گوێـدانە داهـاتوو و ڕووداوەکانی ڕابردوو..

ئێمە بانگەشەی وازهێنان لە داهاتوو ناکەین، بەڵام دەڵێین لەو چرکەیە بژی کە تیایدایت.

کاتی ئێستا تـاکە کـاتە کە بمـانگەیەنێ بە هیـوا و ئـاوات و ساتەکانی بەختەوەری.

ئەو کـاتەی لە ئێسـتادا دەژی، ئەو دەمەی هەمـوو گـرنگییەکەت بە چـرکەی ئێسـتات دەدەیـت، هەرچـی لە دەوروبەرت هەیە هەست بە زیندوویێتی تۆ دەکەن.

کاتی ئێستا حەقیقەتێکی دڵنیایە، ئەوەی ئێستا ڕوودەدات ئەوە گرنگە..

کاتی ئێستات تـاکە کـاتە کە دەتـوانی شـتێکی تێـدا بەرهەم بهێنی.

ژیان چەند وەرزێکە، هەر وەرزێکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەختەوەر ئەو کەسەیە کە بە تەواوی لە هەموو وەرزەکانیدا بژی..

بێ ئەوەی لە وەرزی ڕابردووی بژی و لە خەمەکانی وەرزی داهاتووی نغرۆ بێ.

هەروەها وەك چۆن هەموو وەرزێك میوەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە تا جەستەمان پێ ببوژێنێتەوە و لە نەخۆشی بمانپارێزێ..

بە هەمان شێوە، لە هەموو وەرزێك لە وەرزەکانی ژیانمان و قۆناغەکانی گەشەمان تایبەتمەندییەك هەیە پێویستە پڕ بکرێتەوە.

بە جۆرێك، بە تەواوی لە ژیانی منداڵیماندا ژیان بکەین، مافی گەنجێتیمان بدەین، تا ئەگەر گەورە بووین داناییمان گەشە بکات و جیهان بە ڕێگەیەکی جیاواز و نوورانییەوە ببینین.

یەکێك لە بیرمەندان گوتویەتی: کەسی ژیر و دانای ڕاستەقینە هەرگیز قبووڵ ناکات بگەڕێتەوە سەردەمی گەنجی، بە هەر نرخێك بێت.

ئەمەش دوای ئەو دێ کە دڵی بە حیکمەت و دانایی ڕۆشن دەکات، هەر بەو داناییەش سەیری ڕووداوەکان دەکات، جا هەر چۆنێك بن، بە ڕازیبوون و قبووڵ و سوپاسگوزارییەوە.

لەگەڵ ڕۆژە بەسەرچووەکانی تەمەنت سازانێك بکە، قبووڵیان بکە، تا ئەمڕۆت بە کامەرانی بەسەر ببەیت.

هەرگیز دەروونت مەبەوە بۆ ڕابردوو، نەبادا ساتەکانی ئێستا و ڕۆژانی داهاتووشت لێ زەوت بکات.

تۆ کوڕی ئەمڕۆیت، بۆیە بە بێگەردییەوە لە ئێستادا بژی، دوور لە هەموو کاریگەرییەکی ڕۆژانی ڕابردووت.

هێز و وزەت بۆ ئەمڕۆ بخەگەڕ، چونکە ڕابردوو وەك تراویلکەیەکە جگە لە چەند یادگارییەکی جوان هیچی ترت پێ نابەخشێ.

## مۆمێك:

ئەو ڕۆژەی کە تیایدا سەیری ڕابردووت دەکەیت دێت و دەڵێیت:

چەند ڕووداوێکی خۆش لە ژیانی ڕابردوومدا ڕوویاندا، بەڵام من تیایاندا نەژیام تا چێژیان لێ وەربگرم!

"ئیلینور ڕۆزفێلت" دەڵێ: دوێنێ ڕۆیی، سبەش نادیارە، ئەمڕۆش بریتییە لە دیاری.

# ڕێسای (12)
# دەروونت لە مەترسییەکان ئازاد بکە

ترسەکانتان لای خۆتان بشارنەوە، بوێرییشتان بۆ ئەوانی تر دەربخەن..

"دیل کارینگی"

مادام بیرت کردەوە و ڕاوێژت کرد، بە بوێری و سووربوونەوە بە ڕێگەکەتدا برۆ. گوێ بەو دەنگانە مەدە کە لە ناختەوە بەرەو ترس و چاوەڕوانی بانگهێشتت دەکەن، گومانەکانی دەوروبەریشت وەلا بنێ و لە ڕێگەکەت بەردەوام بە، دڵنیابە تەنها هەنگاوێکە و خۆت دەدۆزیتەوە، ئەوسا دەبینی کە چەندە لە ئامانجەکانت نزیك بوویتەوە.

ترس حاڵەتێکی ئاساییە لای هەموو کەسێك، بەڵام ئەوەی لەسەر ئێمە پێویستە ئەوەیە کە سەرەتا ئەو ترسە قبووڵ بکەین، پاشان ڕووبەڕووی ببینەوە و بەرەو پێش بچین.

قسە لەسەر شتە باشەکانی ژیانتان بکەن، ڕێگە بە ترس مەدەن لە ناختاندا جێگیربێ، چونکە ڕۆحی جیهان پێویستی بە بوێری ئێوە هەیە، کاتێکیش ئاوڕێك بەلای ڕابردوودا دەدەنەوە، دەبینن کە چۆن بەهۆی ترس و دڵەڕاوکێوە چەندین دەرفەتی ناوازەتان لە دەست داوە.

ئەو کـــاتەش کە بە بـــوێریەوە ڕەفتـــار دەکەن، دەبـــنە ئیلهامبەخشێك بۆ دەوروبەرتان تا ئەوانیش وەکو تۆ بن.

ترس و بەختەوەری هەرگیز بەیەکەوە کۆ نابنەوە.

بەختەوەری لە بوێریدایە.

ڕۆژێـك لە ڕۆژان سـەگێکی زۆر تینـوو دەگـاتە لێـواری ڕووبارێـك، کاتێـك دەیەوێ تینـوێتی خـۆی بشـکێنی و ئـاوی ڕووبارەکە بخواتەوە، وێـنەی سـەگێك لە ئـاوەکەدا دەبینـی (کە وێنەی خـۆی بـوو لە ئـاوەکەدا وێـنەی دابـوویەوە)، ترسـی لـێ دەنیشـێ، بەڵام لەبەر زۆر تینـوێتی جـارێکی تـریش هەوڵـی ئـاوخواردنەوە دەدات، ئەمجـارەش ترسـایەوە، بەڵام لە کۆتاییـدا دوای ئەوەی تینوێتییەکەی زۆری بـۆ دێنـێ، بە بـوێرییەوە بڕیـار دەدات کە ڕووبەڕووی وێـنەکە ببێـتەوە، کاتێـك چنگێکـی لە ئاوەکە دا، وێـنەی سـەگەکە نەمـا، دواتـر ئەویـش بە ئـارامی تـا تینوێتی شکا ئاوی خواردەوە.

زۆرن ئەوانەی لە دەوروبەرمانـدا دەژیـن و خـۆیـان بە چەنـد کۆتوبەندێکی وەهمی وابەستە کردووە، ژیانیان بە چەند مەترسی و گومـانێکەوە گرێـداوە کە تەنـانەت بوونیشـیان نییە. زۆریشـن ئەوانەی لە ناوماندا دەژین و بوونەتە دیلی چەنـد بیروبـاوەڕێکی کۆنی هەڵە، کە هەر لە منداڵییەوە لە مێشکیاندا نەخشێنراوە و بە هیچ جۆرێك ناسڕێنەوە.

پێیان گوترا: لە لێوار نزیك بنەوە..

گوتیان: نا، ناتوانین، لە کەوتنەخوار دەترسین.

بۆیان دووبارە کردنەوە: مەترسن، لە لێوار نزیك بنەوە..

پاشان بە هێواشی و ترسەوە نزیك بوونەوە، کاتێك گەیشتنە لێوار، پاڵێکیان پێوەنان..

لە بری ئەوەی بکەون، فڕین!

هیچ هێزێك بە ترسەکانت مەبەخشە، بە دڵێکی پڕ بوێرییەوە پێشوازی لە ژیان بکە...

ترسەکانت لەسەر لمی دەریا بنووسەوە، تا لەگەڵ شەپۆلی دواتر بسڕێنەوە و پێشوازی لە ژیان بکە، لە هەموو ئەوانە خۆت بە دوور بگرە کە تۆوی ترس و بیم لە دڵتدا دەڕوێنن و بەردی گومان دەخەنە سەر ڕێگات، لە دواییدا بۆت دەردەکەوێ کە زۆرێك لە ترسەکانت جگە لە وەهمێك هیچیتر نەبوون! داهاتووش بۆ ئەو کەسانەیە کە بە بوێری و متمانەیەکی زۆرەوە کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

## مۆمێك:

لەو هەڵانە ناترسم کە لە داهاتوودا ئەنجامیان دەدەم، چونکە هیچ دڵنیاییەك نییە تا هەموو جارێك من کاری دروست ئەنجام بدەم، گەورەترین هەڵە کە لە ڕابردوودا ئەنجامم دابێت ئەوە بووە کە لە ئەنجامدانی هەڵە ترساوم. هیچ کات دەریاکان نادۆزمەوە، جوانی جیهان نابینم، ئەگەر بە بەردەوامی و بە ڕاڕایی لە شوێنی خۆم بوەستم و لە شکست بترسم. ڕۆحم ئاوێتەی تەوژمی ژیان دەکەم و تەواوی هەوڵی خۆم دەخەمەگەڕ تا کارێکی دروست ئەنجام بدەم، بەڵام لە دوای ئەوە هەرگیز گوێ بەوە نادەم ئاخۆ سەرکەوتوو دەبم یان شکست دەهێنم، چونکە ترسان لە شکست بریتییە لە گەورەترین مردنی ژیان.

(هەر کات گەیشتیتە بڕیارێك و بڕیارەکەت دا، واز لە ڕاڕایی بهێنە و بۆ دواوە مەگەڕێوە و لێی پاشگەز مەبەوە، گومان لە ڕەفتارەکانت مەکە، ڕێگە بە گومان و وەهم مەدە بێنە سەر ڕێی بیرکردنەوەت، سەیری پێشەوە بکە، سوود لە ڕابردوو وەربگرە، پەلە بکە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکەت و گوێ بەکەس مەدە).

ویلیەم جیمس

## ڕێسای (13)
## پێشبینی کەماڵبوون بۆ هیچ شتێکی دەوروبەرت مەکە

ناخت لەو ئارەزووە ئازاد بکە کە ژیان بەو جۆرە بێت کە تۆ دەیخوازی، یانیش شتەکان بە گوێرەی ڕوانین و پێشبینییەکانی تۆ بەرجەستە بن، دڵنیابە هەرگیز بەو جۆرە نابێ! خۆت لەو هیوایە ڕزگار بکە کە هەموو دەوروبەرت وەك پێویست کارەکانیان بکەن، چونکە ئەوەش مەحاڵە، یانیش تەواوی کارەکان بە گوێرەی سیستەم بەڕێوە بچن، چونکە ئەوەش بەشێك لە وەهم و خەیاڵ. دەروونی خۆت بە چەند تێڕوانینێکی نموونەیی و میسالییەوە کۆت مەکە، بە چەند بیرکردنەوەیەکی پێشوەختانەش بەوەی کە مرۆڤەکان هەمووی بەو جۆرە بن کە تۆ ئارەزوو دەکەیت، مەژی، چونکە دووچاری بێ هیواییەکی بێ کۆتا دەبیتەوە.

خۆت لە هەموو ئەو بیرکردنەوە و تێڕوانینانە ڕزگار بکە کە وێنای ژیانت بە جۆرێك بۆ دەکەن وەك ئەوەی لەوپەڕی تەواویتی دابێت و هیچ کەموکورتییەکی نەبێ.

لە بەرامبەر دەروونتدا ئەوە ڕابگەیەنە کە ئەم ژیانە هەرگیز بێ خەم و خەفەت نابێ، هەرگیزیش پێشبینی ئەوە مەکە کە هەموو خەڵکی زۆر بە گرنگییەوە لێت بڕوانن، خۆشبەختی و

کامەرانیشت هەرگیز وابەستەی هیچ کەس و شتێك مەکە..

دڵنیابە لەوەی تۆ هەرگیز بە شێوەیەکی تەواو کارەکانت بە ئەنجام ناگەیەنی.

ڕێگە بە هیچ شتێك مەدە دەسەڵاتی خۆی بەسەرتدا زاڵ بکات، یان بڕیارت لەسەر بدات.

خۆت لەو شتانە ئازاد بکە کە بەندت دەکەن، هەمیشەش لە ئامادەییەکی تەواودابە تا خۆت لە هەر شتێك ڕزگار بکەیت کە دەتەوێ، لە هەر چرکەیەك دابێ.

لە وەهمێکی گەورەدا دەژی، ئەگەر پێتوابێ دونیا هەمیشە لەگەڵت دادپەروەر دەبێت و بە سۆز و موحیبەتەوە مامەڵەت لەگەڵدا دەکات.

لە وەهمێکی گەورەدا دەژی، ئەگەر وا بیربکەیتەوە کە خەڵکی هەموویان لەگەڵتدا دادپەروەر دەبن، هەموو ئەوانەش کە متمانەیان پێ دەکەیت لە کاتە سەختەکاندا بە هاناتەوە دێن، هەروەك چۆن ڕۆژێك لە ڕۆژان تۆ لە بەرامبەریاندا بەو شێوەیە بوویت.

بەبێ هیچ پێشبینییەکی خەیاڵاوی کە پێت وابێ ژیان هەمووی گوڵ و گوڵزارە بەرەو ژیان ڕێ بکە، دڵنیابە کە ڕۆژانەکانی ژیانت بێ چیرۆکی خەماوی و مافخوران و بێ هیوایی نابن.

لەگەڵ خەڵکیدا دادپەروەربە، بێ ئەوەی پێشبینی دادپەروەری لە هیچ کامیان بکەیت.

ئارەزووکردن لە کەمال و تەواویتی خەم و خەفەت دروست دەکات، چونکە بە دەستهێنانی کەمال مەحاڵە، بۆیە هەوڵی

بەدەستهێنانی باشترین بدە، دواتریش ڕۆژانە شتێکی بچووك لە ژیان زیاد بکە.

کاتێکی زۆر بە بیرکردنەوە بەسەر مەبە، لە هاوشێوەبووندا نغرۆ مەبە، کاتی پلان و هەڵگێڕووەرگێڕی کارەکانت کورت بکەوە، پەلە بکە لە دەستکردن بە کارەکەت، خەریکە تەمەن بەفیڕۆ دەڕوا...

وەك باڵندەیەك بژی کە هەموو بەیانییەك هێلانەکەی خۆی جێدەهێڵێ و زۆر بە پەرۆشەوە بە دوای ڕزق و ڕۆزیدا دەگەڕێ، بێ ئەوەی پێشبینی هیچ شتێك بکات، بەڵام بە هەموو شتێکیش ڕازی دەبێ..!

زۆر لە گرفتە سەختەکان ورد مەبەوە، چونکە دواتر چارەسەرەکەیان لەسەرت قورس دەبێ، هەروەها بۆ کەموکورتییەکانی ژیانیشت بە هەمان شێوە، زۆرێك لە شتە بچووکەکانیش فەرامۆش بکە و بە بەشێکی بچووکی ژیان لێیان بڕوانە.

هەرگیز لەگەڵ دەروونتدا جەنگی توند بەرپا مەکە، ژیانت بە ململانێ بەسەر مەبە، پێویست ناکات لە هەموو ئەو ڕستانە وردبیتەوە کە لەسەر تۆ دەگوترێن، یانیش لێپێچینەوە لەگەڵ هەر کەسێکدا بکەیت کە خراپەت بەرامبەر ئەنجام دەدەن، هەر کاتێکیش ئەو شتەت بیر هاتەوە کە نیتە، ئەوا پەلە بکە لە ژماردنی ئەو نیعمەت و بەخششانەی کە خاوەنداریتیان دەکەیت..!

# ڕێسای (14)
# ژیانێکی ڕاستەقینە بژی

خۆشترین ڕۆژی ژیانی ئەو ڕۆژە بوو کە لە لێواری ئاوێکی تەنك و خاوەن ئارامییەکی ساختە، گواسترایەوە بۆ قووڵایی دەریاییەکی بێگەرد..

ئەوکاتەی لە لێوارێکی پڕ ژاوەژاو و لای نەورەسە برسییەکانی دەریا و با و شەپۆلەکان گواسترایەوە بۆ ناوەوە، تا ژیانێکی ڕاستەقینە بژی..

دوای ئەوەی هات و هاواری بوونەوەرەکانی دەرەوەی جێهێشت، تا بە ئارامی و لە ئاشتییەکی تەواو لەگەڵ ناخیدا بژی.

بە جۆرێ بژی کە ژیانت واتا و قووڵبوونەوەی لە گەوهەری ژیان تێدابێ..

سەرنج بخە سەر دواوەی وێنە و شێوەکان، ئەو کاتەی ژیان بەرەو دوور دەتبات، بەرەو چرکە و ساتە بەرزەکان..

فێرخوازێك بۆ سەردانی مامۆستاکەی دەچێتە زانکۆ، لەوێ سکاڵای حاڵی خۆی لا دەکات، کە چۆن دوودڵی و خەم و خەفەت تەنگی پێ هەڵچنیوە، مامۆستاکە بێ ئەوەی هیچ بڵێ ویستی فنجانی پڕ لە قاوەی پێشکەش بە فێرخوازەکەی بکات، بەڵام بەر لەوەی پێی بدات، داوای لێکرد کە لەو سێ فنجانەی

لای بوو یەکێکیان دەستنیشان بکات، کە یەکێکیان زۆر گران و یەکێکیان مامناوەند و یەکێکیشیان هەرزان بوو، فێرخوازەکەش گرانترینی دەستنیشان کرد، مامۆستاکە پێی گوت: سەرچاوەی کێشەکانمان دەستنیشانکردنی فنجانی گرانە، چونکە فنجان هیچ شتێك لە قاوەکە زیاد ناکات، بەڵکو تەنها نرخەکەی بەرز دەکاتەوە، لە کاتێکدا ئەوەی ئێمە پێویستمانە قاوەکەیە نەوەك فنجان..!

ڕواڵەتە ساختەکانی ژیان وەك: سەروەت و سامان و ناوبانگ... ئەمانە تەنها بریتین لە فنجان، تەرکیز خستنە سەر فنجانەکەش وامان لێ دەکات شکست بهێنین لە چێژوەرگرتن لە قاوەکە.

دوور لە ڕواڵەتیان بە دوای گەوهەری و کاکڵەی شتەکاندا بگەڕێ. چاوەکانت بخە سەر قووڵایی دەریا، چونکە هەر لەوێ مرواری و گەنجینە شاراوەکان دەدۆزرێنەوە، بە ڕەنگ و بۆی دەرەوەی هیچ شتێ خۆت سەرقاڵ مەکە، بەڵکو گرنگی بە حەقیقەتی شتەکان بدە، بەرەو قووڵایی ڕێ بکە، هەرگیز ڕێگە نەدەیت ڕواڵەت ساختە و سەرنجڕاکێشەکان وات لێ بکەن کە نهێنییە گەورەکانت لەبیر ببەنەوە، کە هەمیشە لە دووری لێوار دەدۆزرێنەوە.

بە دوای واتا گەورەکانی دواوەی وشەکاندا بگەڕێ، مرۆڤە ڕاستەقینەکان ببینە، لە ژێر دیوار و کەلەکە دارماوەکانی ڕووداوەکانیش بە دوای کرۆکی ژیاندا بگەڕێ.

# ڕێسای (15)
## لەگەڵ دەوروبەرت بەسۆز و نەرمونیان بە

لە نەبوونی سۆز و نەرمونیانی و گەرموگوڕیی مرۆڤایەتی، ژیان لەپێناو مانەوەدا زۆر قورس دەبێ.

"پاولۆ کۆیلۆ"

یەکەمین شت کە دوای هەستانی لە خەو گرنگی پێ دەدا بریتیی بوو لە چاودێریکردنێکی وردی پۆلی یەکەم لە پاسەوانی ڕۆحی..

یەکەم: دڵی لە دۆخێکی بەئاگاییدا بێ، تا لە حاڵەتی سۆز و نەرمونیانی بەرامبەر گشت بوونەوەرەکان دەرنەچێ.

دووەم: پاڵنەری سەرەکی بریتیی بێت لە نییەتێکی باش، بە جۆرێك خێر و چاکەی بۆ تەواوی مرۆڤەکان هەبێ.

دڵت بکە بە سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووی سۆز و خۆشەویستی بەرامبەر بە کەسانی تر، تۆوی هیوا لە ناخیاندا بڕێژە و پێیان بڵێ: دونیا تا ئێستاش باش و هیوابەخشە، سۆزت بکە بە ڕێگەیەك بۆ دڵی خەڵکی، دوور لە هەموو جەور و توندییەك.

ئەو دەمەی میلی کاتژمێر لە وادەی دیاریکراوی گەشتکردنت لە دونیا نزیك دەبێتەوە، لە هەموو چرکەکان بە ئازارتر کە بۆیان پەشیمانیت، ئەو چرکانەن کە تیایدا سۆزێکت بە خۆشەویستان نەبەخشیوە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی ڕووبەڕوویان دەبیتەوە کاری چاکە ئەنجام بدە و سۆزیان بۆ بنوێنە، وەك ئەوەی کە تۆ کەسێکی زۆر گرنگ و بە بایەخ بیت.

بەجۆرێك هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکە کە پێیان دەگەیت، وەك ئەوەی کە جارێکی تر نەیبینیتەوە.

لە لێواری ڕووباری (بیدرا) لە ئیسپانیا کوخێکی بچکۆلانە هەیە کە بە سەوزایی مێرگێك دەورە دراوە، لەوێش ڕووبارێکی تر هەیە بەسەر چەند جۆگەلەیەکی بچووکدا بەش بەش بووە، هەر جۆگەلەیەکیش بۆتە تاڤگەیەکی جوان و لەسەرخۆ، گەشتیار کاتێك ئەو دیمەنانە دەبینی دەچێتە جیهانێکی تر، هەر تاڤگەیەك لەو تاڤگانە بە نەرمونیانی و لەسەرخۆیان ئاوازێکی ناوازەیان دروست کردووە، هەر کە گوێبیستی ئەو دەنگە دەبێ سەرنجی دەچێتە خوارەوەی تاڤگەکە، تا بزانێ ئەوە چ شتێکە بۆتە هۆی دروستبوونی ئەو ئاوازە، لە خوارەوەش چەند دێرە شیعرێکی شاعیری گەورە "ربندرانات تاگۆر" هەڵکۆڵدراون: چەکووش وای لەم تاوێرە نەکردووە تا بەو شێوە جوان و تەواوە دەربکەوێ، بەڵکو ئەوە شیرینی ئاوەکەیە، چونکە توندی تەنها وێرانکاری دەناسێ، بەڵام نەرمونیانی نەخش دروست دەکات..!

(هەرگیز ڕێگە مەدە کەسێك بێتە لات دواتر بڕوات و هەست بە دۆخێکی باشتر لەوەی پێشتری نەکات)

تێریزا

# ڕێسای (16)
## هەڵوێستی ئیجابییانە لە ژیان

هەڵوێستی ئیجابی بریتییە لە حاڵەتێکی میزاجی باش، هەمان ئەو میزاجە دەبێتە ڕەنگدانەوەیەك تا جیهان بە جۆرێکی تر ببینی، لای کەسانی تریش زۆر سەرنجڕاکێش و ناوازە دیاربکەوێ، بە هەڵوێستی ئیجابی مرۆڤ دەتوانێ بەرامبەر بە تەواوی جەنگەکانی ژیان بوەستێتەوە.

"ئەبراهام لینکۆلن" دەڵێ: مرۆڤ بەو ئەندازەیە هەست بە ئاسوودەیی و بەختەوەری دەکات کە بۆی ئامادەیە، ئەگەر تۆ نەزانی ئەمڕۆت باشترین ڕۆژی ژیانتە، ئەوا باشترینی ڕۆژەکانی ژیان لە دەست دەدەیت.

ژنێکی چینی بە دەست زۆرداری و ئازاری خەسووەکەی دەیناڵاند، کە بە هیچ جۆرێك خراپەکانی کۆتایی نەدەهات، بە گوێرەی نەریتە چینیەکانیش بووك پێویستە سەرجەم داواکارییەکانی خەسووی جێبەجێ بکات، ئەم ژنە ماوەیەکی درێژ بەم جۆرە ژیان بەسەر دەبات و ئارام دەگرێ، تا ئەوەی ستەمی ئەو خەسووە لە سنوور دەردەچێ.. بووکە ناچار دەبێ پەنا بباتە بەر پیاوێك بە ناوی "هوانج" کە دەرمانی سروشتیی دروستکراو لە گژوگیای دەفرۆشت، حاڵی خۆی بۆ باس

دەکات و دواتر داوای لێ دەکات کە دەرمانێکی ژەهراوی پێ بدات و لە ستەمی خەسووەکەی ڕزگاری بکات. ئەو پیاوە ماوەیەکی باش بیری کردەوە، دواتر بەو ژنەی گوت: باشە، من یارمەتیت دەدەم، بە مەرجێك بە باشی گوێم لێ بگریت و هەرچی من دەیڵێم جێبەجێی بکەیت، دواتر چووە ژوورە بچووکەکەی و دەرمانێکی هێنا، سندوقێکیش هێنا کە چەند شووشەیەکی تێدابوو، دەرمانەکەی خستە ناو یەکێك لە شووشەکان و دایە دەستی ژنەکە، پێی گوت کە هەموو ڕۆژێك دڵۆپەیەك لەو دەرمانە بخاتە ناو ئەو خواردنەی کە بۆ خەسووی ئامادەی دەکات، بە مەرجێ هەندێ ڕەفتاری خۆی بگۆڕێت و خۆی نەرمونیان پیشان بدات، تا خەسووەکەی هەست بەوە نەکات کە دەرمانی بۆ لە خواردنەکە کراوە.

هەروەها پێی گوت: پێویستە هەرچی داوای کرد بۆی دابین بکەیت و زۆر بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت.

ژنەکە زۆر بەوە دڵخۆش بوو، تەواوی ڕێنماییەکانی پیاوە دەرمانفرۆشەکەی وەك خۆی جێبەجێ کرد.

سێ مانگ تێپەڕی، ژنەکە هەستی بە ئارامییەکی زۆر دەکرد لەگەڵ خەسووەکەیدا، لە بەرامبەریشدا هەڵوێستەکانی خەسوو تەواو لە بەرامبەر بووك گۆڕان، تا وای لێ هات زۆر یەکتریان خۆشدەویست، بێ یەکتری ئۆقرەیان نەدەگرت، کاتێك ژنەکە هەستی بەو هەموو گۆڕانکارییە کرد بە پەلە چوو بۆ لای دەرمانسازەکە و داوای لێ کرد کە دەرمانێکی تری پێ بدات تا کاریگەری ژەهرەکە ڕابگرێت و خەسووەکەی لە مردن

بپارێزێ، دەرمانسازەکە کە گوێبیستی داواکاری ژنەکە بوو زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: ئەوەی بە تۆم دا ژەهر نەبوو، بەلکو چەند دلۆپە ئاوێکی ئاسایی بوون، ژەهری حەقیقی لە زیهن و مێشك و شێوازی مامەلکردنی تۆدابوو، بەلام کاتێك خۆشەویستی و چاودێریت خستە مێشکت، ژەهرەکە شورایەوە و بوونی نەما، بەمەش ڕەفتارەکانی خەسووەکەت گۆڕانیان بەسەردا هات و دۆخەکە بە تەواوی گۆڕا.

ئەو دەمەی توانای ئەوەت هەیە کە چەند کێشەیەك لە بەرۆکی خۆت بکەیتەوە، ئەو موعجیزەیەت بیربێ کە تۆ بە سەلامەتی تیایاندا دەرچوویت، هەروەها ئەو کاتانەت بیربێ کە چەند هەلوێستێکی جوان دێنە بەردەمت، سەیری جیهانیش بکە کە چۆن جیهان خێر و خۆشیت بەسەردا دەبارێنێت، جیهانێکی پڕاوپڕ لە داهات و دەرفەت، کە ڕەنگە بەشی خۆشبەختی و کامەرانی هەموو مرۆڤایەتی بکەن، بیریشت نەچێ کە سەیرێکی سروشت بکەیت، کە بەردەوام جوانی دەبەخشێتەوە.

هەلوێستمان لە ژیان بەرامبەر بە جیهان، بریتییە لە خالی بڕیاردانمان لەسەر کامەرانی و بەختەوەریمان، هەر ئەویشە هۆکاری هەلگیرسانی بوێری و جۆشوخرۆش بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئەنجامدانی کارەکانمان، ئەو دەمەی بە مێشك و زیهن لە بەیانییەکی نوێدا بەرەو سەرکەوتن و بەختەوەری هەنگاو دەنێین، ئەوا واتای ئەوەیە کە ئێمە نیوەی ئامانجەکەمان لە ڕۆژێکی نوێدا بەدەست هێناوە.

ژیان گەشتێکی بەردەوامە بۆ پەڕینەوە و بڕینی چال و

بەربەستە ئاڵۆزەکان، هەندێ جار پشووەکانی سەر جۆگەڵ ئاوێکی شیرین دەپچڕێنن.

ژیانیش بەردەوام بە دڵی تۆ نابێ، سەرجەم نەهامەتییەکانیش بە هۆکاری ڕووداوەکان نین، بەڵکو ١٠% خراپی ژیانمان بە هۆکاری ڕووداو و پێشهاتەکانە، بەڵام ٩٠% هۆکارەکەی بۆ ئەو کاردانەوە و مامەڵانە دەگەڕێتەوە کە لە بەرامبەر ڕووداوەکاندا ئەنجامیان دەدەین، بۆیە هەر کات هەڵوێستەکانمان بەرامبەر بە ڕووداوەکان ئیجابی بن، ئەوا بە دڵنیاییەوە ٩٠% فشارەکان زۆر بە ئاسانی لەسەر خۆمان لا دەدەین، بەتەواویش بەسەر ژیان و بەختەوەریماندا زاڵ دەبین.

لەم سەردەمەدا، ترسناکترین کاری مرۆڤ بریتییە لە:

چاککردنی توانای خۆگونجانی ئیجابی خێرا لەگەڵ ڕووداوە سلبییە کتوپڕەکاندا و چۆنییەتی ژیان لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ژیاندا.

ئامادەکردن و کردنە PDF
ڕۆژگار کەرکوکی

# ڕێسای (17)
# جیهانی ناوەوەت بەهێز بکە

بەختەوەری جگە لە هەستکردن بە ڕەزامەندی کە لە ناخەوە سەرچاوە دەگرێ، هیچی تر نییە.

ئەگەر تۆ لە کەسانی دەوروبەرت ڕازی نیست، بەدرێژایی کاتەکانت لێیان بێزار دەبیت، ئەوا دڵنیابە هۆکارەکەی ئەوەیە کە تۆ بۆ بەختەوەری خۆت پشت بە ئەوان دەبەستیت، هەروەها لەبەر ئەوەیە کە تۆ بەردەوام داوایان لێ دەکەیت کە بۆ گرنگی پێدانت لە ئامادەگی تەواو دابن. خاڵی سەرەکی کێشەکە لەوەدایە کە ئێمە ئەوەمان لە بیرکردووە کە بەختەوەری خۆمان ئەرك و بەرپرسیاریەتی کەسی خۆمانە.

بۆیە با ڕەزامەندی لە ناخی خۆتەوە سەرەچاوە بگرێ.

جیهانی ناوەوەی خۆت بەهێز بکە و لە هەر بیرۆکەیەکی سلبی پارێزگاری لێ بکە، بە هەمان شێوە بۆ ناخت ببە بە پارێزبەندێکی پتەو تا لە هەر هۆکارێکی سلبی کە لە جیهانی دەرەوە ئاراستە دەکرێ بیپارێزیت، هەستەکانیش لە وزە و توانا سلبیەکان بپارێزە، ئەو وزە و توانایانەی کە لە حاڵەتی مەعنەوی و ڕێز و بەهات کەم دەکەنەوە، ئەگەر کەسێك بە بێ هیچ

هۆکارێك تۆی بریندار کرد، ئەوا دڵنیابە لەوەی کە ئەو کەسە کێشەی لەگەڵ خودی خۆیدا هەیە.

ئەو دەمەی داری حەیزەران دەڕوێنی، ئەوا تا پێنج ساڵ ئەو دارە ڕەگەکانی بە ناخی زەویدا ڕۆ دەچن، تا بتوانێ هێزێکی بنچینەیی پتەو بۆ خۆی دەستەبەر بکات و بناغەیەکی تۆکمە بۆ قەدەکەی بونیاد بنێ، دوای تێپەڕبوونی ئەو چەند ساڵە ئینجا دەست دەکات بە گەشەی بەشی دەرەوەی، هەندێ جار درێژیی بەشی دەرەوەی دەگاتە (٣٥) مەتر. داری حەیزەران وانەیەکی گەورەمان پێ دەبەخشێ، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ پێویستە سەرەتا لە ڕێگەی هەوڵی بەردەوام و ئارامگرتنەوە ناخی خۆی بەهێز و پتەو بکات، تا لە کۆتاییدا لە بەرامبەر هەر گەردەلوولێکی دەرەکی ژیان بێ نیاز و خۆڕاگر و چەسپاو بین.

ئەو دەمەی بە قووڵی ماهیەتی هەر شتێك دەزانی و بە هۆگری و شەیدابییەوە لە ناخی دڵتەوە خۆشت دەوێ، ڕووخسارت دەگەشێتەوە و زەردەخەنەیەکی جادوویی دەکەوێتە سەر لێوانت و دەبیتە جێگەی سەرنجی دەوروبەرت، سەرنجڕاکێشی کەسایەتیت وزەیەکە و لە ناختدا هەڵدەقوڵێ، گومانت نەبێ لەوەی کە هەر کات بە ڕووناکی و شەوقی ناختەوە بە ئاراستەی دونیا هەنگاو بنێی، ئەوا کاریگەری کەسایەتیت بە ئاشکرا لەسەر کەسایەتییەکانی تری دەوروبەرتدا دەبینی.

هەرگیز کامەرانی خۆت وابەستەی قسەی دەوروبەر و بیروباوەڕی کەسانی دەوروبەرت مەکە، چونکە بیروبۆچوونی

ئەوان گوزارشتە لە کەسایەتی خۆیان، ئەوان بەو جۆرە دەدوێن و ڕەفتار دەکەن کە لە بەرژەوەندی خۆیان دابێ، بۆیە ڕێانت بەوانەوە گرێ مەدە.

**مۆمێك:**

**با بەختەوەری و کامەرانیت گرێدراو و وابەستەی کەسایەتی و هێزی ناوەوەی خۆت بێ، چونکە هەموو شتێکی گەورە لە ناخی خۆتەوە دەست پێ دەکات.**

# ڕێسای (18)
# با ئەوانی تریش لە بەهرە و بەخششەکانت سوودمەند بن

ئای چەند سواڵکەرێکی بەشکۆیە..

لە ساتە سەخت و دژوارەکاندا هەر بە تەنها چارەسەری خەمەکانی دەکات.

لە ساتە شاد و کامەرانەکانیشدا، بۆ دەربڕینی خۆشی بەشداری بە هەموو کەسەکانی دەوروبەری دەکات.

هەر کات سەد دۆلارێکی دەستبکەوێ، ئەوا تەواوی پارەکە بە خواردن و خواردنەوە دەدات و هەموو ئەو سواڵکەرانە بانگهێشت دەکات کە دەیانناسێ، تا هەموان لە خۆشییەکانیدا بەشداربن.

زۆربەی خەڵکی بە دەست ئازارە دەروونییەکانەوە دەناڵێنن، هۆکاری ئەو جۆرە ئازارەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان زیاد لە پێویست بەها بۆ خۆیان دادەنێن و لە ڕادەبەدەر گرنگی بە دەروونی خۆیان دەدەن.

بنەما و ڕێسای زێڕینیش بۆ چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە ئەوەیە کە مرۆڤ گرنگیدانەکانی لەسەر خودی خۆی کورت

نەکاتەوە و بە خاکییانە و لێبوردەییانە بژیێ، دوای ئەوەش بگاتە ئەو قەناعەتەی کە پێداویستی کەسانی تریش هەمان گرنگی و بایەخی پێداویستییەکانی ئێمەیان هەیە، ئەو دەمەی لە خۆشی و نیعمەتەکانیشماندا بەشداری بە کەسانی تر دەکەین و بەشێك لە بەخششەکانمان بەوان دەبەخشین، ئەوا جەستە بەرەو باشبوون و دەچێ و ئازارە دەروونییەکانمان بەرەو نەمان دەچن.

ئەگەر پەروەردگار بەخششێکت پێ ببەخشی، ئەوا کەسانی تر لە بیر مەکە.

هەر کات بە چەند ساتێکی باش و خۆش گەیشتی هاوڕێکانت لە بیر مەکە.

هەر کاتێك بەشداریت بە کەسانی تر کرد لەو بەخششانەی کە پەروەردگار پێی بەخشیویت، ئەوا دڵنیابە هێزێکی ناوەکی لە کەسایەتیتدا دروست دەبێت و ئاسۆکانی ژیانت بۆ فراوانتر و ڕۆشنتر دەکات.

بەشداری پێ کردنی دەوروبەرمان لە بەخششەکانی پەروەردگار، هۆکارێکە بۆ بەردەوامبوون و پڕ بەرەکەت بوونیان.

یەکێك لە پیاوە بازرگانەکان خووی بەوە گرتبوو وێنەی بۆقێك کە لەسەر شورایەکی بڵند وەستابوو، لەسەر مێزەکەی دابنێ، هەر کاتێکیش ئەو کەسانەی سەردانیان دەکرد لە هۆکارەکەیان دەپرسی، ئەوا بەم جۆرە شی دەکردەوە:

ئەم بۆقە بە تەنیا نەگەیشتووەتە سەر ئەو شورا بەرزە، چونکە هێزی بازدانەکانی ئەو بەو ئەندازەیە نییە تا بگاتە ئەو شوێنە،

بەڵکو دەبێ کەسێك هەبووبێ و ئەوی خستبێتە سەر شوراکە، حاڵی منیش بە هەمان شێوەیە.

## مۆمێك:

ئەگەر بەرەکەتی پەروەردگارت بەسەردا ڕژا و سامانێکی زۆرت کۆکردەوە..

ئەوا هەرگیز هەوڵمەدە بە تەنیا لێی سوودمەند بیت، چونکە بەو جۆرە بێ بەرەکەت دەبێ و زوو کۆتایی پێ دێ..

بەڵکو بەشداری بەدەوروبەر و ئەوانەش بکە کە لە ڕێگەی گەیشتندا هاوکار و یارمەتیدەرت بوون.

# ڕێسای (19)
# خۆشەویستی نهێنی ژیانە

خۆشەویستی، لە دڵەوە لە خۆتـان دەگـرێ، وەك داپۆشـینی دەنكۆڵە گەنمێك..

دواتر وانەی ژیانتان پێ دەبەخشێ تا لە كۆتاییدا بە جوانترین شێوە نمایشتان بكات..

دواتـر لە بێژینگتـان دەدا، تـا لە هەمـوو توێكـڵ و پووشـێك ڕزگارتان بكات..

لە دواییشـدا دەتانهاڕێـت، تـا وەك خـوێ پـاك و بێگەردتـان بكات..

بە فرمێسكەكانیشی دەتانكات بە هەویر، تا نەرمونیان بن...

جوبڕان خەلیل جوبڕان

ئەشكەوتێك هەبوو كۆمەڵە كەسێكی كەڵەگەت و بە شـان و شـەوكەتی تێـدا دەژیـا، تەواوی كەسـەكان زۆر بە كـامەرانی و خۆشەویسـتییەوە لەنـاوی دەژیـان، تـا ئەوەی ڕۆژێ یەكێـك لە كەسـەكانی ناویـان گەنجیـنە زێڕێـك دەدۆزێـتەوە و تەواوی كەسـەكانی تـریش لە خشـتە دەبـات بـۆ ئەوەی خۆشەویسـتی

نێوانیان بەو گەنجینەیە بگۆڕنەوە، کە کەوتبووە خواری ئەو دۆڵەی کە ئەشکەوتەکەی تێدابوو.

پێی گوتن:

کێ لە ئێوە ئامادەیە واز لە خۆشەویستییەکەی بهێنێت لە بەرامبەر بەدەستهێنانی ئەو گەنجینەیە، کۆمەڵەکە هەر یەکەی دەستی بە گوزارشتنکردن لە بۆچوونی خۆی، بەشێك بە ڕازی بوون و بەشێك بە ڕەتکردنەوە، بەڵام هەر چۆنێك بێ لە کۆتاییدا ویستەکەی ئەو قبوول کرا، خۆشەویستی نێوانیان فرۆشت، تا ببنە خاوەنی گەنجینە زێڕەکە، بەڵام دوای ئەوەی کە دەستبەرداری خۆشەویستی بوون و بە گەنجینە زێڕەکە گەیشتن، لە ناکاو هەموویان جەستەیان وێکهاتەوە و باڵایان کورت بوویەوە و بوون بە کورتە باڵا!

دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت تاکە شتێك کە لە ڕابردوودا ئەوانی بە شکۆ و گەورە و خاوەن شەوکەت کردبوو، تەنها خۆشەویستی بوو.

بۆیە تۆش لەمڕۆوە کەشێکی خۆشەویستی بۆ خۆت و هەموو ئەوانەی لە دەوروبەرت دەژیێن دروست بکە، تا لە هەموو مەترسییەك پارێزراو بیت.

ئەگەر ڕۆژێك لە خۆشەویستی وەستایت، دڵنیابە گەردەلوولی بێهیوایی و نەهامەتی لە هەموو سووچێکی ئەم جیهانەوە ڕووت تێ دەکات و لوولت دەدات.

ئەو دەمەش کە کانی خۆشەویستی لە ناختدا بەردەوامی بە هەڵقوڵین دەدات، ئەوا جیهانی دەوروبەرت گەورەتر و فراوانتر دەبێ.

سنوورەکان دیار نامێنن و جیهانت پڕ دەبێ لە بەڵێن و دەرفەت!

چونکە خۆشەویستی نوور و ڕووناکی و ڕەحمەتە، هەموو ئەوانەش دژی ڕژد و چروکین.

هەر کاتێك مرۆڤ دەچێتە بازنەی خۆشەویستییەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ هەست دەکات کە کەسێکی دەستکراو و بەخشەرە.

هەموو ئەو شتانەی خاوەنداریتیان دەکەین، شیاون بۆ لە ناوچوون و ون بوون، جگە لە خۆشەویستی، مردنی گەورە بریتییە لە لەدەستدانی هێزی خۆشەویستی.

لە گەورەترین بەهرە و لێهاتووییەکانی مرۆڤیش ئەوەیە کە بتوانێ سنوور و بواری خۆشەویستی لە تەواوی ڕۆحیدا گەورە و فراوانتر بکات.

خۆشەویستی ئارامی و سەکینەت و جێگیری بە ناخمان دەبەخشێ، هێزی ناوازە و دەگمەنیشە بۆ لەناوبردنی هەڵچوونە خراپ و سلبییەکان.

ئەو دەمەی یەکترمان خۆشدەوێ بە تەواوی توانا و وزەکانەوە کار دەکەین، هەر کاتێکیش بە خۆشەویستییەوە کار بکەین، ئەوا بە یەکترییەوە وابەستە دەبین.

له هەر ســــووچێکی ئەم زەویــــیە بە دوای خۆشەویســــتیدا بگەڕێ، هەر هەشتە لەپێناو خۆشەویستی بوو، بیبەخشە،

بــا بەردەوام و لە هەمــوو چرکەیەکــدا خۆشەویســتی بە نێو دەمارەکانــدا هـــاتوچۆ بکـــات، لە هەمـــوو کارێکیشـــدا بە خۆشەویستییەوە هەناسە بدە.

ئەمڕۆت بە خۆشەویستی دەست پـێ بـکە و بە خۆشەویستی کۆتایی پێ بهێنە.

**مۆمێك:**

یەکەم: بە ڕاستی ژیانێکی تەواو ژیام..

دووەم: چـۆن؟ لە کاتێکـدا لەو گونـدە بچـووکە نەچـوویتە دەرەوە؟!

یەکەم: بەڵێ، بەڵام ئەم گوندەم خۆشدەویست.

# ڕێسای (20)

## بە دیاریی بەهادارەوە بەرەوپیری خەڵك بڕۆ

(مـن هەمـوو بەیـانییەك زوو لە خەو هەڵدەسـتم، دەچـم لە لێواری ڕووبارەکە دادەنیشم، بانگهێشتی ڕۆژ دەکەم تـا جەسـتەم پاك بکاتەوە، چاوەکانیشم دەخەمە سەر گوڵ و درەختەکـان، تـا تێر دەبن لە چێژی دیمەنە جوانەکان، گوێ لە دەنگی بولبـول و ئەو هـاژەی ئـاوە دەگـرم کە بە جۆگەلەکـانی نزیـك لە ڕووبـارەکەوە دێـنە خـوار، خەون بە جـگە لەو کـامەرانی و خۆشبەختییەی کە لە ناخمەوە هەڵدەقووڵێ بە هیچی تـر نـابینم، هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان خەونم بە زاڵبوون بەسەر کەسێك، یـان ملکەچکردنی کەسێك نەبینیوە).

"سەنائی"

شـتی بچـووك ئەنجـام بـدە بـۆ چـاککردنی ژیـانی کەسـانی دەوروبەرت، ئەگەرچی زۆریش سادەبن.

دڵنیابە هەر کردارێکی بچووك کە ئەنجامی دەدەیت وەك ئەو تـۆیە وایە کە دەیچێنیـت، بەڵام لە ڕۆژی دروونەوەیـدا هەمـان دەنکـۆڵە بـۆتە چەنـدان.. کـارە بچووکەکـانیش ڕۆژێـك دێ و

دێنەوە بەردەمت و کامەرانییەکی زۆرت پێ دەبەخشن.

ئەو کەسەی گوڵ دەفرۆشێ بەردەوام بەشێك لە بۆنی گوڵەکانی بە دەستەوە دەنووسێ.

یاسای بەخشین زۆر بەسادەیی: (ئەگەر تۆ دەتەوێ دڵخۆش بیت، ئەوا دەوروبەرت دڵخۆش بکە و شادیان پێ ببەخشە).

(ئەگەر دەتەوێ ببیت بە کەسێکی خاوەن ڕێز و گرنگی، ئەوا سەرەتا خۆت بۆ کەسانی بەرامبەرت ئەو کارە ئەنجام بدە).

(بۆ گەیشتن بەوەی دەتەوێ، یارمەتی کەسانی دەوروبەرت بدە بۆ گەیشتن بەوەی کە دەیانەوێ).

(ئەگەر ویستت بەرەکەت بکەوێتە ئارەزوو و ویستەکانت لە ژیان، ئەوا بە بێدەنگی بەرەکەت بخە ژیانی کەسانی دەوروبەرت).

بە دیارییەوە بەرەوپیری هاوڕێ و دۆستان و کەسانی دەوروبەرت بڕۆ، وشەیەکی گەرم و چاك، زەردەخەنەیەکی سۆزئامێز.. بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی و سۆزەوە بەرەوپیریان بچۆ.

ڕێز و خۆشەویستییان بۆ دەربخە، لە سەر ئەوەی پێی گەیشتوون هانیان بدە، ئەگەرچی بچووك و بێ ئەرزشیش بێ.

دەرگاکانیان بۆ بکەرەوە، تا ئەوانیش بێنە نێو جیهانێکی فراوانەوە، پەنجەرەکانیان بۆ بکەرەوە، تا ڕووناکییان پێ بگات و ڕێگەیان ڕۆشن بێ.

ئاگاداری ئەو کەسانەش بە کە لە بیرکراون، تۆ کەسی ئەوانیش بە.

دڵت لە بەرامبەر کەسە ڕکابەرەکانت لە کارکردن پڕ بکە لە هیـوای چـاك، تـا ئەوانـیش بەرەکەتـی پەروەردگـار بە سـەر کارەکانیاندا بڕژێ.

جـار جـار ڕێـگە بە هـاوڕێکەت بـدە کە بۆچـوونەکەی ئەو بڕیاری یەکلاییکەرەوە بێت.

بە وشەی گەرم و جوان ستایشی یەکێکیـان بـکە، هاوکـاری هاوڕێکەی ترت بە تا بە هیوا و خەونەکەی بگات.

بەو چیرۆکە پێبکەنە کە یەکێك لە هاوڕێکانـت دەیگێـڕێتەوە و جاری دووەمتە کە دەیبیستی.

یارمەتی پیاوێکی بێ هیوا بدە تا هەست بە عیزەتـی نەفسـی خۆی بکات و جارێکی تر هیوای بۆ بگەڕێتەوە.

بیکە بە خوو، هەموو ڕۆژێ کاتێك تەرخان بکە بۆ بەخشینی بەختەوەری بەسەر یەکێك لە هەژاراندا.

ئەوانە بەنرخترین دیاری تۆن بۆ جیهان.

# ڕێسای (21)
# هەموو دەم شادبە

شــادی هاوشــێوەی ئەو وزە و هێــزەیە کە جۆشــوخرۆش بە ژیانمان دەبەخشێ، کەرستەیەکی زۆر چالاك و کارایە، خەڵکـان لە کاتی قەیران و ناخۆشییەکان پەنای بۆ دەبەن.

ئەو دەمەی لە بەرامــبەر قورســییەکانی ژیــان و کارەســات و تــاڵی ڕۆژەکــان پێــدەکەنی، ئەوا تــۆ بەم پێکەنیــنە ســەرکەوتنی خۆت لە ژیان ڕادەگەیەنیت.

"ڕیمـۆن مـۆدی" دەڵـێ: بە تێپەڕبـوونی کـات گەیشـتمە ئەو باوەڕەی کە پێکەنینی مرۆڤ گوزارشتە لە تەندروستی مـرۆڤ، ئەمەش هاوتـایە لەگەڵ هەمـوو نیشـانەکانی تـر کە پزیشـکەکان پشکنینی بۆ دەکەن.

مرۆڤی شاد ئەو کەسەیە کە بەردەوام متمانەی بە خۆی هەیە و هەمیشەش لەگەڵ ناخی خۆیدا گونجاوە.

بژی... بە دوای ئەو لایەنـانەی ژیانتـدا بـگەڕێ کە دەتـخەنە پێکەنــین، لە بەرامــبەر کێشــەکانتدا پێــبکەنە، هــیچ چرکەیەکــی شادی لە دەست مەدە و بیانقۆزەوە.

ئەوەنـــدەی لە تواناتـــدایە پێـــبکەنە، بە کەوتنەکانـــت، بە شکستەکانت، هەواڵی ئەوەش بە هاوڕێکانت بدە، ئەوسا دەبینـی

که چەندە لە جاران زیاتر لە دڵی ئەواندا جێگەت کردووەتەوە.

"سومسرت موم" دەڵێ:

یەکێک لە هەڵە هەرە گەورەکانی ژیانم ئەوە بوو کە زۆر بەسادەیی کاتە شادەکانم تێدەپەڕاند، لە بەرامبەریشدا زۆر بە جددی و بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ خەمەکانمدا دەژیام.

بەختەوەری و کامەرانی تۆ وابەستە و ڕەنگدانەوەی وەڵامە ئیجابیەکانی تۆیە بۆ ڕووداوە سەخت و دژوارەکان.

پێکەنینیش ڕاگەیاندراوێکی فەرمییە و تیایدا سەرکەوتنی تۆ بەسەر خەم و ئازارەکاندا بەیان دەکات.

ئەو دەمەی بە هاوڕێ و دۆستانت دەگەیت لە ناخەوە هەست بە خۆشەویستی بکە و بەسۆزەوە ڕەفتار بکە، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبێتە زەردەخەنەیەکی ڕاستگۆیانە و چاوەکانت بریسکەی بەختەوەری دەدەنەوە.

ئەو دەمەی خەڵکی پێدەکەنن، ئەوا لەو کاتەدا هەستێکی پاك و جوان بە دەوری خۆیاندا پەخش دەکەن، هەر ئەوەش وا دەکات کە بازنەی کاریان زیاتر بەرەو بەختەوەری و کامەرانی بچێ.

ئەو کەسەی زۆر زەردەخەنە دەکات هەمیشە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە و توانای ڕازیکردنی کەسانی بەرامبەری زۆر کاریگەرترە لە کەسانی دی.

تەکسییەك ڕاگرت، شۆفێرەکەی پیرەمێردێك بوو کە لە هەشتاکانی تەمەنیدا بوو، لە سەر و سیمایدا بێهیوایی و ماندوێتی بەدی دەکرا، جامی ئۆتۆمبێلەکەی هێنایە خوارەوە منیش

سەیرێکم کرد و پێم گوت: چۆنی خاڵە، من حەکایەتگێڕەوەم، ئایا لە بری گەیاندنەکەت دەتەوێ چیرۆك و سەربوردەت بۆ بگێڕمەوە یان پارەکەت پێ بدەم؟

کەمێك بە ڕامانەوە بێدەنگ بوو، دواتر گوتی: پارەکەم دەوێ.

منیش گوتم: قەیناکە، هەردووکیانت پێ دەدەم... سەرکەوتم و دەستم کرد بە گێڕانەوە لە دوای گێڕانەوە..

لەگەڵ گێڕانەوە خۆشەکاندا چێژی وەردەگرت و لەقووڵایی دڵییەوە پێدەکەنی.

کاتێك گەیشتمە شوێنی دیاریکراو، ئاوڕێکم بەلایدا دایەوە، تا لێی بپرسم حەقی گەیاندنەکە چەند دەکات، بینیم ڕوومەتەکانی بە فرمێسکی چاوەکانی دەبریسکێنەوە.. دواتر گوتی:

دوو ساڵ بەر لە ئێستا هاوسەرەکەم مرد، ئەو تاکە خۆشەویست و هاونشینم بوو، شەست ساڵ هاوڕێی تەمەنم بوو، لەوکاتەوە بۆ چرکەساتێکیش خەیاڵم جێناهێڵێ، هەر بۆیە لەو دەمەوە خەم جێگەی ئەوی لێ گرتوومەتەوە و بۆ ساتێکیش لێم جیا نابێتەوە، جگە لەو چەند خولەکەی تۆ هاتویتە ناو ئۆتۆمبێلەکەمەوە، بەڵێ تەنها ئەوەندە!

هەستم کرد دڵخۆشکردنی ئەو پیرە پیاوە بێهیوایە و شادی خستنە نێو ناخی و زەردەخەنە خستنە سەر لێوەکانی.. باشترین کارێك بوو کە لە ماوەی ئەو ساڵی تەمەنمدا ئەنجامم دابێت.

## مۆمێك:

باشترین دیاری کە بە خەڵکی بدەیت ئەوەیە کە بتوانی لە ناخی دڵیانەوە بیانخەیتە پێکەنین.

زەردەخە خێر و چاکەی هەژار و نەدارانە.

# ڕێسای (22)
# پەنجەرەکەت بە ڕووی جیهاندا بکەوە

(بەسەر هەموو شاخێك دەكەوم، هەموو سنوورەكان دەبڕم، دوای هەموو پەلكەزێڕینەیەك دەكەوم، تا خەونەكانم بەدی دێنم، تا دەژییێم..!)

سەیری هەر كوێیەك دەكەیت وزەیەكی زۆری ژیانی تێدا دەبینی و گەردوونی ڕووناك كردووەتەوە. سەیری دەورووبەرت بكە دەبینی وا گوڵێكی جوان بۆ ژیان دەكرێتەوە و بەپەرۆشەوە دەڕوانێ، ئاخۆ چی لەم جیهانەدا ڕوو دەدات. یان دەنكۆڵە تۆیەك دەبینی كە چۆن ڕێگەی ئاسمانی گرتووەتەبەر، تا پشكی خۆی لە ژیان بەدەست بهێنێ. سەیری هەر كوێیەك دەكەیت دەبینی وا منداڵێك گاگۆڵە دەكات، ئەوەی تر بە تەنیا هەوڵی فێربوونی پایسكل دەدات...

كرانەوە ڕێبازی كەسە ئازاكانە، چارۆكەكەت بۆ با بكەرەوە، خۆت بدە بەر هەتاو.

لەگەڵ خەڵكیدا بوەستە و لەگەڵیاندا ئاوێتە و تێكەڵ بە، ژیانت دەوڵەمەند دەكەیت.

دڵت بۆ خەڵکی و پەنجەرەکانت بۆ ژیان بکەرەوە، دڵنیابە لە چەند چرکەساتێك بەولاوە هیچیتر نییە، تا ئەو خێر و بەرەکەتە ببینی کە چۆن لە هەموو سووچێکی ئەم گەردوونە رووت تێدەکات.

پیرێکی چاکەکار ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە:

لە ڕۆژهەڵاتی ئەرمینیا دوو گوندی دراوسێ هەبوون، بەڵام خەڵکی ئەو دوو گوندە بەردەوام لە ململانێدابوون و هیچ کات قسەیان لەگەڵ یەکتریدا نەدەکرد.

ڕۆژێکیان کەسێکی ڕێبوار دەچێتە گوندی یەکەم و پیوازێکیان لێ دەکڕێ تاوەکو بیخوات، پاشان بەرەو گوندەکەی تر هەڵدەکشێ.

کاتێك گەیشتە گوندەکەی تر، بازرگانێکی گوندەکەی سەروو سەرنجي دا کە هەر دوو چاوی ڕێبوارەکە پڕن لە فرمێسك، گۆشتفرۆشەکەی تەنیشتیان بە کوتاڵفرۆشەکەی گوت: ڕەنگە لە گوندەکەی دراوسێمان کەسێك مردبێ، ئایا نابینی ئەو ڕێبوارە چۆن دەگریا؟! لەو کاتەدا منداڵێك بەوێدا ڕەت دەبوو، گوێی لە گفتوگۆی ئەو دوو دوکاندارە بوو، ئەویش ترسا و دەستی کرد بە گریان، زۆری نەبرد هەرچی منداڵی ئەو بازاڕە بوو دەستیان کرد بە گریان.. دایکەکان بە گریان ڕۆڵەکانیان دووچاری ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ بوون، بینیان تەنانەت گۆشتفرۆش و کوتاڵفرۆشەکەش زۆر کاریگەرن بەو ڕووداوەی کە لە گوندەکەی خوار ئەوان ڕوویداوە، سەرەڕای ئەوەی ئەو دوو گوندە قەت دانویان پێکەوە نەدەکولا و قسەیان لەگەڵ یەکتریدا نەدەکرد، بەڵام ئەو ڕووداوە دەنگوباسێکی گەورەی بە دوای

خۆیدا هێنا، پیاوێکی نابینا دەیگوت: ئاخۆ دەبێ چ گوندێکی کامەران بن ئاوا بەو جۆرە خەڵك بۆیان پەرۆشە؟! یەکێك لە دانیشتوانەکانی گوندی سەروو وەڵامی دایەوە و گوتی: کامەرانی چی، ئەوان نەخۆشی تاعوونیان گرتووە، زۆر بەخێرایی ئەو نەخۆشییە گوندەکەی ئێمەش دەگرێتەوە! ئەو هەواڵەش هاتە سەر هەواڵەکانی تر، پێش ئەوەی تاریکی باڵ بەسەر ئەو ناوچەیەدا بکێشێ گوندی سەروو چۆڵ بوو و لە ترسی تاعوون کەسی تێدا نەما، هەموویان ڕوویان کردە شاخ و ئەشکەوتەکان، ئەمڕۆ دوای چەند سەدەیەك لەم ڕووداوە، ئەو گوندەی کە پەنجەرەکانی جیهانی بە ڕووی خۆیدا داخست، واتە ئەو گوندەی کە ڕێبوارە پیوازخۆرەکەی پێدا تێپەڕبوو، تا ئێستاشی لەگەڵبێ هەر بە تاریکی و وشك و چۆڵی ماوەتەوە!

بەبێ هیچ مەرجێك بۆ دەوروبەرم دەکرێمەوە، گفتوگۆیەکی بێ پێشەکییان لەگەڵدا دەست پێ دەکەم، پەروەردگار بۆ یەکترناسین و هاوکاری و بوژاندنەوەی زەوی ئێمەی کردووەتە گەل و تیرە تیرە.

گەشتی من زۆر گەورە و بەرفراوانە، سنوورێك بۆ وەستانم لە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی جیهان و دۆزینەوەی شاراوە و جوانییەکان نییە.

هەرگیز لە ژوورێکی تاریکدا دەروونی خۆم بەند ناکەم و چاوەڕوانی نادیار بکەم، بەڵکو چەندین ئاڵنگاری نوێ بۆ خودی خۆم دروست دەکەم، هەموو ڕۆژێکیش چێژ لە گەشتی ژیان وەردەگرم.

دەگێڕنەوە گوڵێکی جوان هەبوو، هەموو شەوێ خەونی بەوە

دەبینی کە بەیانی هەنگ سەردانی بکات، بەم خەیاڵەوە خەوی لێ دەکەوت. هەر کە بەیانی دادەهات، پێش هەموو گوڵەکانی تر زۆر چالاکانە پەڕەکانی دەکردنەوە و بۆنی خۆشی خۆی بڵاو دەکردەوە و خۆی بە جوانترین شێوە نمایش دەکرد، بێ پچڕان و ماندووبوون کارەکەی خۆی وەك هەمیشە بەردەوام پێدا، بەڵام هیچ کات هەنگ سەردانی نەکرد تا لە شیلەکەی بخوات و ئەو دڵخۆش بکات. شەوێکیان پێش ئەوەی بە هەمان هیوای شەوانی پێشوو چاو بنێتەوە خەو، جارە مانگ بەزەیی بە حاڵیدا دێتەوە و پێی دەڵێ: ئایا لە چاوەڕوانی ماندوو و بێزار نەبووی؟ گوڵەکە وەڵامی دایەوە:

ئەگەر هەموو بەیانییەك پەڕەکانم نەکەمەوە و خۆم نمایش نەکەم، ئەوا بێگومان جوانییەکەم لە دەست دەدەم و ڕۆحم لە تەنیاییدا دەشکێ!

**مۆمێك:**

**دیوار هەرچەندە خاوەنی چەندین ڕەنگی زیندوو بێ و بە چەندین تابلۆی ڕەنگین ڕازێندرابێتەوە، هەر بە کەڕی دەمێنێتەوە، ئەگەر هاتوو خاڵی بوو لە دەرگا و پەنجەرە.**

**شاعیرێکی نادیار**

## ڕێسای (23)
## بەخۆشەویستییەوە کار بکە

هەرگیز لە زەویدا کۆچ مەکەن، تا ئەو کاتەی دڵنیا دەبن لەوەی کە چەند جوانییەکتان پێ بەخشیوە.
تا دڵنیانەبن لەوەی کە چەندین بۆنی خۆش و ڕازی خۆشەویستیتان بۆ زیاد کردووە...

"ئۆشۆ"

بەڵێن بە خۆت بدە هەموو ڕۆژێك كارێكی چاك و باش ئەنجام بدەیت، ئەگەرچی كارەكە بچووكیش بێ، گرنگ ئەوەیە بە ڕاستگۆیانە و لە دڵەوە ئەنجامی دەدەیت.
هەرگیز ڕژد و ڕەزیل مەبە لە گوتنی وشەی چاك، بە تایبەتیش ئەگەر زانیت ئەو وشەیە دەبێتە پاڵپشتی بۆ براكەت، ئەگەرچی وشەكە زۆر بچووكیش بێ.
هەرچی دەبێتە هۆكارێك بۆ چاككردنی ژیانی خەڵكی ئەنجامی بدە، ئەگەرچی زۆریش سادەبێ.
كاتژمێر جگە لە چەند خولەكێك هیچیتر نییە، دەریاش كۆمەڵە دڵۆپە ئاوێك..!

ڕۆژێکیان بە ئاگا هاتم دڵم پڕبوو لە خەم و خەفەت، لە کاتێکدا بە کۆڵانێکی شاردا دەڕۆیشتم، خزمەتگوزارێکم بینی کیسێکی گەورەی ڕەشی بە دەستەوە بوو، زۆر بە دڵسۆزی زبڵ و خاشاکی کۆڵانەکەی کۆ دەکردەوە، دوای ئەوەی کیسەکەی پڕبوو، سەرەکەی بە پەتێك داخست، نیشان و شوێنەواری ڕازیبوونی بە ژیان تەواوی ڕووخساری ڕووناك کردبوو، لە ڕەفتارەکانی دیاربوو کە هەستی دەکرد ئەمڕۆش توانیویەتی شتێك ئەنجام بدات، کاتێك ئەو دڵسۆزییەم لەو خزمەتگوزارە بینی خەمەکەم ڕەویـیەوە، دواتریش زۆر بە دۆخێکی باشەوە بەرەو کارەکەم چووم.

ئەو کاتەی سەیرێکی سروشت دەکەیت دەبینی کە چۆن شتەکان بە ئارامی و پەیوەندییەوە جووڵە دەکەن..

دەبینی کە چۆن درەختەکان خۆراك و هەوا لە زەوییەوە هەڵدەمژن، دواتر هێدی هێدی گەشە دەکەن..

گوڵیش لە خونجەیەکی بچکۆڵانەوە دەست پێ دەکات و دواتریش پەڕەکانی دەکاتەوە و بۆنی خۆشی بە دەوروبەری خۆیدا پەخش دەکات.

شاعیری گەورە "جەلالەدینی ڕۆمی" دەگێڕێتەوە و دەڵێ: جارێکیان لە یەکێك لە گوندە دوورەکانی وڵاتی فارس بووم، لەوێ پیاوێك بە دەرکەوتبوو کە باسی دارێکی سەیری بۆ خەڵکەکە دەکرد و دەیگوت هەر کەس لە بەری ئەو دارە بخوات هەرگیز نامرێ، پادشای ناوچەکە گوێی لەو هەواڵە دەبێ، هەر زوو ئازاترین ئەسپسواری خۆی ڕادەسپێرێ تا ئەو

دارەی بۆ بدۆزێتەوە. ئەسپسوارەکە زۆر بە هیممەت بەرزی و سووربوونەوە بە دوای دارەکەدا دەگەڕا، تا تەواو هیلاك و ماندووبوو، ئەوسا بێهیوایی دایگرت و زانی کە ئەو دارەی ئەو بە دوایدا دەگەڕێ تەنانەت بوونیشی نییە. لە کاتی گەڕانەوەی بە بێهیوای و نائومێدی، بە قەدەر ڕێگەی دەکەوێتە لای دانایەك، کە بە تەنیا لە کوخێکی پاڵ شاخێکدا دەژیا، سکاڵای حاڵی خۆی لا باس کرد، کە چۆن بێهیوا بووە لە دۆزینەوەی داری مانەوە و چەندەش ترسی هەیە لە سزادانی پادشا، پاشان داناکە پێی گوت: کوڕەکەم داری مانەوە بریتییە لە هەر کارێك کە پادشاکەت بۆ خەڵکی ئەنجامی دەدا، هەروەها هەر بەخشندەیی و لێبوردەییەك کە بەرامبەر بە گەلەکەی دەینوێنێ، هەروەها هەر بڕیار و هەڵوێستێك کە دەبێتە جێگەی سوودی خەڵك، ئا ئەو کارانە پاشاکەتان بە درێژایی ڕۆژگار دەهێڵێتەوە.

بەرگری لەهەر حەزێك بکە کە هەتە بۆ ئەنجامدانی شتە ڕووکەشییەکان.

سەیری قەبارەی ئەو کارە مەکە کە ئەنجامی دەدەیت، بەڵکو سەیری ئەو واتایە بکە کە کارەکە هەیەتی.

تێریزا دەڵێ:

گرنگ نییە شتی گەورە لە ژیانماندا ئەنجام بدەین، بەڵکو ئەوەندە بەسە کە کارە بچووکەکان بە خۆشەویستییەکی گەورەوە ئەنجام بدەین..!

## مۆمێك:

بە خۆشەویستییەوە کاری دەکرد..

بە جۆرێك، وەك بڵێی لە نێوانی دارەکاندا ڕا دەکات..

لەگەڵ پەپوولە یاری دەکات و بۆنی گوڵ دەکات..

هەر کەس بە شەیدابیەوە کار بکات، هەرگیز بازرگانی بە ڕۆحییەوە ناکات.

# ڕێسای (24)
## هەموو ڕۆژێ بە چپەوە سوپاسگوزار بە

لە نەریتی ژاپۆنییەکاندا، کاتی چاخواردنەوە بەم گوزارشتە دەست پێ دەکات (سوپاسگوزاری دەرگایەکی سەرەکییە بۆ چوونە نێو ژیانێکی لێوانلێو لە شادی). ئەمەش بە واتای ئەوە دێ کە سوپاسگوزاریی ڕاستەقینە دەرگای خێر و خۆشی لە مرۆڤ دەکاتەوە و بە زۆر شتی دەگەیەنێ.

سوپاس.. جوانترین وشەیەکە کە پەروەردگار خۆشی دەوێ، ئەو دەمەی لەسەر زاری بەندەکانییەوە دەیبیستێ و دووبارەی دەکەنەوە.

باشترین شتێکیش کە بەندەکان پێویستە سوپاسگوزاری لەسەر بکەن ئەوەیە، کە پەروەردگار سەربەستی کردوون لە نێوان دوو بژاردەدا، ئاخۆ بە سۆز و بەزەیی دەبن بەرامبەر کەسانی تر یاخود نا!

سوپاسگوزاران لە دونیادا لە هەموو کەس بەختەوەرتر و شادترن، ئەوان زۆر بە ئارامی لەگەڵ خۆیاندا دەژین، هەر بە بینینێکی سەرەتا هەست بە چاکە و باشییان دەکەیت.
سوپاسگوزاران ئەو کەسانەن کە سوپاسی خودا و سوپاسی کەسەکان دەکەن، هەر کەسێکیش سوپاسی خەڵک نەکات

سوپاس خودا ناکات، به تایبەتیش دەرخستنی سوپاسگوزاری بۆ ئەو کەسانەی خۆشمان دەوێن، چونکە زۆر جار لەبەر سەرقاڵیمان بە ژیان لە بیریان دەکەین کە سوپاسیان بکەین. ئەو دەمەی بە کەسێك دەڵێین سوپاس، ئەوا زۆر بەخێرایی بە کۆمەڵێك لە ئارامی و بەختەوەری و هێمنی بۆ سەر دڵەکانمان دەگەڕێتەوە.

ئەو دەمەی هەست بە شادی و ئارامی دەکەی، دڵت پڕ بکە لە سوپاسگوزاری، ئەو دەمەش کەسێك دەبینی کە حاڵی لە تۆ خراپترە، یان لە گرفتێکدایە، ئەوا پڕ بە دڵ لەسەر نیعمەتەکانت سوپاسگوزاری بۆ پەروەردگارت دەرببڕە، هەر کاتێکیش دووچاری بەربەست و کۆست و کۆسپێك بووی، ئەوا بڵێ: سوپاس بۆ خوا لەسەر هەموو حاڵێك.

ماسیگرێك هەبوو زۆر بە ئاسوودەیی و بەختەوەری لەگەڵ خێزان و حەوت کچەکەیدا دەژیا، هەر لەگەڵ خەتی بەرەبەیان بە مەبەستی ڕاوکردن لە ماڵ دەچووە دەر و ئێوارەش بە دڵێکی خۆش و بە زمانێکی سوپاسگوزار لە بەرامبەر پەروەردگار و بەخشندەیی دەگەڕایەوە. ڕۆژێکیان ئەو ماسیگرە تۆڕەکەی دەخاتە دەریاوە، بەڵام ئەمجارە جیا لە نەریتی ڕاوکردنی خۆی لە بری ماسی کیسەیەکی پڕ لە پارچە زێڕ بە تۆڕەکەیەوە دەنووسێ، تووشی سەرسووڕمان دەبێ، زۆر بە خۆشحاڵییەوە واز لە ڕاوکردن دەهێنێ و دەست دەکات بە ژماردنی پارچە زێڕەکان، کاتێك هەمووی ژماردن بۆی دەرکەوت کە ژمارەیان (٩٩) پارچە زێڕی بازنەییە، دواتر سەیری کیسەکەی کردەوە،

بنی کونێکی بچووکی تێدایە، لە دڵی خۆیدا گوتی: من دڵنیام (١٠٠) پارچە بووە، بەڵام دانەیەکیان کەوتووە، بۆیە کاتێکی زۆر بە بیرکردنەوە و گەڕان بە دوای پارچە ونبووەکە بەسەر دەبات، بەڵام هیچ نادۆزێتەوە، بۆیە بە دڵێکی خەمبار و جەستەیەکی هیلاکەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، بێ ئاگا لە سوپاسگوزاری پەروەردگار لەسەر (٩٩) پارچەکەی تر.

**مۆمێك:**

ئەگەر تۆ خاوەنی دڵێکی خۆش و سوپاسگوزاریت، ئەوا دڵنیابە لەوەی کە خاوەنی گەوهەرێکە گەورەیت.

دەستی پێوە بگرە، چونکە ئەوە بەرەو بەرزی و شکۆت دەبات.

# ڕێسای (25)
# بێهیوا مەبە

هەر کاتێك گەیشتبمە لێواری بێهیوایی
یان بە شێك لە جەستەم لەدەست دابێ، یان هەسێکم لە کار کەوتبێ،
قبووڵ و ئارامی جێگەی ئەو بێهیواییەی گرتووەتەوە..
لە ڕۆحیشمدا شتێکی تر لە بری ئەو گەشەی کردووە..
ئەو دەمەی هەموو شتێك لە دڵمدا لەنگەر دەگرێ و جێگیر دەبێ..
ئاشتییەکی گەورە باڵ بەسەر دڵمدا دەکێشێ..
ئا لەو کاتەدا لە توانامدایە بێهیوایی هەموو جیهان قبووڵ بکەم..!

هەر گشت دەرگاکان بە ڕووتدا داخران، ئەوا سەیرێکی دەوروبەرت بکە، دەبینی کە چەند دەرگا و پەنجەرەیەکی تر وا خەریکە بە ڕووتدا دەکرێنەوە.

ئەگەر کەسێك خۆشەویست جێی هێشتووی، هاوڕێکەت لە بیری کردووی و تەنیا ماویتەوە..
ئەوا دڵنیابە لە شوێنێکی تری ئەم سەرزەوییە کەسانێکی نوێ لە چاوەڕوانی تۆدان، تا لەو تەنیاییە دەرتبهێنن.

ئەو دەمەی هەموو شتێك لە دەست دەدەیت، دڵنیابە لەوەی
کە قەرەبوێکی گەورە چاوەڕوانت دەکات، ژیان بەرهەمهێنێکی
باشە، دڵت بکەوە و گەشبینانە بڕوانە.

ئەو دەمەی هەست بە بێهیواییەکی تەواو دەکەیت، ژیانیش
بە ڕەقی ڕەفتارت لەگەڵدا دەکات و وا بیر دەکەیتەوە ئەمە
کۆتایی ڕێگایە..

ئەوا لە خۆت بپرسە: (ئایا هێشتا هەوا ماوە تا هەناسەی پێ
بدەم؟)

ئایا تا ئێستا هێزی ڕۆیشتنم ماوە، ئایا خواردن و خواردنەوەم
بەشی ئەمڕۆ هەیە؟

هەروەها پرسیار لە خۆت بکە: ئایا من دەتوانم پێنج خولەکی
داهاتوو بقۆزمەوە؟

ئەگەر بە سەلامەتی لەو پرسیارانە ڕزگارت بوو، ئەوا
ئامانجت ئەوەبێ کە لەو پێنج خولەکەی داهاتووت سەرکەوتوو
بیت.

ئەگەر وابوو، ئەوا هێزی ناخت نوێ دەبێتەوە و چەندین
بیرۆکەی گەشبینانەت بە خەیاڵدا دێن، تا لەو بێهیواییەی تێی
کەوتووی ڕزگارت دەکەن.

بەوەی کە شتێك لەپێناو کەسانی تردا ئەنجام بدەیت لەگەڵ
بێهیواییدا بجەنگە، ڕەنگە ئەوە باشترین دەرمان بێ بۆ ئەو
مەبەستە.

بیرمەندی ناسراو "ئەباتی بیار" زۆر کات بە برسیەتی کەسانی
دەوری کاریگەر دەبوو، ئەو بەردەوام دەیگوت: باشترین سۆز و

بەزەیـی بە شـێوەیەکی ڕەهـایی ئەوەیە کە ئـێمە هەرگیـز بـۆ چرکەیەکیش لە یارمەتیـدانی ئەو کەسـانە نەوەستین کە ئـازار دەچێژن، بە خێرایی هەوڵی گۆڕینی دۆخی هەمـوو ئەو کەسـانە بدەین کە لە دەورمانن. هەر بـۆ ئەو مەبەستە کـۆمەڵەیەکی زۆر گرنگـی دامەزرانـد، تـا لە ڕێـگەیەوە بە هاوکـاری خۆبەخشـانە یارمەتی هەر تاکێکی بێهیوا لە ژیان و دڵ بە ئازار بدات.

ئەو دەمەی لە هەر قەیـران و گرفتێکـدا دەگەیـتە قۆنـاغی بێهیوایی..

بیرتبـێ، کە ڕەنـگە ئەوە ئامـاژە و نیشـانەیەك بـێ بـۆ ئەوەی شتێك لە ژیانتدا کاتی تێپەڕیوە و پێویستی بە گۆڕانە..

ئەوەی جێگەی تێڕامـان و سەرسووڕمانیشـە، مـرۆڤ لە دوای هەر ئەزموونێکی تاڵ و لە دوای هەر بێهیواییەك، بە جۆرێك پێ دەگاتەوە کە لە جاران زۆر باشتر و بەهێزتر دەبێ..!

# ڕێسای (26)
# کێشەکانت بە بچووک سەیربکە

ئەگەر کەسێك تەحەددای کردی و هەڕەشەی لێ کردی، ئەوا تۆ بە هێواشی چاکەتەکەت دابنێ و چاوەکانت بخە سەر چاوی کەسەکە و تەحەددای بکە، دواتر زۆر بە ئارامی و لەسەرخۆیی قۆپچەکانی کراسەکەشت بکەرەوە، قۆڵەکانت بە هەمان دۆخی ئارامیت هەڵبکێشە... ئەگەر هاتوو بەو هەنگاوانە دوژمنەکەت ڕای نەکرد، ئەوا باشترە تۆ پشتی لێ بکەیت و خۆت ڕزگار بکەی...)

"مارك توین"

من باوەڕم وایە هەموو ئەو ئازارانەی پێیاندا تێپەڕ دەبم ڕۆژێك دادێ نامێنن و تێدەپەڕن، هەروەك چۆن خەم ئازارەكانی ڕابردووم تێپەڕین و لەبیر كران، هەروەك كاتژمێرەكانی دوودڵی و ڕاڕایم تێپەڕین...

هەر كاتێك دوودڵی و ڕاڕاییەك بەسەر دڵمدا بێ، بە دەروونی خۆم دەڵێم: بەڵێ، من ئێستا بێزار و هەراسانم، بەڵام ئەوە تەنها كاتژمێرێكە و تێدەپەڕێ، هیچ كارێك لەسەر دۆخێكی جێگیردا نامێنێتەوە، هەر بۆیە تەواوی ڕۆژەكەم بە سكاڵا و گلەیی بەسەر نابەم، ڕۆحم ناخەمە لێواری زەمانم،

هەروەها هەرگیز سەرزەنشتی ڕووداو و کەسەکان ناکەم، چونکە ئەگەر وابکەم، ئەوە واتای ئەوەیە کە من بەدەر لە توانا و وزەی کەسی خۆم ڕەفتارم کردووە.

ڕۆژێکیان پیاوێکی دانا پێشوازی لە گەنجێك دەکات کە بە مەبەستی فێربوونی زانست و دانایی هاتبووە لای، ئەو پیاوە دانایە ئامۆژگاری گەنجەکە دەکات بەوەی کە بە درێژایی یەك ساڵ بڕێك پارە بدات بە هەر کەسێك کە خراپەی بەرامبەر دەکات.. دوای ماوەیەك ئەو پیاوە دانایە جلوبەرگێکی شڕ دەپۆشێت و خۆی دەکات بە سواڵکەر، دەچێتە بەردەم ئەو گەنجە تا تاقی بکاتەوە، لێی نزیك دەبێتەوە و لەبەردەم خەڵك قسە بە گەنجەکە دەڵێ، گەنجەکەش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: من ماوەی یەك ساڵە پارە دەدەم بەو کەسانەی کە خراپەم بەرامبەر دەکەن و هێرشم دەکەنە سەر، بەڵام من ئێستا خاوەنی ڕۆحێکی بەهێزم و توانای ئەوەم هەیە بەرەنگاری هەر هێرش و هەڕەشەیەك ببمەوە، بێ ئەوەی هیچ بڕە پارەیەك بە هیچ کەسێك ببەخشم.. ئینجا پیاوە داناکە پێی گوت: لەبەر ئەوەی ئێستا تۆ کێشەکانی خۆت لا بچووکە و لەسەر خۆت گەورەیان ناکەیت، ئەوا ئێستا تۆ بۆ ڕۆچوون و بەرەپێشچوونت لە زانست و دانایی ئامادەیت و دەتوانی دەست پێ بکەیت.

ئەو دەمەی هەست بە تاڵی دەکەیت لە کارەکەت مەوەستە، هەرگیز ڕێگە مەدە خەمەکانت مەشخەڵی ژیانت لە ناختدا بکوژێننەوە، هەرچەندە هەستەکانت خراپ و سلبی بن، هەرگیز لە هەوڵ و تێکۆشان مەوەستە، لە شوێنی خۆت چەقبەستوو مەبە،

ڕێگە مەدە خەمەکان دزە بکەنە نێو ناخت، هەرچی ڕوویداوە لەبیری بکە و لە نوێوە دەست پێ بکە، بە جێگیری و دۆشداماوی لە سندوقی خەمەکانتدا مەمێنەوە، بەردەوامی بدە بە کارەکانت و بجووڵێ، ئەوسا دەبینی کە چۆن ئازارەکان بە کۆتا دێن و تۆش لەو جەنگەی ژیاندا سەر دەکەوی.

**مۆمێلك:**

ئەو کێشانەی ڕووبەڕووم دەبنەوە وەك بەشێك لە سروشتی ژیان سەیریان دەکەم.

وەك چۆن بەو بەخششانە دڵخۆش دەبم کە لە قۆناغەکانی ژیان پەروەردگار پێم دەبەخشێ، بە هەمان شێوە هەموو ئەو ئاستەنگ و ئازار و تەحەددیانەش قبووڵ دەکەم کە دێنە بەردەمم..

هەموو ئەوانەش بە دەرفەتێك بۆ گەشەسەندن و بەرەوپێشچوون دەزانم..

بەشێك لە ژیانی خۆم و وزە و توانام بۆ چارەسەرکردن و بەختەوەرکردنی دەوروبەرم تەرخان دەکەم.

کارێکی وا دەکەم کە هەمیشە بە بوونی من هەست بە دۆخێکی باشتر بکەن.

بە دوای باشییەکانیاندا دەگەڕێم، دواتریش باشییەکانی خۆیان بە خۆیان دەڵێمەوە، تا خۆیان بە باشترین شێوە ببینن.

تا ئەو دەمەی دەمێنم و دەژیم، لە کرداره مرۆڤایەتییەکانم بەردەوام دەبم، لە هەر کوێ پێویست بکات.

# ڕێسای (27)
# شەیدای ژیانت بە

ئەگەر فـــوو لە کلارنێـــت نەکەی، ئەوا گوێبیســـتی هـــیچ موسیقایەك نابیت.

تا چەند شەیدای ژیانت بی، ئەوا خەڵکی زیاتر شـەیدای تۆ دەبن.

چەندە بەپەرۆشەوە کار بۆ تەواوکردنـی کـارەکەت بکەیـت، ئەوا خەڵکی زیاتر بە گرنگییەوە لە کارەکانت دەڕوانن.

چەنـدە بە زێنـدوویتی و خۆشەویستییەوە کـار بکەیـت، ئەوا خەڵکـی زیـاتر بەئاگـاییەوە ڕەفتـار لەگەڵ کارەکانتـدا دەکەن و بایەخیان پێ دەدەن.

زۆر بە بەهێـزی بـژی، وەك ئەوەی چرکەکـانی تەمەنـت لە ماوەیەکی کورتدا کۆ کرابێتەوە، زۆر بە دڵسۆزییەوە کـارەکەت ئەنجـــام بـــدە، وەك ئەوەی کە دوای ئەم کـــارە مـــۆڵەتێکی هەمیشەیی وەردەگریت و چیتر کار ناکەیتەوە.

برۆ قووڵایی ناخت و تیایدا ڕۆحێکی زیندوو دروست بـکە، لە پانتایی زەوی ناخت شوێنی نوێ و گەنجینەی نوێ بدۆزەرە!

حاڵەتێکی بوێرانە لە ناخت بخولقێنە، تا هەمیشە بە بەهێـزی و بە جۆشوخرۆشەوە بمێنیتەوە.

لەو چرکەیەدا بـژی کە تیایـدایت، بە تەواوی سـۆز و خۆشەویستییەوە تۆوی خۆت لە باغی ژیاندا بچێنە، وەك ئەوەی دوایین تۆوی دەستت بێ.

باشترین دیـاری کە بەخـۆتی ببەخشـی بـریتییە لەوەی کە ڕۆژەکەت بە جۆشوخرۆشـەوە بەسـەر ببەیـت، لەبـری ئەوەی گرفتاری تاڵییەکان بیت.

شەیدابوون نهێنی هەرە گەورەی ئاوەدانکردنەوەی گەردوون و داهێنانی بۆشایی و پێشوەچوونی مرۆڤە بەرەو ئاسۆ دوورەکان.

جۆشـوخرۆش و هۆگرییـت لەو کـارەی ئەنجامی دەدەیـت بریتییە لە هێزی هەرە گەورەی تۆ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شکستە بچووکەکانی ڕۆژانە.

ئەگەر ویستت لە کارەکانت جیاواز بیت، ئەوا بە جۆرێك لە شێتییەوە ئەنجامیان بدە.

نهێنی هەر پیشەیەك بـریتییە لە خۆشەویستی پیشـەکە، لەگەڵ جۆرێك لە گیراوەی شێتی!

ئەو دەمەی تیرهاوێژەکـان لەپێنـاو گەنجینەیەکـی زێـڕ تیرەکانیان دەهاوێژن..

ئەوا لەو دەمەدا لە نێوان چەند بژاردەیەك چاوەکانیـان تەنها لەسەر یەك ئامانجە..

بەڵام ئەو دەمەی تیرەکانیان لەپێناو بەدەستهێنانی پارچەیەك لە زیو دەهاوێژن، ئەوا ڕاڕا و دوودڵن.

بەڵام ئەو دەمەی لەپێناو چێـژ تیرەکانیـان دەهـاوێژن، ئەوا بە تەواوی لێهاتووییانەوە دەیهاوێژن.

شوانج ترو

# ڕێسای (28)
# پۆشاکی گەشبینی بپۆشە

گەشبینی بریتییە لە هونەری باشکردنی هەستەکان و قبوولکردنی ژیان وەك ئەوەی کە هەیە، هەروەها گەڕان بە دوای چارەسەری ئەو کێشانەی کە بە شێوەیەکی ئیجابی ڕووبەڕوویان دەبینەوە.

هەروەها گەشبینی بریتییە لە ئارەزوو و بڕیار و هەڵبژاردنێکی کەسی یەکلاییکەرەوە بۆ پێشوازیکردن لە ژیان.

بریتییە لە بەئامانگرتنی داهاتوو، ئەویش لە ڕێگەی چارەسەرێکی کردەیی بۆ ئەو کێشانەی کە دووچارمان دێن، دوور لە نغرۆبوون لە هۆکاری شیکردنەوەکان.

گەشبینی کارامەیی و هونەرێکە لە هونەرەکانی ژیان، لە ڕێگەی ڕاهێنان و مومارەسەوە گەشە دەکات و بەرەوپێش دەچێ.

ئەو دەمەی هەست بە ڕەشبینی دەکەیت، بیرت بێ، تۆ کات لە بیرکردنەوە لە شتگەلێکی سلبیدا بەفیڕۆ دەدەیت، کە ڕەنگە هەرگیز ڕوونەدەن.

خۆت لەو بیرکردنەوەیە ڕزگار بکە کە هەموو جیهان دژی تۆیە..

یان پەروەردگار لە نێو ئەو هەموو خەڵکەدا تۆی هەڵبژاردووە تا بێ هیوا بیت و ببیت بە نموونەیەکی شکستخواردوو.

ئەگەر تۆ لە ڕابردوودا دووچاری گرفت و ئازار و خەم هاتبی، ئەوا واتای ئەوە نییە کە لە داهاتووشدا هەمان شت دووبارە دەبێتەوە.

سوپاسگوزار بە لە بەرامبەر هەموو ئەو بەخشش و نیعمەتانە پەروەردگار پێی بەخشیویت، تا هەمیشە ڕۆحت لە حاڵەتی گەشبینیدا بمێنێتەوە.

ئەو شتە باشانە لای خۆت تۆمار بکە کە لە ژیانتدا دڵت پێیان خۆشبووە و هاتوونەتە بەردەمت، تا لە کاتە سەخت و دژوارەکاندا بیری خۆتیان بهێنیتەوە و گەشبینیت پێ ببەخشن.

هەر لە سەرەتای پێگەیشتن و تێگەیشتنەوە گەشبین بە، تا ئەو سیفەتە ببێتە مۆرکێك لە کەسایەتیت و هەر شتێك گەشبینت دەکات ئەنجامی بدە.

باوك و کوڕێك بە یەکەوە دەچنە لادێیەك، لە پیاوێك نزیك دەبنەوە و سەبارەت بە حاڵی دانیشتوانی لادێکە پرسیاری لێ دەکەن..

ئەویش وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێ: ئەوانە زۆر دڵڕەقن، هیچ کەسێك لەم لادێیە سۆز و بەزەیی بۆ ئەوی دی نانوێنێ.

باوکەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: بەڵێ بەڵێ، ئەوان بەو جۆرەن.

دوای کەمێکی تر کەسێکی تر هەمان پرسیاری ئاراستەی کەسێکی تر لە هەمان لادێ کرد..

ئەو گوتی: خەڵکی ئەم لادێیە زۆر بەخشندە و بە بەزەیین

لەگەڵ یەکتریدا، ئەمجارە باوکەکە گوتی: بەڵێ بەڵێ، ئەوان بەو جۆرەن.

کوڕەکە زۆر لای سەیربوو کە بینی باوکی لەگەڵ هەر دوو وەڵامەکە هاوڕایە! بۆیە پرسیاری نهێنی ئەو هاوڕاییەی لە باوکی کرد، ئەویش لە وەڵامدا پێی گوت:

کوڕی شیرینم، هەموو مرۆڤێك لە سەر ئەو ڕاستییەیە کە دەیبینێ.

ئەگەر گەشبین بێ ئەوا دونیا بە خێر و چاکەوە دەبینێ، بەڵام ئەگەر ڕەشبین بێ، ئەوا هەموو دونیا بە ڕەشی دەبینێ و ڕق لە هەموو شتێك دادەگرێ.

دونیا ئاوێنەیە، ئەوە نیشان دەدات کە دڵی مرۆڤ دەیبینێ.

سوورم لەسەر ئەوەی کە ڕێگە بە هیچ خەمێك نەدەم میزاجم بگۆڕێ و کاتی ڕۆژێکم لێ بەفیڕۆ بدات.

ڕێگە نادەم زەردەخەنەکان لە ژیانم لێم جیاببنەوە، هەمیشەش بە ئیجابییەوە لە هەموو شتێك دەڕوانم.

باشترین دیاریش کە پێشکەشی جیهانی بکەم بریتییە لەوەی کە بە ڕۆحێکی سەوز بژیم.

ئازادی و دڵسۆزیم وابەستەن بە ئاستی گەشبینیم، بۆیە هەمیشە لە ناخەوە کار لەسەر گەشەدان بە گەشبینیم دەکەم.

هەرگیز ڕێگە بە ئەندێشە و خەیاڵە سلبیەکانی ناخم نادەم بەسەر ڕۆحی هیوا و ئومێدی ناخمدا زاڵبن.

له هه‌موو به‌یانییه‌کدا به گه‌شبینییه‌وه هه‌ناسه ده‌ده‌م، پێشبینی سه‌رکه‌وتن و به‌خته‌وه‌ری ده‌که‌م که له هه‌ر چرکه‌یه‌کدا ببێته میوانم.

کاتێك به‌یانی له خه‌و هه‌ڵده‌ستم، به‌خۆم ده‌ڵێم:

ئه‌وه به‌یانییه‌کی نوێیه، ئومێد ده‌که‌م له هه‌موو چرکه‌کانیدا بژیم، له هه‌مان کاتدا هه‌ر ئازار و شکستێك هه‌بێ وه‌ك به‌شێك له ژیان قبووڵی ده‌که‌م.

## مۆمێك:

له‌پێناو گه‌شبینیدا بجه‌نگه...

ئه‌گه‌ر جه‌نگاوه‌رێکی گه‌شبین بیت، واته: پابه‌ندێکی جددی له‌پێناو گه‌یشتنت به به‌خته‌وه‌ری و کامه‌رانیت له جه‌نگی رۆژانه‌ت.

تاکه جه‌نگانێکی ڕێگه‌پێدراو له‌گه‌ڵ ده‌روون، بریتییه له‌و ده‌مه‌ی که له‌گه‌ڵ ئه‌و بیرکردنه‌وه هیوابڕانه‌ت ڕووبه‌ڕوو ده‌بیته‌وه و ده‌جه‌نگیت که له ناختدا شه‌پۆل ده‌ده‌ن.

# ڕێسای (29)
# چوارچێوە و مەودای واجبەکانت لە ژیاندا بزانە

(ئەو دەمەی من تازە بە تازە بە ئازادییەوە دەهاتمە نێو تەمەنی خۆم، خەونـم بە گۆڕینی جیهـانەوە دەبینـی، بەڵام کـاتێ زیـاتر پێگەیشتم و تەمەنـم زیـاتر بـوو، بـۆم دەرکەوت کە ئەوەی مـن دەمەوێ ئەنجامی بدەم نایەتە دی، بۆیە وازم لەو خەونە هێنـا، لە بری ئەوە گوتم دەبێ شـارەکەی خـۆم بگـۆڕم، بەڵام بە هەمـان شـێوە دوای تێپەڕبـوونی مـاوەیەك بـۆم دەرکەوت هێنـانەدی ئەو خەونەش قورس و ئەستەمە، لە کۆتا ساڵەکانی تەمەنمـدا ویستم خانەوادەکەم بگۆڕم، بەڵام لەوەشدا شکستم هێنا.

ئێستاش کە من لەسەر پێخەفی مەرگم، دەزانم کە پێویستە لە خۆمەوە دەست پێ بکەم و خۆم بگۆڕم، هەر کات خۆم بگۆڕم ڕەنـگە لە توانامـدا بـێ خانەوادەکەشـم بگـۆڕم، دوای ئەوەش ڕەنـگە بە کەمێـك بەخـتەوە بـواری ئەوەم هەبـێ کە بتـوانم شارەکەشم بگۆڕم، ڕەنگە گۆڕینی شارەکەشم کاریگەری لەسەر گۆڕینی تەواوی جیهان هەبێ)

"لە نووسینەکانی ئەسقەف ئەنجەلیکانی ساڵی (١١٠٠ز)"

واجبات و سنووری خۆم دیاری کردووە و وێنام کردوون،
چەندین بەربەست و ئاستەنگم بۆ داناون!

ئەوەش بەوەی کە ڕێــــز لە هەمــــوو دروســـتکراوێکی پەروەردگار دەگرم، هیچ بوونەوەرێك بە بچووك سەیر ناکەم.

هەڵە بچووکەکان لە دڵمدا گەورە دەکەم، هەڵە گەورەکانی خەڵکی تریش لە چاومدا بە بچووك دەبینم.

قسە لەسەر ڕاستی و دروستی نـاکەم، بەڵکـو ئەوەی ڕاستە ئەنجامی دەدەم و دەڕۆم.

بەردەوام هۆشــداری دەدەم بە دەروونــم، لە خــۆبەزلزانین و ستاییش..

هەرگیز گوزارشت لە ڕزگاربوونی خـۆم نـاکەم، ئەگەرچی هەرچی کاری باش و چاکەیە ئەنجامی بدەم.

لە ئاســت ڕووداو و بەڵا و ناخۆشییەکانیشـــدا بە ئــارامی و دڵێکی جێگیر دەمێنمەوە..

بە یەقـین و دڵنیـاییەوە دەڵـێم: مـانەوەی ئەو دۆخەی ئێسـتا مەحاڵە، سەرئەنجامی هەموو شتێکی نەمانە.

تـاکە دروشـمی مـن بـۆ هەمـوو ئەو شـتانەی بەسـەرم دێـن، سوپاسگوزاریی پەروەردگارە..

بەرزکـردنەوەی دەسـتەکانمە بە سـوپاس و شـوکرانەوە بـۆ پەروەردگار، لە هەموو بەیانییەکی جواندا..

جلەکانم دەپۆشم، کەلوپەلەکانم ئامادە دەکەم، بە گەشبینی و نییەتی چاکەوە بەرەو کارەکەم هەنگاو دەنێم.

هەوڵـم داوە لەو کەسـانە بـم کە بەهـای خۆیـان دەزانـن،

ئەوانەی لە ژیاندا ماف بە دەروونی خۆیان دەدەن.

هەوڵم داوە بە سادەیی بژیم، دوور لە هەموو ئالۆزییەك.

بەردەوام دەبم لە کاری چاکە، تەنانەت ئەگەر خەڵکی بەوە تۆمەتبارم بکەن کە پاڵنەری کارە چاکەکانم شتێکی کەسییە.

دەبمە پێشەنگ بۆ ژیانم، فێری هونەرەکانی ژیان دەبم لەگەڵ تەحەددیاتەکانم.

سنوورەکانی خۆم دیاری کردوون و بەربەستم بۆ داناون.

دەگێڕنەوە کە پیاوێك هەبوو کاری نەشتەرگەری دەکرد، کاری دوورینەوە برینەکان بوو، بەڵام دوای چەند ساڵێك لە کارکردنی دووچاری وەرسی و بێزاری دەبێ، هەر بۆیە بیر لە گۆڕینی پیشەکەی دەکاتەوە. ئەو ڕۆژەی کە تیایدا بڕیاری گۆڕینی پیشەکەی دابوو، لە شەوەکەیدا ئەو پیاوە خەونێك دەبینێ، لە خەونەکەیدا دەبینێ خەڵك بۆ حەشر و حیساب کۆکراونەتەوە، پەروەردگاریش بە گوێرەی ئەو بەرپرسیاریەتییەی کە بە دڵسۆزییەوە لە دونیادا هەڵیانگرتووە پاداشتیان دەداتەوە، ئەو پیاوە تەنها دوو سانتیمەتری پێ بەخشرا، لە کاتێکدا کەسانی تر هەبوون پانتاییەکی زۆریان پێ دەبەخشرا، ئەو پیاوە لە خەونەکەیدا زۆر نیگەران دەبێ، بەیانی کاتێك هەڵدەستێ لە خۆی دەپرسێ باشە بۆچی تەنها دوو سانتیمەتر؟! هەرچەند بیری کردەوە واتای خەونەکەی نەزانی... دواتر بە بێتاقەتی چووە سەر کارەکەی، کەسێك دەهێننە بەردەمی کە برینێکی هەیە، ئەویش دەست دەکات بە دوورینەوە، کاتێك کارەکەی تەواو دەبێ سەیر دەکات برینی کەسەکە تەنها دوو

سانتیمەترە! ئا لەوێوە واتای خەونەکەی بۆ ئاشکرا بوو و سنووری کاری خۆی زانی، بۆیە لە بڕیارەکەی خۆی پەشیمان بوویەوە و بەڵێنیدا کە لەمەودا زۆر بە دڵسۆزی و بەرپرسیاریەتییەوە لە کارەکەی خۆی بەردەوام بێ.

**مۆمێك:**

گوڵ ئەرك و واجباتی خۆی لە ژیان دەزانێ، ئەویش کرانەوە و گەشەکردن و پەخشکردنی بۆنی خۆشە بە دەوروبەریدا..
هەر ئەوەشە وای لێ دەکات کە ببێتە گوڵێك لە گوڵەکان و دڵ و چاوەکانی بە گرنگییەوە سەیری بکەن.

# ڕێسای (30)
# ژیانت بەنرخترینی سامانەکانتە

پیاوێك هەبوو، هەموو بەیانییەك بە بازاڕدا دەسووڕایەوە و ئەو وشانەی دووبارە دەکردەوە:

هۆ خەڵکینە، من تا ئێستاش زیندووم، ئەمڕۆ ڕۆژێکی نوێیە!

خەڵکەکەش پێیان دەگوت: چ شتێکی ئەم ڕۆژە نوێیە؟

ئەویش لە وەڵامی ئەواندا دەیگوت: بۆیە ئەمە دووبارە دەکەمەوە تا لە بیرم نەچێ.

مادام تەنها جارێك بەم ژیانەدا گوزەر دەکەم..

بۆیە هەرچی لە هەگبەمدا هەیە هەمووی دەردەهێنم، هەموو دیرهەمەکانم خەرج دەکەم..

هەر وشەیەکم هەیە بۆ ژیان بۆی دەبێژم، هەموو ئاوازەکانم دەچڕم.

مادام تەنها جارێك دەژیم..

هەموو هەستە باش و چاکەکانم بۆ دەوروبەر دەردەبڕم..

تۆوی چاکە لە هەموو زەوییەکی بە پیتدا دەچێنم..

ڕوحە بێهیواکان بەهێز دەکەم، هەر شتێك خەڵکی بەرەو دۆخێکی باشتر ببات ئەنجامی دەدەم!

گەنمەشامییەکی برژاوی بینی، زۆر بەپەرۆشەوە تێی ڕاما، بە جۆرێك وەك بڵێی لە گەنجینەیەکی بە نرخ دەڕوانێ..

بە شکۆوە بە هەردوو دەستی گرتی، بە چێژەوە سەیری دەکرد، بە گرنگیدانێك کە چاوەکانی لەگەڵیدا دەبریسکانەوە...

زۆر بە نامۆیی ددانەکانی دەخستنە سەر، وەك بڵێی حەوت ڕۆژە تامی هیچ خواردنێکی نەکردبێ..

تەواوی دەمی دەکردەوە، دواتریش هێورهێور بەو چەند ددانەی مابووی لە ناو دەمی وردی دەکرد و دەیخوارد..

کاتێ منی بینی سەرنجم داوەتێ و سەرم لێی سوورماوە، چاویلکە ئەستوورەکەی لەسەر چاوەکانی بەرزکردەوە و وەك دانایەك لێمی ڕوانی و پێی گوتم:

من ئەویندارى گەنمەشامی برژاوم.

ئەو چەند ددانەی ماویشمە خەریکە دەوەرن..

ڕەنگە ئەوە دوایین جارم بێ تاموچێژی گەنمە شامی بکەم..

ئەگەر ژیانت بە کۆکردنەوەی سەروەت و سامان بەسەر ببەیت، ئەوا لە کۆتاییدا جگە لە شەڕوشۆڕی میراتگران لەسەر ئەوەی کۆت کردووەتەوە هیچی ترت بۆ نامێنێتەوە.

ئەگەر ژیانیشت تەرخان بکەیت بۆ شکۆ و ناوبانگ، ئەوا تاکە شتێك لە کۆتاییدا بۆت بمێنێتەوە، دوورەپەرێزی و تەنیاییە.

چەند داری گەورەت بینیوە کە وەك چیا لە بەرامبەر گەردەلوولەکان خۆڕاگر بوونە و ماونەتەوە، بەڵام لە بەرامبەر سوپایەکی کرمدا هەرەسیان هێناوە و دوو لەت بوونە..

ئێمەش بەو جۆرەین، لە بەرامبەر بەڵا و ئازارەکان خۆڕاگر و

چەسپاوین، بەڵام ئەو دەمە شکست دەهێنین و دەکەوین کە ڕۆژەکانی تەمەنمان لە شتی بێ هودە و بێ واتادا بەسەر ببەین.

دەڵێن: فیرعەونەکان باوەڕیان وابووە کاتێك مرۆڤ دەمرێ، لە ڕۆژی حەشر و حیسابدا دوو پرسیاری لێ دەکرێ:

یەکەم: ئایا خۆش ژیاییت؟

دووەم: ئایا خۆشییت خستووەتە ژیانی دەوروبەرت؟

ئەگەر هاتوو وەڵامەکەی بە بەڵێ بوو، ئەوا دەنێردرێتە بەهەشت.

بەر لە خۆرهەڵاتن، ماسیگرەکە گەیشتە دەریا، کیسێکی پڕ لە وردە بەرد لە لێواری دەریاکە بوو، هەڵیگرت و هەمووی خستە نێو دەریاکەوە، جگە لە تاکە بەردێك، لە دەستی خۆیدا هێشتییەوە، کاتێك خۆر دەرکەوت و پرشنگی دا، لە دەوری خۆی ڕوانی، باوەڕی بە چاوەکانی نەدەکرد، بینی ئەوەی لە دەستی دایە بەرد نییە و پارچە ئەڵماسێکە.

ئەوسا زانی ئەو کیسەی ئەو خستیە دەریاوە پڕ بووە لە ئەڵماس، بۆیە زۆر پەشیمان بوویەوە لەوەی ئەنجامی دا، چونکە سەروەتێکی زۆری لە دەست خۆی دا، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشی بوو، هێشتا ئەڵماسێکی لە دەست مابوو.

## مۆمێك:

ژیانت گوێچکە ماسیی تۆیە..

بـیکەوە، ئەوسـا مـروارییە جـوانەکەی خـۆت دەبینـی، ئەوە ڕۆژەکانی تۆن..

وەك پێویست لەگەڵیاندا بژی.

# ڕێسای (31)
# بەهاوسەنگی بژی

هاوڕێکەم هەر جارێك ئەو نەیەی دەژەنی کە بە دەستی خۆی لە تەختەی سندیان دروستی کردبوو، سەرەتا بە دەستەسڕێکی پاکی ڕەنگ سوور کە بە گوڵاو بۆنخۆش کرابوو پاکی دەکردەوە.

دوای هەموو بەکارهێنانێکیش دەستەسڕەکەی جوان دەشووشت..

ئەو دەمەی دەستی دەکرد بە ژەنین، وەك ئەوە وابوو کە ژێکانی ڕۆحی خۆی بژەنێ، ئا بەو جۆرە نەی دەژەنی..

دواتریش زۆر بە ئارامی دەیخستەوە شوێنی خۆی، تا لە ژیانێکی هاوسەنگ و دادپەروەرانەدا بژی..

تۆ ناتوانی ببی بە گرنگترین کەس بۆ هەموو کەسێ، یانیش هەموو کارەکان لە یەك کاتدا ئەنجام بدەیت.

تۆ ناتوانی هەموو کارێك بە هەمان دڵسوزی و تێڕامانەوە ئەنجام بدەیت، یانیش هەموو کارەکان باشتر لە هەموو کەس ئەنجام بدەیت.

ژیانێکی هاوسەنگ باشترین دیارییە کە هەر یەك لە ئێمە پێشکەش بە ژیانمانی بکەین..

ئەو دەمەی چەنـد سـاتێکی پـڕ لە سـەکینەت و ئـارامی بە دەروونـی خۆمـان دەبەخشـین، ئەوە لەپێنـاو هاوسـەنگکردنی ژیانمانە لە بەرامبەر ئەو شەپۆلە توندەی لە داهاتوودا ڕوومان تێ دەکات..

ئەو دەمەش کە بە مێشکمان بیر دەکەینەوە، پێویستە هەست و ڕووگەی دڵەکانمان لە یاد نەکەین.

ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان دڵ و مێشکدا هۆکارێکە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی خۆش و دوور لە جەنجاڵی.

ئایینە ئاسمانییەکانیش لەسەر گرنگی و بایەخی هاوسەنگی لە هەموو شتێکدا کۆك و هاوڕان.

پیاوەکە دوای ڕۆژێکی درێژ لە کـارکردن گەڕایەوە مـاڵەوە، کـاتێ گەڕایەوە بینـی هاوسـەرەکەی ئەو داربەڕووەی بڕیـوە کە ماڵەکەیـانی جـوان کردبـوو، کاتێـك لە هۆکـارەکەی پرسـی، وەڵامی دایەوە و گوتی: کاتێ من نوێژ دەکەم جریـوە جریـوی ئەو چۆلەکانە بێژەکـانی نـوێژم لـێ تێـك دەدەن و لە نـوێژەکەم دەمپچڕێنن!

پیاوەکە سەرسامبوو! خۆی بێدەنگ کـرد، بۆ ڕۆژی دواتر کاتێك لە کار گەڕایەوە بینی وا هاوسـەرەکەی لەگەڵ پیـاوێکی بێگانە لە ماڵەکەی خۆیدا خیانەتی لێ دەکات!

بۆیە بێ ئەوەی هـیچ بە هاوسـەرەکەی بڵـێ، سـەری خۆی هەڵدەگرێ و دەڕوات، دەچێتە گوندێکەوە، کاتێك دەگـاتە نـاو گونـد، دەبینـێ خەڵـکەکەی لە حـاڵەتێکی پەشـۆکاوی دان، هەموویـان بە دوای دزێکـدا دەگەڕێـن، بەڵام کەس نەیتوانیوە

بیدۆزێتەوە و هیچ ئاسەوارێکی دیار نییە، ئەویش لەناو گوندەکە دەسووڕایەوە، لە ناکاو بینی وا کەسێك زۆر بە ئاگاییەوە بە ڕێگەدا دەڕوات، تەنانەت تەواوی قاچەکانیشی ناگەیەنێتە سەر زەوی، بەڵکو بەسەر پەنجەکانی ڕێ دەکات، ئەویش پرسیاری هۆکاری ئەو ڕۆیشتنە نامۆیەی لێ دەکات، کابراش لە وەڵامدا دەڵێ:

چونکە من لە سزای خودا دەترسم، دەترسم ئەگەر قاچەکانم تەواو بگەیەنمە زەوی، مێرووڵەیەك یان زیندەوەرێك بکەوێتە ژێر قاچەکانم و بەهۆی منەوە ئازاری پێ بگات.

ئەو پیاوە ڕاستەوخۆ دەستی ئەو کەسە دەگرێت و دەنگی بەرز دەکاتەوە و دەڵێ: هۆ خەڵکینە، وەرن ئەوە دزەکەیە!

# ڕێسای (32)
# لەگەڵ خودا بە

(نوێژەکانتان گەورەترین هۆکارە بۆ دروستکردنی چالاکیی مرۆیی، کە تا ئێستا زانرابێ)

"ئەلێکس کارلێل"

تا بڵێی ئافرەتێکی سست و لاواز بوو، بچووکترین ڕووداو دەیشڵەژاند، بە وشەی زۆر سادە تێکدەچوو و هەراسان دەبوو، لە چرکەیەکدا دەبووە ئاگرێکی بڵێسەدار، کوژاندنەوە و دامرکانەوەی قورس بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا بە ئەندازەیەك بەخشندە و بە بەزەیی بوو کە هەر وەسف ناکرێ.

هیچ شتێك جگە لە (الله) دڵت پڕ ناکا، هەر شتێکیش جگە لەو شتێکی ڕووکەشی و تێپەڕە..

پەروەردگار تاکە خۆشەویستێکە کە گشت ئەندامەکانی جەستەتی گرتووە، تۆش هەمیشە بە خوداوە بەهێزترینی، لەوپەڕی سستی و لاوازیشدای بەبێ ئەو.

ئەو زیاتر لە هەموو شتێك لێتەوە نزیکە، هەر ئەوە سەرچاوەی ئارامی ڕەها و هێزی لەبنەهاتوو.

هەر کات گریمانەی ئەوەت کرد کە پەروەردگار لێتەوە دوورە، ئەوا برۆ چەند پیاوێکی ئایینی، لەوانەی ئایین بەکاردێنن،

بکە ئامرازێك تا ترست لە دڵدا دروست بکەن، ئەوسا ئەوان خۆیان بە پارێزگاری دین و وەکیلی خوداش ناوزەد دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان جگە لە پارێزگاری بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆیان پارێزگاری هیچ شتێکی تر نین.

هەرگیز لە یادی خودا مەوەستە، چونکە دڵنیابە هەر ئەو سەرچاوەی هێز و ئۆقرەی دڵەکانە.

هەرگیز یادی خودا لەبیر مەکە، چونکە دڵنیابە تەنها ئەوە هۆکاری ئاشتی و سەکینەت.

پشت هەر بەو ببەستە، داوای یارمەتی هەر لەو بکە، ئەوسا دەبینی کە چۆن ئەو دەمەی هەموان جێت دەهێڵن، ئەو فریات دەکەوێ.

پەروەردگار بکە بە هاودەمی یەکەم و هەمیشەییت، بیکە بە سەرچاوەی بەختەوەریت..

ئەو دەمانەش کە لەپڕێکدا ترسێك دەبێتە میوانی دڵت، لە دڵەوە نوێژێك بۆ پەروەردگار ئەنجام بدە.

تا لەگەڵ گفتوگۆدا دڵت بەرەو بەرزایی ئاسمانەکان بەرزبێتەوە و لە هاتنەخوار هیچ ترس و بیمێك لەگەڵ خۆیدا نەهێنێتەوە.

گەنجێك چووە نێو شەمەندەفەرێکەوە، لە تەنیشت پیاوێکی پیر دانیشت، کاتژمێرێك تێپەڕی، پیرە پیاوەکە لەو ماوەیەدا هەر شوێنی خۆی بە دەنگێکی نزمەوە سەرقاڵی نوێژکردن بوو، گەنجە زۆر لەو کارەی پیرەمێردەکە هەراسان و پەست بووبوو،

بۆیە بە دەنگێکی بەرز بەرەو ڕووی پیاوەکە هاتە قسە و گوتی: نازانم لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەی جیهانی پزیشکییەوە دەبینی تۆ بۆ نوێژ دەکەی، تۆ دەبینی کە ئەو شەمەندەفەرە چۆن ڕێگا دوورەکانمان بۆ نزیک دەکاتەوە؟ ئێوەی پیر هەر دەمانگێڕنەوە بۆ دواوە، کاتی خۆتان هەر بە نوێژکردن بەفیڕۆ دەدەن، ئایا تۆ ئەوە دەزانی کە زانایەک ماددەیەکی دۆزیوەتەوە پێی دەگوترێ (پەنسلین) کە دژە بەکتریایە؟

پیاوە پیرەکە بە ئارامی ڕووی کردە گەنجەکە و پێی گوت: من "ئەلیکساندەر فلیمینگ"م، دۆزەرەوەی ئەو ماددەیە.

---

**مۆمیلك:**

ڕەنگە کوخە بچووکەکەمان شکۆ و هەیبەتی نەبێ، بەڵام پڕە لە بێگەردی..

هەر شوێنێکیش بێ خەوش و بێگەرد بوو، ئەوا نووری پەروەردگاری لێیە.

حافزی شیرازی

# ڕێسای (33)
## بەڵا و ناخۆشییەکان بکە پردێك بۆ سەرکەوتن

لەسەر تەپۆلکەیەکی بەرز دانیشت، سەرنجی خستە سەر جۆگەلە ئاوێکی بەخوڕ.
لەو شەپۆلانە ڕامابوو کە ملی ڕێگەیان گرتبوو و بەسەر یەکدیدا بازیان دەدا، کە چۆن بەرد و بەربەستە قوڕین و لارییەکانی ڕێگە دەبڕن و بۆ ساتێك لە بەرەوپێشوون ناوەستن و هەنگاوێك بۆ دواوە ناگەڕێنەوە!
بەو جووڵانە خۆیان نوێ دەکەنەوە و بەردەوامی بە سافی و بێگەردیی خۆیان دەدەن..
دوای ئەوەش بینی کە چۆن دەڕژێنە بن دار و درەختەکانی ڕێگە، گومانیشی لەوە نەبوو کە گژوگیا و درەختەکان زۆر بەو بەخشینە دڵخۆش دەبن.
ئاوی ئەو جۆگەلەیە وا لەو بەربەست و تەپۆلکانەی ڕێگای گەیشتبوو کە تەنها یارییەکن و بێزاری و وەڕسیی ڕێگەی دەشکێنن!
ئاستەنگ و قورسییەکان هەرچەند و هەر چۆنێك بن، ئامانجەکەت لە پێش خۆت دابنێ، سەرنەکەوتن جگە لە شکستێکی کاتی هیچی تر نییە، ڕەنگە زۆر جارانیش دەرفەتی

سەرکەوتنێکی گەورە بڕەخسێنێ.

هەموو ئەو کەسانەی کە لە ژیاندا سەرکەوتوو بوون، سەرەتا بە بەسەر چەند ململانێیەکی هیوابڕدا تێپەڕ بوونە.

خاڵی وەرچەرخانی ژیانیشیان لەو دەمە دروست بووە کە کارەساتەکە ڕوویداوە، بەڵام لەو کاتەدا لایەنێکی پڕشنگداری ڕووداوەکە لە خۆیاندا دەدۆزنەوە و دەیکەنە پردێک بۆ سەرکەوتنیان.

هەرگیز بێ هیوا مەبە ئەگەر هاتوو قاچت لە بەردێک ئاڵا و کەوتیت، دڵنیابە لەوەی سەرکەوتنێکی گەورە چاوەڕێت دەکات، بەڵام بە مەرجێ نەوەستیت و بەردەوام بیت لە ڕۆیشتن...

داخستنی هەر پەنجەرەیەک، کردنەوەی پەنجەرەیەکی هیوای لە دواوە دێ، ژیانیش تا کۆتایی تەمەن لێوانلێوە لە پەند و وانە.

کەواتە لە هەموو بارێکدا هیوا لە دەست مەدە، چونکە هیوا وەک خۆر وایە، دەردەکەوێ و ئاوا دەبێ، بۆیە با هەمیشە لە دڵتدا ترپە بکات.

هەموو ڕۆژێ چاودێری خەونەکانت بکە، چونکە ئەوان وەک گوڵ وان، بە بێ چاودێریکردن و ئاودان هەرگیز دەرناکەون و ناکرێنەوە.

ئەو "مەرجان"ەی لە دەریاکاندا دەژی، هەموو ڕۆژێ لەپێناو مانەوە دەجەنگێ، بە هۆکاری بای بەهێز و پاڵنانی شەپۆلەکان، هەر بەو هۆیەوە بەهێز دەبێ و گەشە دەکات و تەمەندرێژ دەبێ،

بەڵام مەرجانی ڕووبار و دەریاچە تەنك و مەنگەكان لەبەر ئەوەی هەمیشە وەستاو و جێگیرن، زوو لەناو دەچن و دەمرن، چونكە هیچ تەحەددیەك لە بەردەمیاندا نییە بۆ ئەوەی لەپێناو مانەوەیاندا لەگەڵی بجەنگن.

بەربەستەكان پردی پەڕینەوەن بەرەو سەركەوتن..
شكستەكانیش نیشانەن بۆ گۆڕانی زەمەن و كات..
شكانەكانیش بریتیین لە پاڵنەر و سووتەمەنی بۆ چوون بەرەو ئامانجێكی نوێ.

هەرگیز خۆم بە شتی بچووكەوە سەرقاڵ ناكەم، بەردەوامیش هێز و وزەم بۆ شتە گەورە و ڕووداوە دەگمەنەكان هەڵدەگرم..
بە دەروونێكی ڕازییەوە ڕووبەڕووی ئاستەنگ و بەربەستەكان دەبمەوە..
بەرپرسیارییەتییەكان بە شێوەیەكی تەواو لە ئەستۆ دەگرم، دڵنیام لەوەی كە ئەو كارەم هێز و داناییم پێ دەبەخشێ.

**مۆمێك:**
سەیری دەمارەكانی گەڵای دار بكە..
دەشت و ڕووبار و كەنار دەریاكان...
هەرگیز هێڵێكی ڕاستیان تێدا نادۆزیتەوە.

# ڕێسای (34)
# تۆ نهێنی هەرە گەورەی

( هەریەك لە ئێمە دوو خۆری هەیە، دانەیەکیان لە ئاسمان، ئەوەی تریان لە ناخیدا).

لە یاساکانی جەنگاوەر "سامۆڕای":

هیچ دەسەڵاتێکی پیرۆز لای من نییە.. دەستپاکیی من دەسەڵاتی منە.

هیچ هێزێکی جادوویم نییە.. هێزی ناخم جادووی منە.

دوو گوێچکەم نین.. هەستیاری و بەئاگاییم دوو گوێچکەکەی منن.

هیچ بنەمایەکم نییە.. خۆگونجانم لەگەڵ هەموو شتێکدا بنەمای منە.

هیچ قەڵایەکم نییە.. عەقڵێکی جێگیر قەڵای منە.

هیچ پارێزبەندێکم نییە.. نییەتێکی باش و بەردەوامی، پارێزبەندی منن.

هەر کات خۆری ئاسمانمان لێ ئاوابوو، ئەوا پێویستە بۆ ڕۆشنکردنی ژیانمان پەنا بۆ خۆری ناخمان ببەین، تا بە هیواوە بژین، هەروەها پێویستە بەردەوام ئامانجەکانمان نوێ بکەینەوە و

پێـــداچوونەوە بە قیبلەنماکەمانـــدا بکەیـــنەوە، تـــا لە دروســـتی ئاراســـتەکەمان دڵنیـــا بـــین، پێویســـتە بەردەوام ئاهەنـــگ بە ژیـــان بگێڕین و چێژی لێ وەربگرین، جوانی لە هەر کـوێیەك بێت بە دوایـدا بچـین و بیـدۆزینەوە، فێـربین کە چـۆن ڕێـگە باشـەکە دەدۆزینەوە، هەروەها چۆن ڕووبەڕووی ئاستەنگ و قورسییەکان دەبینەوە و دەگەینە ڕەزامەندی و ئارامی و سەکینەت.

تـــاکە بنەمـــایەك بـــۆ بەخـــتەوەری ئەوەیە کە وا لە هەمـــوو هۆکارەکانی بەختەوەری بکەین، بۆ بەختەوەریمان پشت بە ئێمە ببەستن.

قوتابییەك لە مامۆستا ڕۆحانییەکەی دەپرسێ: بەهێزتـرین شت لە جیهانـدا چ شـتێکە؟ مامۆسـتاکە پێـی گـوت: بـڕۆ سـەر ئەو تەپـۆلکەیە، لەوێـوە بەردێگـی گەورە و پتەو دەبینـی، هەوڵبـدە سـووکایەتی پـێ بکەیـت... قوتـابییەکەش ئەوەی ئەنجـام دا کە مامۆستاکەی فەرمانی پێ کرد، پاشـان قوتـابییەکە گەڕایەوە لای مامۆستاکەی و پێـی گـوت: مامۆسـتا ئەو بەردە هـیچ وەڵامێکـی بەرامبەر بە سووکایەتییەکانی من نەبوو. ئەمجارە مامۆستاکە پێـی گـوت: کەواتە بـڕۆ بە هەر دوو دەســتەکانت زۆر بە بەهێـزی هێرشی بکە سەر، قوتـابییەکە ئەمجارەش فەرمـانی مامۆسـتاکەی جێبەجێ کرد، دواتر گەڕایەوە و گـوتی: مامۆسـتا ئەوەم ئەنجام دا کە فەرمانـت پـێ کـردم، بەڵام بەو کـارەم هـیچ لە دۆخـی بەردەکە نەگۆڕا، کەچی پەنجەکانی من بریندار بـوون. ئەمجارە مامۆستاکە گوتی: بڕۆ ئەمجارە بە شمشێرەکەت هێرش بکە سەر بەردەکە، دوای کەمێك قوتـابییەکە گەڕایەوە و گـوتی: مامۆستا

شمشێرەکەم شکا. ئەمجارە مامۆستاکە گوتی: ئێستا زانیت کە ڕەقترین شت لە جیهاندا چییە؟ بەردە، چونکە ئەو هێزی خۆی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە، هەرگیز بایەخ بەوە نادات کە لە دەرەوە چی دەگوزەرێ و چی پێ دەگوترێ و چی لەگەڵدا ئەنجام دەدرێ!

ئەو دەمەی خودی خۆمان خۆشدەوێ، پێویست ناکات ئەوە بۆ هیچ کەسێکی ئەم گەردوونە بسەلمێنین..

بەڵام ئەو دەمەی لەگەڵ خـــودی خۆمـــان دەکەویـــنە پەیوەندییەکی ئاڵۆز، ئەوا ئارامی خۆمان لەدەست دەدەین و بێهیوایانە پەنا بۆ سادەترین سۆزی خەڵکانی تر دەبەین.

ئەو کاتانەی بۆ هێزی ناخمان دەگەڕێینەوە، دەبینە کەسانی دانا..

لە بری ئەوەی پەنا بۆ کەس ببەین.. خۆمان ئازاد دەکەین و بە گوێرەی قیبلەنمای ناخمان دەژین.

**مۆمێك:**

**لە ناخت ڕابمێنە و سەرنجی بخە سەر، چونکە تەواوی ژیان ئەو دەمە دەست پێ دەکات کە سەرنج دەخەیتە سەر ناخت و لێی ڕادەمێنی.**

# ڕێسای (35)
## لە ژیان سەغڵەت و بێزار مەبە

جەلالەدینی ڕۆمی دەڵێ:

مرۆڤ بوونەوەرێکە، وەك ماڵێکی تایبەت بە میوان وایە، هەموو ڕۆژێ ڕێبوارێك دێتە بەردەم دەرگای، ڕەنگە ئەو ڕێبوارە شادی بێ، ڕەنگ خەمۆکی بێ، یان تووڕەیی...

ڕەنگە چەند یادگارییەك بێنە ڕێگەت هەرگیز پێشبینیت نەکردبن، پێشوازییان لێ بکە و بەخێرهاتنیان بکە، زۆر ڕێزیان بگرە، ئەگەرچی لە ماڵەکەتدا هیچ کەلوپەلێکیش بەدی نەکەیت.

زۆر بە بەخشندەییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکە، ڕەنگە بۆ ئەوە هاتبن تا جارێکی تر پڕت بکەنەوە لە بەختەوەری.

بیرۆکە خراپەکان، ڕووداوە هیوابڕەکان... لە دەرگای ماڵەکەتدا چاوەڕێیان بکە، بە پێکەنینەوە بانگهێشتی ماڵەکەتیان بکە.

شوکرانە لەسەر هەموو ئەو شتانە بکە کە بە ڕووتدا دێن، چونکە هەموویان لە نادیار و پەنهانەوە هاتوون.

ژیانت، بە هەرچی لەگەڵیدا هاوپێچ کراوە، خۆشەویستی و خەم، چێژ و ئازارەکان... هەموویان دیاریی پەروەردگارن، بۆیە

پێویسته قبووڵیان بکەیت و پێیان ڕازی بی.

هیچ کەس حەز بە سزا و ئازار ناکات، بەڵام کە هات، پێویستە وەك بەشێك لە پێکهاتەی ژیان قبووڵی بکەین.

هیچ شتێکی نێو ژیانت بە کەم مەزانە، بێزاری و وەڕسبوونت لە ژیان جگە لە بێهیوایی خەم هیچی تری لێوە بەرهەم نایەت.

ئەگەر ژیایت و پێچەوانەی سیستەمی گەردوون نەجووڵایتەوە و بە ژیان ڕازی بووی، ئەوا دڵنیابە ژیان لە تۆ ڕازی بێ!

ئەو دەمەی خۆر دەردەکەوێ و جوانییە ناوازەکەی بە تۆ نیشان دەدات، ئەوە بە ڕووداوێکی ئاسایی ڕۆژانەت گوزارشت مەکە..

بەڵکو بە ڕوداوێکی دەگمەنی بزانە، با هەستت بە جۆرێك بێ وەك بڵێی یەکەمین جارە دەیبینی..

لە ناخی دڵتەوە سوپاسی پەروەردگار بکە، لە بەرامبەر ئەو ڕووناکییەی کە دڵت ڕووناك دەکاتەوە.

ئەو دەمەی قەیرانەکان تەنگت پێ هەڵدەچنن، تووڕەیی ناخت پڕ دەکات، ئەوا هەوڵبدە پڕ بە ناخت سوپاسگوزاری دروست بکەیت، تا بگەڕێیتەوە سەر سروشتی خۆت و ببیتەوە بە مرۆڤ.

شەوێکیان زۆربای یۆنانی لە مەقدۆنیا بە تەنیا لە سەر لووتکەی چیایەکی بە بەفر داپۆشراو بوو..

لەناکاو بایەکی توند هەڵدەکات و ئەو کوخە بچووکەی پەنای بۆ بردبوو دەخاتە لەرزین، خەریك بوو سەروژێری دەکرد..

بەڵام زۆربا هاتەدەر و چەند پاڵپشتێکی بۆ دروست کرد، دواتر لە نزیك ئاگرەکە بە ئاسوودەیی لێی دانیشت، ئەوی بیری ئەما بایە توندەکە بوو..

دواتر بە پێکەنینەوە بە بایەکەی گوت:

هەرگیز ناتوانی بێیتە ناو کوخەکەم، چونکە دەرگات لێ ناکەمەوە!

ناتوانی ئاگرەکەم بکوژێنیتەوە، ناتوانی کوخەکەم خاپوور بکەی..

پڕ بە دەنگی بە با پێدەکەنی!

ئێستا زانیتان چۆن بەبێ هیچ سەغڵەتبوونێك پیاوەکان ڕووبەڕووی قورسییەکانی ژیان دەبنەوە؟!

**مۆمێك:**

**هەر کات دەروونی خۆت لەسەر هەستی سوپاسگوزاری ڕاهێنا.. ئەوا دڵنیابە ئەو دەم هەوایەکی پڕ لە ژیان لە ناختەوە هەڵدەکات و هەرگیز ناپچڕێ و ناوەستێ.**

# ڕێسای (36)
## بەرپرسیارییەتی ژیانی خۆت هەڵبگرە

کەسانێك هەن لەسەر دەستی ماندووبوونی کەسانی تر دەژین و بوونەتە کۆڵێك بەسەر شانی دەوروبەریانەوە و ئامادەنین خۆیان بەرپرسیارییەتی ژیانی خۆیان هەڵبگرن، ئەو جۆرە کەسانە چێژ لەو جۆرە ژیانە وەردەگرن و ئارەزوو ناکەن پێی بگەن و لە بازنەی منداڵێتی ڕزگاریان بێ، هەرگیز هەوڵ نادەن و بیرناکەنەوە و پلانیان بۆ وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی ژیانیان نییە، وەك بڵێی ئەم جیهانە بەرپرس بێ لە خۆشبەختکردن و خزمەتکردن و چارەنووسیان، ئەو دەمەی دووچاری شکستێکیش دەبن دەست دەکەن بە لۆمە و سەرزەنشتی دەوروبەریان و شکستی خۆیان دەخەنە ئەستۆی ئەوان.

گەنجێك بە مامۆستاکەی دەڵێ:

چەند ساڵێکە من هەوڵی گەیشتن بە دانایی دەدەم، کتێبێك نەما لەو بوارە کە نەیخوێنمەوە و موتالای نەکەم، بەڵام بێ سوود بوو، ئێستا تۆ پێم بڵێ من چی بکەم، چۆن ببم بە کەسێکی دانا؟! مامۆستاکە لێی پرسی: چۆن خۆت پێگەیاند؟ گەنجەکە: دایك و باوکم هاوکارم بوون تا بەم قۆناغە گەیشتم.

مامۆستاکە گوتی: هەنگاوی دواتر ئەوەیە کە نێو خولەك چاو بېڕیتە خۆر. گەنجەکە ئەوەشی ئەنجامدا. دواتر مامۆستاکە داوای لێ کرد کە وەسف و ستایشی ئەو کێڵگەیە بکات کە لە بەرامبەریەتی. گەنجەکە گوتی: ناتوانم، خۆر چاوەکانمی کوێر کرد، ناتوانم بە باشی شتەکان ببینم. ئینجا مامۆستاکە گوتی: تۆ بە تەنها بە چاوبڕین لە کتێب و خوێندنەوە ناگەیت بە دانایی، چونکە بەو جۆرە وەك سەیرکردنەکەت بۆ خۆر وایە و کوێرت دەکات، بەڵکو پێویستە کار بکەیت و بەرپرسیاریەتی ژیانت هەڵبگری، ئەو ئەرکە بە کەسی تر نەسپێری و خۆت ئەنجامی بدەیت.

بەرپرسیاریەتی ژیانی خۆت هەڵبگرە، خۆت ڕووبەڕووی ئاڵنگاری و ئاستەنگەکان ببەوە، بەردەوام گەشە بەخۆت بدە و خۆت بەرەوپێش ببە.

خۆت بە هیچ کەسێکی ئەم سەر زەویە بەراورد مەکە، چونکە پەروەردگار لە سەر شێوە و توانا و تایبەتمەندی جیاواز دروستی کردووین.

لەگەڵ دەروونی خۆت ڕەق و توند مەبە، هەرگیز داوای مەحاڵ لە خۆت مەکە، سنووری تواناکانی خۆت بزانە، لەگەڵ خۆتدا بە بەزەیی و میهرەبان بە.

هەر کاتێك بە جەنگەکانی ژیان گەیشتی ڕووبەڕوویان ببەوە و لەگەڵیاندا بجەنگە، ئامانجگەلێك بۆ ژیانی خۆت دروست بکە، بەڵام با هەمیشە لەگەڵ تواناکانتدا بگونجێن.

له هەموو بارودۆخێکدا خۆت گەورەی دەروونی خۆت بە، هەرگیز بەرپرسیاریەتی ژیانی خۆت مەخە سەر کەسانی دی، خۆشت بڕیارەکانی ژیانی خۆت بدە.

ڕەنگە هەندێ جار هەست بە ماندوێتی و قورسی ژیان بکەین..

بەڵام دڵنیابە هەر ئەو ماندوبوون و قورسیەیە کە لە دوا هەموو وەستانێك سەر لە نوێ چالاکی و زیندوێتیمان پێ دەبەخشێتەوە، ئەو هەستەمان پێ دەبەخشێ کە ئێمە هێشتا لە ژیان ماوین و دەژین...

ئەگەر ئەو بەرپرسیارییەتییانە نەبوونایە، ئەوا ژیانێك لە ئارادا نەدەبوو.

ئامادەکردن و کردنە PDF
ڕۆژگار کەرکوکی

# ڕێسای (37)
## کۆشش بکە بۆ کاری خێر و چاکە

چاکە لەگەڵ هەموو کەسێکدا ئەنجام بدەن، گەنجینەکانیشتان لە ئاسمان دابنێن...

باشترین ئەو شتانەی خەڵکی هەیانە بیاندۆزنەوە، گەنجینە شاراوەکانیان دیاربخەن، ئەوسا دەبینی کە چۆن بەدرێژایی ژیان دەبنە دیلی ئێوە.

یارمەتییان بدەن تا خۆیان خۆشبوێ، تا ڕێز لە خۆیان بگرن، تا متمانە بە تواناکانی خۆیان بکەن.

هەرگیز ڕێگە مەدەن بێهیوا بن لەوەی کە ناتوانن دەروونی خۆیان بگۆڕن.

یارمەتییان بدەن تا بە بوونی ئێوە هەست بە ژیانێکی باشتر بکەن، هاوکاریان بن تا کاری چاکە ئەنجام بدەن و گەشبینانە لە ژیان بڕوانن.

یارمەتییان بدەن تا هەمیشە فەخر و ستایش بە بوون و دەروونیان بکەن.

ئەگەر هەموو ئەوانەت ئەنجام دا... ئەوا دڵنیابە لە ناخیاندا وزە و زیندوویێتییەك بەدەست دەهێنن کە هەرگیز وەسف ناکرێ، هەستکردنێك کە وایان لێ دەکات بەرەو ئاسمانەکان

بەرز ببنەوە و هێزێك لە ناخیان دروست دەبێ، کە بەردەوام ئارامی و سەکینەت بە ڕۆحیان دەبەخشێ.

پیاوێك هەبوو، لە ژیانیدا کارێکی باشی ئەنجام نەدابوو، بە بەد و خراپەکار ناوی دەرکردبوو، کاتێك تەمەنی هەڵکشا و لە مردن نزیك بوویەوە، زانی ئەو دەچێتە دۆزەخەوە، پێش مردنی کەمێك بێ هۆش دەبێ و لەو کاتەدا دێتە بەرچاوانی وا بەرەو دۆزەخ دەبرێ، دەرگاوانی دۆزەخ ڕایدەگرێ و پێی دەڵێ، بۆ کوێ دەچی خۆ ناوی تۆ لە لیستی ئەهلی دۆزەخ نییە، چونکە تۆ ڕۆژێك لە دارستانێك جاڵجاڵۆکەیەکت لە مردن ڕزگار کردووە، لە بەرامبەر ئەوەدا خانوێکت بۆ لە بەهەشتێ دروستکراوە، بۆیە بەسەر ئەو دیوارە بکەوە بڕۆ ناو بەهەشتەوە، ئەویش زۆر بەخێرایی دەچێتە سەر دیوارەکە بۆ ئەوەی بچێتە ناو بەهەشتەوە، بەڵام کەسانێکی کە لە دواوەی وەستابوون قاچەکانی دەگرن تا لەگەڵ ئەو بچنە سەر دیوارەکە، ئەویش هێزی سەرکەوتنی نامێنێ و دەکەوێتە خوارەوە.

لە ڕۆژی لێپێچینەوەدا..

پێش ئەوەی لەسەر ئەو خراپانەی ئەنجاممان داون لێپێچینەوەمان لەگەڵدا بکرێ، لەسەر هەموو هەڵە و هەموو تاوانێك..

لەسەر سۆز و بەزەییمان بە یەکتری لێپێچینەوەمان لەگەڵ دەکرێ..

لەسەر ئەو خۆشەویستییەی کە بیرمان چوو بە براکانمانی بدەین..

لەسەر ئەو چرکانەی کە پێویست بوو تیایدا داوای لێخۆشبوون بکەین و لێبوردە و بەخشندە بین.
لەسەر ئازاردانی دراوسێ..
لەسەر مەودای بێگەردیی دڵەکانمان..
لەسەر ئەو وشە خۆشەویستیانەی کە بە خۆشەویستانمان نەگوتن، لەو کاتەی کە زۆر پێویستیان پێ بوو.
ئافرەتێکی پاك و بێگەرد هەبوو، بەهێز وەك گوڵێکی بێ تاوان.
ژیانێکی سادە و دوور لە ئاڵۆزی دەژیا.
داوای ستایشی لە هیچ کەسێ نەدەکرد.
بەدرێژایی ژیانی هەموو چاکەیەکی بە نهێنی ئەنجام دەدا.
وەك گوڵێك کە چۆن بۆنی خۆشی بە هەموو لایەکدا پەخش دەکات، ئەویش بەو جۆرە خۆشەویستی و بەزەیی و میهرەبانی خۆی دەبەخشی.
بێ ئەوەی لە دوای خۆی هیچ شوێنەوارێك جێبهێڵێ.
هەمیشە پێداویستییەکانی سادە بوون، داواکارییشی نەبوو.
وەك ئەوە وابوو کە تەواوی حیساباتی خۆی لەگەڵ ژیاندا کردبێ.
وەك ئەو کەسانەی کە جگە لە پەروەردگار شتێکی تر شك نابەن.
لە سەردەمی خۆیدا گەورەی ژنە خێرخوازەکان بوو.
دراوسێیەکی تا بڵێی باش، هەمیشە دەبووە کۆڵەگەی ئەو کەسانەی خەریك بوو دەکەوتن.

دەبـوو بە پـردی هەژاران، ئەو دەمەش کە کەسـانی دەوری خۆشحاڵ و دەوڵەمەند دەبوون، ئەو خۆی ون دەکرد.

بە هەمـــوو هـــیممەت و توانـــایەوە بە دوای دەرفەتێکـــی چاکەکردن دەگەڕا..

وەك مەکینەیەکـی هێـز وابـوو، بەردەوام هێـزی دەبەخشـی... ئافرەتی ڕۆژە سەخت و کارە دژوارەکان بوو.

لە دەرەوە زۆر ئارام و لەسەرخۆ، لە ناخەوە توند و پتەو.

هەر کەسێك بیناسیبا وای بیردەکـردەوە کە پەروەردگـار ئەو ئافرەتەی بۆ خزمەتی ئەو دروست کردووە!

دەوروبەری دەیـانگوت: ئەوە ئەو بەردەیە هەمیشـە لە کـاتی کارەساتەکان پشتی پێ دەبەستم.

جا کاتێك ئەرك و فەرمانی ئەو بە کۆتا هات..

شەمەندەفەری مردن گەیشتە بەردەمی..

بە دڵێکی پڕ لە خۆشی و ڕەزامەندییەوە سەرکەوت..

بە زەردەخەنەیەکەوە کە پڕبوو لە ئومێد و سەرکەوتن.

# ڕێسای (38)
## ڕاڕایی و دوودڵی بخە گیرفانێکی کونەوە

لە بەیانی هەموو ڕۆژێکی نوێدا دەست پێ بکە..

وەك ئەو ڕووبارەی کە لە توانەوەی شاخێکی بەستەڵەك دروست دەبێ..

گەشتی ژیانت دەست پێ بکە، دوور لە هەموو دوودڵی و ڕاڕاییەك..

بە دوای بچووکترین هۆکاری خۆشبەختیدا دابگەڕێ..

جانتا کۆنەکان هەڵبڕێژە، تا جارێکی تر و سەر لەنوێ ڕێکیان بخەیتەوە..

بەسەر ژیانی خۆتدا زاڵبە و ڕێگە نەدەیت گەردەلوولە سلبیەکان ڕایبماڵن و پەلکێشی بکەن.

دڵت لەسەر هەستی چاکە ڕابهێنە، تا لە کۆتاییدا عەقڵیشت پاراو تەندروست بێ.

مێشکت لە بیرکردنەوە لە ڕابردوو خالی بکە، چونکە ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە، هەروەها لە داهاتوویێك کە هێشتا نەهاتووە و ڕەنگە نەیەت.

گەورەکردنی ڕووداوەکان نەریتێکی مرۆڤەکانە، کە لە

هۆکاری بیرکردنەوەی بێ سوود دروست دەبێ.

ڕاڕایی و دوودڵییش گوزارشتن لە ناخێکی شڵەژاو و ناجێگیر و دوور لە گونجان و هاوسەنگی.

(تای تشی) هونەرێکی چینییە، مێژووەکەی بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، ئەم هونەرە بە هەناسەدانێکی ئارام و قووڵ و تەندروست لە نێو باوەشی سروشتدا دەست پێ دەکات، دواتریش دەچێتە نێو بیرکردنەوەیەکی ئیجابی و تەندروست، بیرکردنەوە لە دروستکردنی ئەم گەردوونە، هەروەها بیرکردنەوە لە چۆنییەتی بڵاوکردنەوەی سۆز و خۆشەویستی و گوێدان و گەورەنەکردنی ئەو کێشانەی دووچارمان دێ، هەروەها گوزارشتکردنیان بە بەشێك لە ژیان... درەوشانەوە و خۆگونجان و ژیانێکی ئیجابیانە لەگەڵ تەواوی ئەو گۆڕانکارییانەی دێنە بەردەم مرۆڤەکان...

هونەری (تای تشی) مرۆڤ لە دوودڵی و ڕاڕایی ئازاد دەکات و دڵی پڕ لە ئارامی و سەکینەت دەکات.

دوودڵییش جگە لە شڵەژان و ناجێگیرییەکی دەروونی و لەدەستدانی ئارامی و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان بە شێوەیەکی سلبی، هیچی تر نییە.

بە دوورودرێژی بیر لە شتەکان مەکەوە، کات و وزەی خۆشت بە وردبوونەوە بەفیڕۆ مەدە.

چیتر لە شتە وەهمییەکان مەترسە، بڕیارێکی یەکلاییکەرەوە

بدە، سووربە لەسەر ئەوەی کە چیتر شریتی دوودڵی لە مێشکی تۆدا هەڵنەسووڕێ و کار نەکات.

ئەوسا بۆت دەردەکەوێ کە ژیانێکی خۆش هەرگیز دوودڵی و ڕاڕایی بەخۆیەوە هەڵناگرێ.

## مۆمێك:

ناخی زۆرێك لە کەسەکان بە دوودڵییەکی نادیارەوە گیرۆدەیە، هۆکارەکانیشی پەرتوبڵاو..

ئێمە لە سەردەمێکی خێرادا دەژین، گۆڕانکارییەکان کتوپڕ ڕوودەدەن، کەمیش جێگیر دەبن و دەمێننەوە.

مرۆڤی ئەم سەردەمەش بەردەوام هەڵپەیەتی، خێرا، بە پەلە، بۆ تەواوکردنی ئەرکەکانی، لە کۆتاییشدا بە هیچ شتێکی ئەوتۆ ناگات!

بەڕاستی ئێمە پێویستمان بە فێربوونی هونەری ژیانە، تا بتوانین لەگەڵ ئاڵنگارییە نوێیەکانی ئەم ژیانەدا هەڵبکەین و بژین.

# ڕێسای (39)
# بەردەوام لە جووڵەدا بە

ژیان بە بەردەوامی وەك ڕووبارێکی هەڵقووڵاوە، بۆیە پێویستە لەگەڵیدا بڕۆیت تا گوێبیستی دەنگ و ڕازەکانی بی!

"پەند"

ئێستا کە گەیشتووم بە حەفتا ساڵ، دەجەنگم و بەرنگاری دەکەم تا وەك پیرێکی هەژار دیار نەکەوم، لە بەرەبەیاندا خەمە تاڵەکانم دەخەمە نێو فنجانی قاوەکەم و بە ئارامی دەیخۆمەوە، دواتریش بەپەلە بەرەو ژیان هەنگاو دەنێم، زۆر بە ڕێکی و جێگیری قاچەکانم دادەنێم، لەبەرئەوەی کە من شەیدای جووڵەکردن و شارەزام لە وەگەڕخستنی وزەی ناخم، بۆیە لە هەر ڕۆژێکدا چەندین جار لەگەڵ خۆمدا پێدەکەنم، ئەو کاتەی لە نیوەڕۆیانیشدا دەمەوێ سەرخەوێك بشکێنم، کەشێکی ئارام بۆ دەروونم دروست دەکەم، جارێکی تر خۆشییە لەبیرکراوەکانی خۆم دەگەڕێنمەوە، یارییە ئاگرینەکان بیری خۆم دەهێنمەوە، ئێستاشی لەگەڵیێ چەندین یاریی بچووکم لە نێو هەمبانە و تورەگەی کەلوپەلەکانم هەڵگرتووە، هەروەها چەند وزە و جووڵەیەکی داپۆشراو بە بەشێکی لە شێتی.

ژیـانێکی خـۆش وابەســتەی جـووڵەی بەردەوامە، کلیلـی بەختەوەری و سەرچاوەی هەموو خۆشییەکانە.

ژیانت وەکو ڕووبارێکی بەخوڕ لێ بکە، بە تەواوی دڵیشتەوە لەگەڵیدا بژی..

دەروونــت لە چەقبەســتوویی و جێگیربــوون ڕزگــار بــکە، چەندی لە تواناتدایە جووڵە بکە، تا ئەمڕۆت بە ژیان دەوڵەمەنـد بکەیت.

جــووڵەی بەردەوام هۆکــارێکی گەورەی نەهێشــتنی خەم و ئازارە.

لەپێنـاو مـانەوە هەر شـتێك هەیە ئەنجـامی بـدە، هەر شـتێکی دەتگەڕێنێتەوە بۆ ژیانێکی نوێ سڵی لێ مەکە.

پەروەردگار بۆ ئەوە دروستی کـردووین تـا وەك بەنـدەیەکی ئەو بە بەختەوەری لەسەر ئەم زەوییە بژین..

ئەگەر بڕیارت داوە لە ڕۆیشتن و جووڵەکردن بوەستی، ئەوا چاوەڕێی زەرەرێکی دڵنیا بکە، ئەگەر ئەوەشت ناوێ، ئەوا سـەر لە نوێ دەست پـێ بـکە و یەکەمـین هەنگـاوت بەرەو ژیـانێکی نوێ هەڵبنێ.

ژاپۆنییەکـان ئەوەیـان ئاشـکرا کـردووە کە ماسـییەکان دوای ڕاوکردنیان، ئەو کاتەی لە نێو دەریا دەگـوازرێنەوە بـۆ کەنـاری دەریا، تاموچێژی ڕاستەقینەی خۆیان لەدەسـت دەدەن، هەر بـۆیە لە نێو کەشتی و بەلەمەکانیاندا چەند حەوزێك دروسـت دەکەن، تاوەکو دوای ڕاوکردنیان بیـانخەنە نێـو ئەو حەوزانە، لە نێـو ئەو حەوزانەشدا چەند قرشێکی بچووکیان داناوە، بۆ ئەوەی بە دوای

ماسییه تازه ڕاوکراوەکان بکەون و وایان لێ بکەن له جووڵەکردن بەردەوام بن، هەموو ئەوەش لەپێناو ئەوەیه که ماسییەکان چێژی ڕاستەقینەی خۆیان لەدەست نەدەن و به کارایی بگاته دەستی کڕیاران.

ئاشی بێ گەنم خۆی دەهاڕێ..

مرۆڤیش ئەگەر بێ کار مایەوە ڕۆحی خۆی دەخوات.

هەر کەسێ کار بکات بواری فرمێسك ڕشتنی نابێ.

ئەگەر دەروونی خۆشت به حەق و ڕاستی سەرقاڵ نەکەیت، ئەوا دڵنیابه به بەتاڵ و ناحەقی هیلاکی دەکەیت.

تاوەکو چراکەش به ڕۆشنی بمێنێتەوە، پێویسته جار جار کەمێ زەیتی تێ بکەیت.

## مۆمێك:

ئەگەر سووربووی لەسەر گەشتکردن و بەلەمه شکاوەکەت چاك کردەوە، خۆشت به باشی بۆ گەشتەکەت ئامادە کرد، چارۆکەکەشت به ئاراستەی با بڵاوکردەوە، ئەوا دڵنیابه دوای ئەوە بایەکی نەرمونیان دێت و بەرەوپێش پاڵت پێوەدەنێ.

# ڕێسای (40)
# خۆت لە مشتومڕ بە دوور بگرە

ئامـانجی مشـتومڕ و گفتوگـۆکردن ئەوەیە کە مـرۆڤ بـۆ بەرامـبەرەکەی بسـەلمێنێ ئەو لەسـەر حەقە و بەرامبەرەکەشـی ناحەق.

بۆیە هەر دوولا هەوڵی ئەو ئامانجە دەدەن..

هەمـوو مشـتومڕێکیش مـۆرکێکی بەرگریکـردن لە دەروون وەردەگرێ، بۆ گەیاندنی بیروبۆچوونەکـان نـا، بەڵکـو وەك ئەوە وایە کە لە جەنگێك دابین و لەپێناو سەرکەوتندا بجەنگین.

مشتومڕی نەزۆك هیچی لێ سەوز نـابێ، بەڵکـو تەنهـا وزە و تواناکان بەفیڕۆ دەدات و مێشك دووچاری فشار دەکات.

زۆر کەم ڕوو دەدات دوو کەس لەپێنـــاو ئاشـــکراکردنی ڕاستییەك و زانینی ئاراستەی دروست مشتومڕ بکەن.

مشتومڕ ڕۆچوونە لە (من)، هەروەها هەوڵی بۆ گەورەکردنـی (من) و بەرگریکردنە لێی..

گەڕانیشە بە دوای هەر شتێك کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی شکۆی بەرامبەر و پووچەڵکردنەوەی بۆچوونەکانی.

بۆیە دەشێ بڵێین سەرکەوتن لە مشتومڕ لەسەر حیسابی شکۆ و کەسایەتی لایەنـی بەرامـبەرە، زۆر کـاتیش بـراوەی مشـتومڕ

خۆپەرستینی دوو لایەنەکەیە!

دوو کەس کەوتنە نێو مشتومڕێك، یەکێکیان بەوەی تری گوت: من لە تۆ باشترم. ئەوەی تریش گوتی: بەڵکو من.

بەو جۆرە مشتومڕەکەیان بەردەوام بوو، ئێستاشی لەگەڵبێ نەمانزانی کامیان باشترن!

دوو کەسی تر بە مشتومڕ هاتن، یەکێکیان گوتی: من لە تۆ باشترم، کەسی دووەمیش وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەگەر ئەو قسەی تۆ دەیکەیت بە باوەڕەوەیە و ڕاستگۆی لەگەڵ خۆتدا، ئەوا تۆ ڕاست دەکەیت و لەسەر حەقیت... لەوێدا مشتومڕەکە کۆتایی هات.

مشتومڕ! ئەوەی لە کۆتاییدا هەڵمان هێنجا: باشترینی چوار کەس و سەلامەترینیان بریتییە لە کەسی کۆتایی!

مشتومڕ لەسەر گریمانەی من تێگەیشتووترم لە تۆ بونیاد نراوە..

هەروەها ڕێگە و ڕێبازی من لە ژیان لەوەی تۆ باشترە.

بیروبۆچوونەکانم لە هی تۆ باشترن.

مشتومڕ خراپترین هەستە سلبیەکان دەوروژێنێ و دەیانخاتە کار.

درز و جیابوونەوە نێوان دەخاتە خۆشەویستان و هاوڕێیان.

**مۆمێك:**

باشترین ڕێگە بۆ بەدەستهێنانی مشتومڕ، دوورکەوتنەوەیە لێی.

دیل کارینگی

## ڕێسای (41)
## هاوڕێی خۆت بە

ئەگەر تۆ لەگەڵ ناخت لە جەنگ دای..

چۆن دەتوانی لە جیهانی دەرەوە نەرمونیان بی؟!

جەنگەکانی ئێمە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرمان ڕەنگدانەوەی ئەو جەنگانەن کە لە ناخماندا ڕوو دەدەن!

ئەو دەمەی بەیـــانی لە خەو هەڵدەســـتی، لە ئـــاوێنە بە تامەزرۆییەوە سەیری خۆت بکە و سڵاوێکی ئاراستە بکە..

پێشی بڵێ: ها.. وا گەڕامەوە و هەموو ئەندامەکانی جەستەشم لە باشترین دۆخدان!

بە خۆت بڵێ: ئەوە منم، بەو شێوە و سیفاتانە دروستکراوم، بەڵێن دەدەم بەبێ هیچ دوو دڵی و گومانێکەوە خۆم قبووڵ بێت و لە جەستە و وێنام ڕازی بم.

هیچ نییەتێکیشـم نییە بۆ گـۆڕینی خـودی خـۆم بە فشـار و تونـدوتیژی، بەڵکـو بە نەرمونیـان و لەسـەرخۆییەوە ئەو هەوڵە دەدەم.

قبوولکردنی خۆم، بە واتای ڕازیبوونی تەواو لە خودی خـۆم نایەت، یانیش وەستان و هەوڵنەدان بـۆ چـاککردنی! بەڵکـو بەو واتـایە دێ کە مـن ڕازیـم بەو بەشـەی پەروەردگـار بـۆمی

بڕیارداوە.

کەسێك هەبوو ناوی "زۆیا" بوو، ئەو دەیویست نهێنییە ئاسمانییەکان ئاشکرا بکات و پێیان بگات، بۆیە بڕیاری دا لەسەر ڕێبازی پێغەمبەر موسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) هەنگاو بنێ و شوێنی ڕێبازەکەی ئەو بکەوێ و ڕەفتارەکانی دووبارە بکاتەوە، ماوەی چەند ساڵێك بەو جۆرە ژیا، بەڵام بە هیچ ئەنجامێکی پێشبینیکراو نەگەیشت، ئێوارەیەك کە ئەو لە نێو خەوەکەیدا نغرۆ بووبوو، پیاوێك لەسەر شێوەی فریشتە دێتە خەونی و پرسیاری لێ دەکات: تۆ بۆ خەمباری؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: چەند ڕۆژێکی کەمم ماوە، ماوەی ژیانی من لەسەر ئەم زەوییە بە کۆتا دێ، بەڵام هێشتا نەمتوانیوە هاوشێوەی پێغەمبەر موسا بم، پیاوەکەش پێی دەڵێ: لە ڕۆژی دوایی پەروەردگار لەسەر ئەوەی کە هاوشێوەی موسا نەبوویت لێپێچینەوەت لەگەڵدا ناکات، بەڵکو لەسەر ئەوەی کە چیت لەم دونیایەدا ئەنجام داوە لێپرسینەوەت لەگەڵدا دەکرێ، بۆیە هەوڵبدە خۆتبی ئەی "زۆیا"، ببە بە هاوڕێی خۆت، بەبێ هیچ زیادە و کەموکورتییەك، شتێك لە توانای تۆ نەبوو ئەنجامی مەدە.

بەڵێنم داوە هەموو بەیانییەك وەك ئەوەی هاوڕێیەکی خۆشەویستم هاتبێ پێشوازی لە هەموو ڕۆژێکی نوێی تەمەنم بکەم.

بەڵێنم داوە جگە لە بێژەی چاك بە زمانم نەدرکێنم.

بەڵێنم بە خۆم داوە کە دڵم بکەم بە تاکە سامانی ڕاستەقینەی

خۆم، خۆشەویستیش بخەمە دڵی هەر کەسێ کە دەیبینم.
بەڵێنم داوە لە هەموو چرکەیەکدا سوپاسگوزار بم، سوپاسگوزار بەرامبەر بەو نیعمەتگەلەی پێم بەخشراوە.
بەڵێنم داوە هەرگیز جێی خەم و ئازارەکان لە ناخمدا نەکەمەوە، تا هەمیشە ڕۆژەکانم پڕ بکەم لە ژیان.

ڕێزێکی بێ مەرج بە ناخت ببەخشە، گوێ مەدە بە دەوروبەر کە چیت پێ دەڵێن یان هەستیان بەرامبەر بە تۆ چۆنە.
هەڵوێست هەموو شتێکە، بۆیە سووربە لەسەر ئەوەی هەمیشە بەرامبەر بە خۆت و بەرامبەرت خاوەن هەڵوێست بیت.
هاوڕێی خۆت بە، گوێ لە خۆت بگرە، بەرلەوەی هاوڕێی هەر کەسێ بیت و گوێتی بۆ شل بکەیت.
هەموو دەم بەچپەوە بە ناخت بڵێ: من لە تۆ ڕازیم، وەك خۆت تۆم قبووڵە.

**مۆمێك:**
ئەگەر خۆم قبوڵ کرد، ئەوا لەگەڵ هەموو جیهاندا دەژیم.

# ڕێسای (42)
# ژیانت نوێ بکەوە

تۆ ڕۆحێکی بەردەوام نوێکەرەوەی، لەبەرئەوەی تا ئێستاش لە دۆخی پشکنین و گەڕان بە دوای لایەنە جوان و شاراوەکانی ناخ و ژیانتدایت.

تۆ دەژیێی و ڕۆژی دەدرێی، چونکە ئێستاشی لەگەڵبێ لە هەوڵی ئاشکراکردنی چەند نهێنییەکی، لە هەولدایت بۆ کردنەوەی گرێیەکان، بۆ شکاندن و کردنەوەی نیشانە و تەلیسمەکان.

ژیانت بە بەردەوامی نوێ بکەرەوە، چونکە گۆڕانکاری سوننەتێکی بەردەوامی ژیانە.

هەوڵی زانینی هیوا و ئاواتە نوێکانت بدە، ژیانت بەوانەوە دەوڵەمەند بکە، توانا نەزانراو و لە بیرکراوەکانت ئاشکرا بکە و بیرخۆتیان بهێنەوە.

سەرکێشی دۆزینەوەی زەوی نوێ بکە، بڕۆ ئەو شارانەی کە پێشتر نەتبینیون، ڕەنگە لەوێ هەلی نوێی کار بدۆزیتەوە، یان هاوڕێیەك کە ڕۆحت ڕۆشن بکات.

بە دوای ئەو کار و پیشانەدا بگەڕێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان شەیدای ئەنجامدانی بووی، بەڵام خەمەکانی ژیان بیریان

بردوویەتەوە.

سڵاوێك لەو دراوسێیەت بکە کە ماوەیەکی زۆرە لەبەر هۆکارێك قسە لەگەڵ یەکتر ناکەن، ڕەنگە ئێستا ئەو کەسێکی باشبێ بۆ هاوڕێیەتیکردن.

بە دوای هاوڕێ کۆنەکانیشتدا بگەڕێ، ئێستاش هەر یەکەیان خاوەنی چەندان ئەزموونن، ڕەنگە چیرۆکی یەکێك لەوان ڕێگەی ژیانت ڕووناك بکاتەوە.

مێشکم بەنرخترین سامانی منە.. دەیکەم بە یاسای گۆڕینی ژیانم..

قوتابییەکی بەردەوامی قوتابخانەی ژیان دەبم، هەموو ڕۆژێ کارێکی نوێ ئەنجام دەدەم، بە دوای ئەو هیوا و ئاواتانە دەکەوم کە تا ئێستا نهێنییەکانیانم نەزانیوە.

جارێکیان چوومە دێیەکی دوور، لە کاتی نوێژدا گوێبیستی پیاوێك بووم دەیگوت: وەرن با خۆمان نوێ بکەینەوە!

لە مەبەستی بێژەکەی نەگەیشتم، بەڵام دواتر هاوڕێکەم گوتی: مەبەستی ئەو پیاوە لە نوێکردنەوە، دەستنوێژگرتنە بە ئاو.

کەواتە هەموو ڕۆژێ خەڵکی ئەو دێیە لانی کەم پێنج جار خۆیان نوێ دەکەنەوە.

نوێبوونەوە ڕواڵەتییەکەش بریتییە لە دەستنوێژگرتن بە ئاو، بەڵام نوێبوونەوە ناخییەکە بریتییە لە شووشتنی دەروون و دڵ لە هەموو ڕق و کینەیەك.

ڕێگە باوەکان واز لێ بێنە، تۆ بە ئاراستەی شاخ و ڕووبار

هەنگاو بنێ..

ئەوسا شتگەلێکی دەبینی کە لە هیچ ڕێگەیەك نەتبینیون.

هەمـوو ڕێگەیەکـی نـوێ، ڕێگەیەکـی نـوێی تـرت بـۆ دەکاتەوە..

تاوەکو ئەمڕۆت وەك دوێنێ نەبێ.

ئەو کەسانەی شتە نوێکانیان داهێنا و خستویانەتە ئەم جیهانە، کەسانێك بوون کە بەرەنگاریی هەموو ئەو دەنگانە بوونەتەوە کە بانگهێشتیان کـردوون بـۆ دانیشـتن و وازهێنـان و خۆئـاخنین لە سووچێکی ئەم ژیانە.

**مۆمێك:**

ئەو دەمەی دەبیـنم سروشـت بەردەوام نـوێ دەکـرێتەوە، سەرسامییەکی تەواوی گیانم دادەگرێ.

ئەو دەمەی دارستانێك دوای سووتانی خۆی نوێ دەکاتەوە..

درەختەکان دوای وەرزی سەرما و باران چۆن دەگەشێنەوە..

تەنانەت قوولیی برینەکانمان چۆن وێك دێنەوە و چاك دەبنەوە..

هەموو ئەوانە سەرسامم دەکەن و ئیلهامی ئەوەم پێ دەدەن کە منیش لە نوێبوونەوە نەوەستم.

# ڕێسای (43)
## بوێری، دایکی کردارە گەورەکانە

(تۆ دوو باڵت هەیە..
ئاسمانیش تەحەددات دەکات..
سەرەڕای هەموو ترسناکییەك، بەڵام سەردانی ئەستێرەکان بکە..
چونکە لەوێدا گەشتێکی وروژێنەر لە چاوەڕوانی تۆدایە).
"ئۆشۆ"

ڕەنگە پێکەنین ترسناکییەکەی بریتیی بێت لەوەی کە وەك گەمژەیەك نمایشت بکات.
هاوکاری کەسێکی نزیکت.. ڕەنگە ترسناکییەکەی لەوەدابێ کە تۆ پابەند بکات هەمیشە و بە بەردەوامی هاوکاری بکەیت.
خستنەڕووی بیرۆکەکانت لە بەرامبەر جەماوەر.. ڕەنگە ترسناکیی ئەوەی لێ بکەوێتەوە کە تۆ ڕێزی ئەوانت لا نەمێنێ.
هەر هەوڵێك بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەك ترسناکییەکی لە بەرامبەردا هەیە، ئەویش بریتییە لە شکست.
تەنانەت خودی ژیان، ترسناکیی مردنی لەسەرە!
بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، پێویستە لە سەرمان بژین،

چونکە ژیانی بێ مەترسی و بێ ئاستەنگ ژیانێکی ساردوسڕ و بێ جموجۆڵە.

گەورەترین ترسناکیی ژیانیش بریتییە لە نەبوونی ترسناکی لە هیچ شتێك!

پیاوێکی چاك و لە خواترس هەبوو، بە تەنیا لە دارستانێکدا دەژیا.

ڕۆژێك لە ڕۆژان مارێکی بریندار لە ناو دارستانەکە دەبینێ، لە ناخی خۆی پرسی: ئەو مارە چۆن خواردن و خواردنەوە بۆ خۆی دابین دەکات؟

ئەو هێشتا تەواو لە ڕامان و پرسیارەکانی تەواو نەبووبوو، بینی پڵنگێگ چەند پارچە گۆشتی نێچیرێکی خۆی خستە بەردەمی مارەکە.

ئەوسا پیاوەکە بە خۆی گوت: ئەو مارە چی کردووە لەمەودوا منیش وا دەکەم، منیش لێی دادەنیشم، مادام پەروەردگار خواردن و خواردنەوە بۆ مارێکی بریندار دابین بکات، ئەوا بە دڵنیایی بۆ منیشی دابین دەکات.

چوو لە کوخەکەی خۆیدا دانیشت، ماوەیەك تێپەڕی هیچ خۆراکێکی بۆ نەهاتە کوخەکەی، سات لە دوای سات برسیەتی زیاتر تەنگی پێ هەڵدەچنی، تا وای لێ هات هێز لە گیانیدا نەما.

لە کۆتاییدا فریشتەیەك لەسەر شێوەی پیاوچاکێك خۆی نیشان دەدات و لێی دەپرسێ: بۆچی بڕیارت دا لاسایی مارە بریندارەکە بکەیتەوە؟!

هەستە و کەلوپەلەکانت بە دەستەوە بگرە، پێویستە هاوشێوەی پلنگەکە بیت و لەسەر ڕێگەی ئەو بڕۆی!

هاوڕێکەم:

خۆت لە سەر بوێریی ڕابهێنە، بەڵام بەبێ ستەم و فشار و توندوتیژی، بەڵکو بە لەسەرخۆیی و خۆشەویستی..

خۆت لە هەموو جۆرەکانی ترس ڕزگار بکە، چونکە هەر کەس لە ژیان بترسێ، ئەوا وەك مردوێك دەژی..

هەر کەسیش لە مردن بترسێ.. هەزار جار دەمرێ، بەرلەوەی بە مردنی حەقیقی خۆی بگات.

بۆیە لە هەر بارودۆخێکدا بووی، بە بوێرییەوە بژی.

## مۆمێك:

بوێری، لە گیانی ئەودا نەبوو، ترسیش لە ناشرینترین سیفەتەکانی بوو..

دوو مار لە ناخیدابوون، بەردەوام ژیانی ئەویان دەخوارد: ترس لە ژیان، ترس لە مردن.

هەموو ڕۆژێك ئەو بە ترسەوە لە نێوان هەور و تەمومژدا ژیانی بەسەر دەبرد..

هەمیشە بێ بەش بوو لە بینینی جوانیی گەردوون و ئەستێرەکان.

# ڕێسای (44)
# بە خۆگونجێنییەوە بژی

(ئەو دەمەی مرۆڤ خۆی لەگەڵ هەموو دژیەکەکانی ژیان دەگونجێنێ، توانای ئەوەی هەیە گرفتەکان تێپەڕێنێ و زۆر بە ئاسانی بییان گەیەنێت بە کەناری ئارامی، ئەوا ئەو کاتە گەیشتۆتە ئازادی).

"دیباك شۆپرا"

بە پەلە ململانێ لەگەڵ ڕووداوەکانی ژیان مەکە..

تەنیا لە ڕکابەری لەگەڵ دەوروبەرت دەستپێشخەر مەبە..

بێ گوێدانە شێوە و بارودوخ لەگەڵ هەموو مرۆڤەکاندا خۆت بگونجێنە، بەڵام دوور لە لەیادچوونی دەروون و توانەوە لەوانی تر.

خۆت لەگەڵ شکست بگونجێنە، وەك چۆن لەگەڵ سەرکەوتن خۆت دەگونجێنی.

لەگەڵ نەخۆشییەکانتدا بژی، وەك چۆن لەگەڵ لەشی ساغ و تەندروستدا دەژی.

لەسەرووی هەموو شتەکانەوە بژی، پێش هەموو شتێکیش لەگەڵ دەروونت ڕاستگۆ و بێ پێچوپەنا بە.

وێستگەکانی شکستت قبوول بێ و بە ئاسانی لای خۆت وەریان بگرە.

ئەوەشت قبووڵ بێ کە تۆ مرۆڤێکی کامل نیت، بە درێژایی تەمەنیشت جار جارە لە هەڵسەنگاندن و بڕیاردانت لەسەر دەوروبەرت هەڵەت کردووە و لە بۆچوونەکانت نەتپێکاوە.

کەموکورتییەکانی خۆت لا کەم و بێ ئەرزش نەبێ، هەرگیزیش زیاد لە سنووری خۆی، شکۆی سەرکەوتنەکانت بەرز مەکەرەوە.

هەمیشە خۆت بە، هەرگیز لە بەرامبەر دەوروبەرت کەسێکی تر مەبە.

خۆگونجان لەگەڵ ژیان ئەوپەڕی داناییە، چونکە مرۆڤەکان لە شێوە و ڕەنگدا هەمەچەشن و جیاوازن، ئەو کەسانەی کە باشترین سوود لەم ژیانە دەبینن هەمیشە ئەو کەسانەن کە خۆیان لەگەڵ ئەو هەمەچەشنییەدا ڕادەهێنن و جیاوازییەکانی نێوان مرۆڤەکان درك پێ دەکەن و خۆیان لەگەڵ بارودۆخ و ڕەنگە جیاوازەکان دەگونجێنن.

پێویستە ئەوەش بزانین کە ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە هەر تاکێك لە ئێمە پێویستی بەوەی تر هەیە.

ئەو دەمەی دەروونی خۆم دەبینم وا لە نێو خەمدا نغرۆ بووە..

چەترەکەم دەکەمەوە، بە ڕۆحم بە سەر ژیاندا دەفڕم..

ئەوسا خۆم بەسەر ئازارەکاندا زاڵ دەکەم..

دواتر بە دڵێکی جیاواز دەگەڕێمەوە بۆ سەر زەوی!

## مۆمێك:

سەرنجی سروشت بدە و نهێنییەکانی ژیانی لێوە فێربە.

سەیری گوڵ و دڕکەکان بکە، چۆن بە یەکەوە گەشە دەکەن و گەورە دەبن، هەر یەکێکیشیان بەبێ ململانێ و ڕکابەری ئەرك و فەرمانی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

گوڵ بۆنی خۆشی پەخش دەکات، لە شیلەشیدا هەنگوینێکی بێگەرد دێتە بەرهەم، دڕکیش ئەرکی پارێزگاریکردنی گوڵە لە دوژمنان.

هەموو بەیانییەك سەیری هەڵاتنی ڕۆژ بکە، چۆن بە گڕوتینەوە و بەبێ جیاوازی گەرمی و ڕووناکی خۆی بەسەر هەموو دروستکراوەکاندا پەخش دەکات.

سەرنجی سروشت بدە، چۆن بە ئاشتییەوە کارەکانی لە لایەن پەروەردگارەوە ڕێکخراون، بە هاوسەنگی، بە گونجانەوە.

# ڕێسای (45)
# لە تەنیایی دووربکەوە

ئەگەر بە تەنها ئاهەنگی ژیان بگێڕی، ئەوا دڵنیابە بەختەوەر نابی..

بەختەوەری ئەو دەمە دێتە بوون کە لەگەڵ خەڵکیدا هاوئاهەنگ بیت، نەوەك بە تەنها، تەنانەت ئەگەر بە تەنها لە نێو کۆشکی پادشایەتیش دابیت.

تەنانەت ئەگەر بچیتە نێو جوانترین و سەرنجڕاکێشترین زەوی ئەم جیهانەش، جوانترین شتەکان ببینی، ئەگەر بە تەنها بوویت دڵنیابە بێزاری و بێ تاقەتی داتدەگرێت.

چونکە مرۆڤ بە تەنها هەمیشە خاوەن کەموکورتییە، ژیانیش بەبێ بەشداری ئەوانی دی ترسناك و بێ هەستە.

ڕۆچوون و توانەوە لە (من) و سەرقاڵبوون بە دەروون و فەرامۆشکردنی دروستکراوەکانی تر.. خێراترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە دوورەپەرێزی و خەمۆکی.

مرۆڤ دڵۆپەیەکە لە نێو هێزی دەریایەکی فراواندا، ئەگەر بێتوو بیەوێ بە تەنها بژی، ئەوا هەرگیز بەختەوەری خۆی نادۆزێتەوە.

لەسەر شۆستەی شەقامێك، ژنێك دانیشتبوو و بە گیتارەکە

چەند ئاوازێکی کۆنی دووبارە دەکردەوە و لەگەڵیشیدا چەند گۆرانییەکی دەچڕی، لە نزیک خۆشییەوە لافیتەیەکی بچووکیشی لە نزیک خۆی هەڵواسیبوو، لەسەری نووسیبوو (با بەیەکەوە گۆرانی بڵێین)، لەو دەمەدا پیاوێک دێت و لای دادەنیشێ و دەست دەکات بە گۆرانیگوتن، ئەو دیمەنە سەرنجی ژن و مێردێك ڕادەکێشێ کە لەو کاتەدا بەوێدا ڕەت دەبوون، ئەوانیش هاتن و بەشداری گوتنەوەی گۆرانییەکەیان کرد، هێندەی نەبرد چەند کەسێکی تریش هاتن، لە دواییدا بوون بە کۆمەڵە کەسێك و هەموویـــــان بەیەکەوە بە دڵخۆشـــــی و بەختەوەریـــــیەوە گۆرانییەکانیان دەچڕی.

لەوە دڵنیابە هەرگیز بە پارە و سامان و ناوبانگ ناگەیت بە بەختەوەری و حاڵەتی پڕبوونی دەروونی.

هیچ شتێك جێگە و پێگەی ئەو کەسە خۆشەویستانەت بۆ پڕ ناکاتەوە کە هەمیشە ژیانت پڕ دەکەن لە سۆز و خۆشەویستی..

بەبێ گرنگیپێدان و بەخشینی خۆشەویستیش پێیان، هەرگیز ناتوانی ئەو کەسە خۆشەویستانە بەدەستبهێنی..

چونکە خۆشەویستی خۆشەویستی ڕادەکێشێ، گرنگیپێدانیش گرنگیپێـــدانی لێـــوە بەرهەم دێ، ئەو دوانەش بـــاڵی تـــۆن لەم دونیایەدا بۆ ژیانێکی کامەران.

ســـاتە خۆشەویســـتەکانت لەگەڵ دەوروبەرت بەش بـــکە و بەشـــدارییان پـــێ بـــکە، ئەوەی پەروەردگـــاریش پێـــی داویـــت، بەشێکی ببەخشە بە ئەوان.

لەگەڵ ئەواندا چێژ لە شتەکان وەربگرە، بۆ ساتەکانی بەختەوەریت بانگهێشتیان بکە.

خەمەکان لەگەڵ دەوروبەر کەم دەکەن و نامێنن، بەڵام خۆشییەکان دەبنە چەند هێندە و زیاد دەکەن..

ڕووناکی چراش بە بەشداریپێکردنی دەوروبەرت کەم ناکات!

(مرۆڤ بەشێکی دیاریکراوی ئەو گەردوونەیە (لە ڕووی کات و شوێن)ەوە، بەڵام ئەو هەمیشە لە وەهمێکی بینینیدا ژیان دەگوزەرێنێ، هەر بۆیە بە هەست و بیرکردنەوەکانی وەك بەشێکی دابڕاو لەم گەردوونە ڕەفتار دەکات.

هەر ئەو وەهم و ئەندێشەیەش دەیخاتە نێو زیندانەوە، زیندانی ئارەزووە کەسییەکانی خۆی و سۆزێکی سنووردار و ئاراستەکراو بۆ چەند کەسێکی دیاریکراو.

کاری گەورەشی بریتییە لە خۆئازادکردن لەو زیندانە و فراوانکردنی بازنەی سۆز و میهرەبانی، بە ئەندازەیەك کە هەموو دروستکراوەکانی پەروەردگار بگرێتەوە)

ئەنشتاین

## مۆمێك:

لە قووڵایی دەریا... شەپۆلێك بە شەپۆلی دوای خۆی گوت:
من لە بەریەککەوتنم لەگەڵ لمی کەنار دەریا دەترسم، ڕەنگە ساتی بەریەککەوتنم لەگەڵ ئەودا دوا چرکەی ژیانی من بێ.
ئەویش وەڵامی دایەوە و گوتی: تۆ لەبەر ئەوە دەترسی، چونکە باوەڕت وایە تەنها شەپۆلێکی سادەیت.
بەڵام من ناترسم، چونکە باوەڕم وایە منیش بەشێکم لە دەریا.

# ڕێسای (46)
# ببە کەشتیوانی کەشتیی ژیانت

من ئەو کەسەم بڕیار لە سەر داهاتووی خۆم دەدەم..

سەیری قیبلەنماکەم دەکەم، ئاراستەی خۆم دەخەمە سەر ئەو ڕێگەیەی کە لەگەڵ ئامانجەکانمدا بگونجێ.

بوار بە دەوروبەرم نادەم بڕیار لەسەر بەختەوەریی من بدەن، خۆم دەبمە گەورەی ژیانی خۆم.

چیرۆکی فیلمی (جادووگەرە ئۆز) باس لە کچێك دەکات کە بە (جودی) ناودەبرێ، لە کینساس لە باغێکی سادەدا دەژی، ئەو کچە گوێبیستی ئەوە بووە جادووگەرێك هەیە توانای هێنانەدی ئامانجی هەر کەسێکی هەیە کە بیەوێ، یان دابینکردنی هەر کەموکورتییەك بۆ هەر کەسێ کە هەیبێ، دەست دەکات بە گەڕان بە دوایدا، تاوەکو بیدۆزێتەوە و داوای لێ بکات هیوا و ئاواتەکانی بەدی بهێنێ، لە ڕێگەدا بە پیاوێك دەگات، کە نە عەقڵی هەیە و نەدەزانێ چۆن بیر دەکاتەوە، کاتێك لە یەکتری نزیك دەبنەوە، ئەو کچە هەر زوو پرسیاری ئەو جادووگەرەی لێ دەکات، ئەویش هیچ سۆراخێکی نازانێ، بەڵام کاتێ سیفاتەکانی ئەو جادووگەرە لە دەمی ئەو کچە

دەبیستێ ئەویش ئارەزووی دۆزینەوەی ئەو جادووگەرە دەکات و دەبێتە هاوڕێی کچەکە بۆ دۆزینەوەی جادووگەرەکە، دوای کەمێك ڕۆیشتن دەگەنە پیاوێك کە هیچ هەست و سۆزێکی نییە، ئەویش ڕەگەڵیان دەکەوێ، دوای کەمێ ڕۆیشتن دەگەنە شێرێکی ترسنۆك، کە سەرەڕای شکۆ و هەیبەتی سەر و شێوەی بەڵام زۆر ترسنۆکە و بە دەست ترس و بیمەوە ئۆقرەی نەماوە، شێرەکەش دەبێتە هاوڕێی ڕێگەیان بۆ دۆزینەوەی جادووگەرەکە، تا هەر یەکەیان بە ئاواتی خۆی بگات... دوای گەڕان و هەوڵێکی زۆر، هەموویان دەگەنە ئەو باوەڕەی کە جادووگەرەکە توانای ئەوەی نییە ئاواتی هیچ کامیان بهێنێتە دی، بەڵکو سەرچاوەی بەدیهێنانی ئاواتی هەر یەکێکیان تەنها خودی خۆیەتی، نەوەك لە ڕێگەی هیچ کەس، یان گۆپاڵێکی جادوویی...

ئەو دەمەی ژیان تەحەددات دەکات و دەورووبەرت ڕەخنەت لێ دەگرن، ئەوەی تر بە وتەکانی تووڕەت دەکات، ئارامبە و هەڵمەشاخێ.

هەموو شتێکی ئەم جیهانە بە جددی و توندییەوە وەرمەگرە.

ئەو دەمەی زەنگی موبایلەکەت لێ دەدات، لێی گەڕێ با هەر لێ بدات، تۆ پابەندی بە وەڵامدانەوەی هەر پەیوەندییەك، ئەوە بڕیاری تۆیە!

خۆبەخشانە مەچۆرە هەر جەنگێکەوە کە کەسانی تر بانگهێشتت دەکەن..

دایکێك دەیەوێ کچەکەی فێری وانەیەك بکات لە ژیان، سێ مەنجەڵی پڕ ئاوی هێنان و خستنیە سەر ئاگر..

گێزەرێکی خستە مەنجەڵی یەکەم، هێلکەیەکیشی خستە مەنجەڵی دووەم، بڕێك قاوەشی خستە مەنجەڵی سێیەم.

کاتێك ئاوەکە کوڵا بە کچەکەی گوت: کچی خۆم، ئاگرەکە ئەو بارودۆخە قورسانەی ژیانن کە دێنە سەر ڕێگەمان.

لەو نێوەشدا خەڵکی سێ جۆرن، جۆرێکیان ئەزموونەکان لاوازی دەکەن وەك ئەو گێزەرەی کە بە گەرمبوونی ئاوەکە دۆخی ڕەقی خۆی لە دەستدا و نەرمبوو، جۆرێکیش ئەزموونەکان بەهێزی دەکەن هاوشێوەی هێلکەکە، کە شل بوو دواتر لەگەڵ گەرمبوونی ئاوەکە دۆخەکەی خۆی گۆڕی و توند بوو، جۆری سێیەمیش بریتین لەو کەسانەی کە کاریگەرن و ناکەونە ژێر کاریگەری، وەك ئەو قاوەی کە شێوەی خۆی زاڵ کرد و ڕەنگی ئاوەکەی گۆڕی...!

لە هەڵبژاردنی ڕێچکەی ژیانت و چارەسەری کێشەکانت پشت بە خۆت ببەستە..

هەر کات پشت بە کەسانی تر ببەستی، ئەوا دەکەویتە ژێر گومانگەلێکی زۆرەوە، چونکە هەر تاکێك دید و بۆچوون و پلانی تایبەت و جیاوازی خۆی هەیە بۆ ژیان..

تۆ دروستکەری مێژوو و شکۆی خۆتی، هیچ کەسێکیش ئامادە نییە لەبری تۆ ئەم ڕۆڵە بگێڕێ

## مۆمێك:

لە ناخەوە وەك بەرد ڕەق بە..

لە دەرەوەش وەك ڕووبارێكی بێگەرد نەرمونیان.

لە ناخەوە وەك ورچێك بەهێز بە و خۆت لە شكان بپارێزە..

لە دەرەوەش وەك پەڕەیەك لەگەڵ كەسانی دەورت نەرمونیان بە.

# ڕێسای (47)
## بایەخ بە هەموو کەسێك بدە

ئەگەر بە خەیاڵیش بێ هەرگیز خۆت لە تەواوی خەڵك پێ باشتر نەبێ..

بوختان بۆ کەس مەکە و کەس بە خراپەکار ناوزەد مەکە، چونکە تۆ ئاگاداری ناخی هیچ کەس نیت!

لەم دونیایەدا کەس بە بچووك سەیر مەکە، لە شکۆ و هەیبەتی هیچ کەسیش مەکەوە.

وا لە دەوروبەرت بکە بە گرنگییەوە سەیری خۆیان بکەن، ڕێگە بە هەموان بدە پێگە و بەهای خۆیان بزانن...

هەر کەسێ دەبینی بە جۆرێك لەگەڵ ڕووبەڕوو ببەوە کە هەست بە سوپاسگوزاری و ستایش بکات لە بەرامبەر گیان و ژیانی خۆی.

ڕێز و خۆشەویستی بۆ هەموو کەسێك دەربڕە.

یارمەتیدەریان بە لە بەرزکردنەوەی ئاستی متمانە و ڕێز بۆ دەروونی خۆیان.

لەسەر ئەم ڕووی زەوییە بڕیار لە ژیانی هیچ کەسێ مەدە، لەسەر هیچ شتێك قسەی توندیان پێ مەڵێ، چۆن دەژین ئازادن.

ڕێگەیان بدە بە ویست و ئیرادەی خۆیان ژیانی خۆیان بەڕێ بکەن.

لەگەڵ هەر کەسێ دوای بە جۆرێك بدوێ کە وا هەست بکات کەسێکی گرنگە لەم جیهانە، چونکە لە ڕاستیدا هەموو مرۆڤێك لە ئاست خۆیەوە گەوهەرێکی ناوازەیە.

له کۆنـدا "ڕیوکـان" مامۆسـتایەکی گەورە و دیـار بـووە، هەرگیز خۆی لە کەس جیا نەدەکردەوە، ڕۆژێکیان قوتابیانی ئەو مامۆستایە داوای لێ دەکەن کە قسە لەگەڵ یەکێك لە براکانیان بکـات، چـونکە خـوی بە دزیـیەوە گرتـووە و خەڵکـی شار هەموویان لێی دەترسن، ڕیوکانیش دەچێتە لای و شەوێك لای دەمێنێتەوە، بەڵام لەو شەوە هیچ قسـەیەکی لەگەڵـدا ناکات، بۆ بەیانی کاتێ ڕیوکان ویستیماڵئاوایی بخوازێ، دزەکە یارمەتی ڕیوکانی دا تا قەیتانی پێلاوەکانی ببەستێتەوە، کاتێك لەو کارەی تەواو بوو فرمێسك بە چاوەکانیدا هاتە خـوار، تـك تـك دەڕژانە سەر قاچەکانی ڕیوکـان.. دواتـر ڕیوکـان بە دەسـتەکانی بەرزی کـردەوە، دزەکە گـوتی: بە درێژایـی تەمەنـم کەسـێکی گەورە سـەردانی نەکـردووم، تەنهـا لەگەڵ خراپەکـار و دزەکـانی هاوشێوەی خۆم ژیاوم، بەڵام کاتێك بە گەورەیی خۆت هاتی و شەوێکت لای من بەسـەر بـرد، ئەوە واتـای ئەوەیە کە مـن تـا ئێستاش گرنگی و بایەخ و بەهایەکم ماوە.. لەو ڕۆژەوە ئەو دزە بە لای مافی هیچ کەسێکدا نەدەچوو و بە یەکجاری وازی لە دزی هێنا.

**مۆمێك:**

خەڵکـی ئەوە لە بیـر دەکەن کە دەیڵێـی و ئەنجـامی دەدەیـت.. بەڵام هەرگیـز ئەوە لە یـاد نـاکەن کە وات لـێ کـردن هەسـت بکەن.

# ڕێسای (48)
## ئارامی، بەردی فەیلەسووفەکانە

ئارامیم دۆزیەوە...

ئەو دەمەی لە جەنگە ڕۆژانەکان وردبوومەوە، ئەو دەمەی ململانێکانم بینی، ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوەکان بەهێزەوە، گۆڕینی خەڵکی بە زۆری و توندوتیژی، ئەو دەمەش کە نەرمونیان بووم و شتەکانی دەورم بەسادەیی وەردەگرت، وازم لە هەموو ناکۆکی و ململانێیەك هێنا...

ئارامیم دۆزیەوە..

ئەو دەمەی هاوسەرەکەم وەك خۆم قبووڵ کرد، مادام تا ئێستاش ئەو لە هەوڵی ئەوەدایە کە بەسەر هەڵچوونەکانیدا زاڵبێ.

ئەو دەمەش کە لە ناچارکردنی کوڕەکەم وەستام، بۆ ئەوەی بخوێنێ تا ببێتە یەکەمی پۆلەکەیان.

ئارامیم دۆزیەوە..

ئەو دەمەی زانیم کە تێڕامانی کاریگەر بریتییە لە یەکێك لە هۆکار و ئامرازە سەرەکییەکانی ئارامی.

پاڵفتەکردنی مێشك لە هەموو بیرکردنەوەیەکی سلبی، تیشك خستنە سەر هێز و توانا و ژیان لەو چرکەی کە تیایدا دەژی.

دوورکەوتنەوە لە بیرکردنەوە لە ڕابردوو و ڕاڕابوون لە

داماتوو، هەروەها دوور کەوتنەوە لە هەر شتێك كە بێگەردیی دڵ شلوێ دەکات.

دروستکردنی هەستی خۆشەویستی و بەزەیی بۆ هەموو دروستکراوێکی پەروەردگار و ڕۆشنکردنەوەی دڵ بە کاری چاکە و پەیوەندیی دروست و بیرکردنەوەی ئیجابیانە.

هەموو ئەو جۆرە تێرامانە دەبنە نموونەیەکی نایاب بۆ گەیشتن بە ئارامی دڵ و باڵکێشانی سەکینەت بەسەر ڕۆحدا.

هەموو ئەوانەش لە هەر شوێنێك بتەوێ ئەنجام دەدرێ و دەشێ مومارەسە بکرێن.

باوەڕبوون بەوەی کە لە کۆتاییدا هەر چاکە سەردەکەوێ... هەستێکمان پێ دەبەخشێ کە هاو وێنەی نییە.

ئەگەر بێتوو بە کەشتییەك بچینە قووڵایی دەریاوە، لە ناکاو کەشتییەکە نقوم بێت و ئێمەش مەلەوانی نەزانین.. ئا لەو دەمەدا بە هەموو شتێك کە شکی دەبەین ململانێ لەگەڵ دەریا دەکەین، تەنها لەپێناو ئەوەی گیانی خۆمان ڕزگار بکەین..

خۆ ئەگەر بێتوو ئێمە تەنها متمانە بە دەریا بکەین.. ئەوا بە دڵنیاییەوە دڵەکانمان لە هەستکردن بە خنکان و شڵەژان ڕزگار دەبێ، ئەوسا دەریاش بە ئارامی و ئاشتییەوە دەمانگەیەنێتە کەنار.

بۆ ئەوەی ئارامی باڵ بکێشێ بەسەر تەواوی جیهان، پێویستە هەموو کەسێ لە ئاست خۆی و ئوممەتانیش بە ئاشتییەوە بژین.

بۆ ئەوەی ئاشتیش باڵ بەسەر ئوممەتاندا بکێشێ، پێویستە هیچ شارێك هەوڵی سڕینەوەی شارێکی تر نەدات.

بۆ ئەوەی هیچ شارێکیش نەجەنگێ و هەوڵی سڕینەوە

نەدات، پێویستە دراوسێکان لە یەکتری تێبگەن.

بۆ ئەوەی دراوسێکان لە یەکتری تێبگەن، پێویستە گونجان و تەبایی باڵ بەسەرماڵدا بکێشێ.

تا گونجانیش لە ماڵ گشتگیر و فەراهەم بێ، پێویستە ئارامی میوانی هەموو دڵێك بێ.

# ڕێسای (49)
## هەوڵدان و کرانەوە، کلیلن

دەگێڕنەوە مانگایەك دێتە بەغدا..
هەر لەگەڵ هاتنیدا، ئەمسەر تا ئەوسەری شار گەڕا..
بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو جوانی و بەختەوەرییەی کە
ئەوسای بەغداد هەیبوو، ئەو مانگایە جگە لە پەلکە گندۆرە
هیچی تری دەست نەکەوت.
"مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی"

کۆمەڵە ماسییەك هەبوون، لە ڕووبەرێکی زۆر بچووکی دەریایەك لە نێو سندوقێکی بچووکدا دەژیان، باوەڕیان وابوو کە ژیان لە دەرەوەی ئەو سنوورە تەسکەی ئەواندا بە کۆتا دێ، بە تەواوی خۆیان وابەستەی ئەو سنوورە کەمە کردبوو، ڕۆژێك لە ڕۆژان بیریان لە دەرچوون لەو سندوقە نەدەکردەوە، تا جیهانی دەرەوەی سندوقەکە ببینن، بەڵام لە نێوانیاندا تاقە ماسییەك هەبوو، کە بە ژیان لە چوارلای ئەو سندوقە ڕازی نەبوو، جگە لەوەش ئارەزوویێکی زۆری هەبوو بۆ ئاشکراکردن و دۆزینەوەی شوێنی نوێ، بۆیە بڕیاری دا کە کونێك لە یەکێك لە لاکانی ئەو شوێنە بکاتەوە کە تیایدا دەژی، بە کردار ئەوەی ئەنجامدا، کاتێك چووە دەرەوە خۆی لە دەریایەکی فراوان و گەورەدا بینیەوە،

زۆر سەرسام بوو بەوەی کەوتە بەرچاوانی، جیهانێکی نوێ و فراوان! بەمەش بۆ ئەبەد لەو زیندانە خۆی ئازاد کرد و ژیانی بۆ هەتا هەتا گۆڕا.

ژیانی مرۆڤ وابەستە و گرێدراوی هەوڵدان و کرانەوەیەتی بەرەو ژیان، هەروەها خۆشەویستی بۆ سەرکێشی و بینینی جیهانە نوێیەکان.

ئەو دەمەی تواناکانمان لە چوارچێوەیەکی تەسك و کەمدا دەخەینەگەڕ، ئەوا لە بێهیوایی و بێ ئومێدیدا دەژین، تەنانەت بچووکترین کێشەکانیش بەسەرماندا زاڵ دەبن.

بەڵام ئەو دەمەی بە ئاسۆیەکی فراوانتر بەرەو جیهان هەنگاو دەنێین، دەبینین خەمەکانم زۆر لەوە بچووکترن کە بیرمان لێ دەکردنەوە.

ئەو کەسەی دیدگا و بینێکی بەهێز و دڵێك نوێ ویستی هەبێ، ئەوا زۆر بە ئاسانی نهێنییەکانی ژیان دەدۆزێتەوە و بەخشش و نیعمەتگەلێکی بێ هەژمار لە دەوری خۆی دەبینێ.

ژیان سفرەیەکی خودایيە...

بەشێکیان بە تەنیایی و دوورەپەرێزی تیایدا دەژین.

بەشەکەی تریش تیایدا گوزەر دەکەن و چێژ لە بست بە بستی پانتاییەکەی وەردەگرن.

# ڕێسای (50)
# دڵڕاهێنان لەسەر لێبوردەیی

"دالای لاما" شوێنی دانیشتنی خۆی جێهێشت و بە تەواوی جەستەیەوە بەرەو "ریچارد مۆر" چوو، زۆر بە نەرمونیانییەوە دەستی گرت، دواتر ڕووی کردە خەڵك و گوتی:

ئەوە پاڵەوانی منە، ئەمە یەکەمین جاری بوو کەسێك بەو جۆرە دەربڕینە ستایش بکات!

ڕیچارد ئەوسا لە تەمەنی نۆ ساڵیدا بوو، بە گوللەی سەربازێك پێکرابوو، بەو هۆیەشەوە چاوێکی لەدەست دابوو، کاتێك گوللەکەی پێکەوتبوو لە هۆش خۆی چووبوو، کە چاوی دەکاتەوە خۆی لە نەخۆشخانە دەبینێتەوە..

هەستی یەکەمی ئەو: جارێکی تر ناتوانم ڕووخساری دایکم ببینمەوە! ئەوەش بە لای "دالای لاما"یەوە زۆر کاریگەر بوو.

بەڵام سەبارەت بەو ماوەیەی کە لەو دۆخەدا بەسەری برد، بەو جۆرە وەسفی دەکات:

لە نێوان ئێوارە و بەرەبەیانێکدا، فێربووم کە ژیان بە ڕێگە و شێوازێکی نوێ ببینم!

دوای ئەوە دالای لامای سەبارەت بە هەستی بەرامبەر بەو

سەربازەی کە گوللەکەی لێدا پرسیاری لێ کرد:

ئەو بێ هیچ دوودڵی و ڕاڕاییەك وەڵامی دایەوە و گوتی:

هەر لە سەرەتاوە هەستی ئەوەم لا دروست بوو کە من هیچ خراپەیەکم بۆ ئەو کەسە ناوێ!

دالای لامای لە کۆتاییدا گوتی: ئەو چاوی لەدەست دا، بەڵام تووڕەیی بۆی ناگەڕێنێتەوە، ڕقلێبوونەوەش ئەو کارەی بۆ ئەنجام نادات، لەبری ئەوە لێبوردەیی و گیانی بەخشندەیی وای لێ کردووە کە زیاتر بەختەوەر بێ... ئەو پاڵەوانی منە..!

ئێمە هەموومان بەبێ هەڵاوێرکردن، مرۆڤین و تواناکانمان سنووردارە، لە زۆر باردا هەست بە لاوازی و سستی دەکەین، متمانە لەدەست دەدەین، بەرامبەر بە ژیان بێ هیوا دەبین، هەندێ جاریش ژیان بەوە تۆمەتبار دەکەین کە دادپەروەر نییە، بەو پێیەی داواکارییەکانی ئیمە بەدی ناهێنێ، بۆیە سواری شەپۆلی نارەزایی دەبین و هەڵە دەکەین و کەسانی تر بریندار دەکەین... ڕەنگە زۆر جاریش هەست بە هیچ کام لەوانە نەکەین.

لە فیلمی (کریکۆ و ژنە جادووگەرەکە)، گوندێك بە ناوی (کارابا) بە دەستی ژنە جادووگەرێکەوە ناڵاندویانە، بەوپێیەی ترسی لە نێو خەڵکی گوندەکە بڵاوکردووەتەوە و پیاوەکانی ڕفاندوونە، ئەوەش لەکاتێکدایە منداڵەکەی کریکۆ بە دوای ئەو هۆکارە وێڵە کە بزانێ ئاخۆ چ شتێك وای کردووە کە ئەو ژنە بەو جۆرە دڵڕەق و خراپ بێ، لە دواییدا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە دڕکێك هەر لە منداڵییەوە لە پشتی ئەو ژنە جادووگەرە هەبووە، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری خراپبوونی ئەو ژنە، بۆیە ئەو

منـداڵە هەوڵ دەدات ئەو دڕکە لە پشـتی ژنە جـادووگەرەکە دەربێنـێ، تـا چیتـر ئـازار نەچێـژێ و خەڵکـی گونـدەکەش لە خراپەی ئەو جادووگەرە ڕزگار بکات.

یەکەم هەنگاو بۆ دروستکردنی شکۆ و گەورەیی و چانـدنی تۆوی لێبـوردن و بەخشین لە دڵەکانمـان و بەدیهێنـانی ئاشتی ڕۆحی، بریتییە لە قبوولکردن و ڕازیبوون بەو ڕاستییە تاڵەی کە لای هەموان هەیە، ئەویش ڕاستیی کەموکورتی و لاوازیمانە، لە دوای ئەوەش کارکردنمـان بـۆ گەڕانـدنەوەی دەروونمـان بـۆ سروشـتی خـۆی و ڕێگریکـردن لە ناخمـان لەوەی کە هەمـوو توندوتیژییەك بە توندوتیژی وەڵام بداتەوە، ئەوەش بە ڕاهێنـان و کارکردن و مومارەسـەی ڕۆحـی دێـتە ئاراوە، لەگەڵ ئەوەشـدا پێویسـتە سیفەتی لێبـوردن و بەخشـندەیی لە ناخمانـدا دروسـت بکەین و هەنگاو بەرەو چاکە بنێین.

حامۆڕابی یاسایەکی دادوەرانەی بـۆ تـۆڵەکردنەوە لە دوژمـن دانا، چاو بە چاو، ددان بە ددان، بەڵام ئەوە هەرگیز نەبووە هۆی ڕاگرتنی توندوتیژی لە نێو مرۆڤەکـان، بەڵکـو پێویسـت بـوو کە کەسانێکی بـاش لە دایـك بـن و پێغەمـبەران ڕاوانە بکـرێن تـا ڕێگەی ڕاسـتیمان بـۆ ڕۆشـن بـکەنەوە، لە کۆتاییشـدا ڕێـگەی لێبوردن و بەخشینیان دۆزیەوە... تا وەکو جادوویێك کـاریگەری لەسەر دڵەکان جێبهێڵێ، بەڵێ، هەر واشبوو، ئەوان بە کردەیـی و هەڵوێسـت و ئەزموونەکانیـان هێـزی نـاوازەی لێبوردنیـان نیشـان داین، تا لە کۆتاییدا مرۆڤایەتی بەرەو خۆشەویسـتی بگێـڕنەوە و لە دووبەرەکی و ململانێی یەکتریدا دەریان بهێـنن و حـاڵەتێکی

ئارامی و پوکانەوەی ئاگری توندوتیژی لە ناخیاندا خەلق بکەن.

بەخشین و لێبووردەیی لەسەرووی دادوەری و لۆژیکی سروشتییەوەن، تاکە بژاردەی ڕۆحییە، کە ملکەچی هیچ لێکدانەوەیەکی تەقلیدی و لاساییکەرەوە نابێ، چونکە دەرئەنجامەکانی زۆر گەورەن، ئەگەرچی بە شێوەیەکی کاتی لەسەرەتادا چەند زیانێکی بچووکیش بخولقێنێ.

گشت ئایینەکان لێخۆشبوون بە تۆوێکی ڕۆحانی وەسف دەکەن، بەوپێیەی کە ئەو سیفەتە بە شێوەیەکی بەردەوام تەفسیرێکی لۆژیکی لەخۆ ناگرێ، بەڵام هەمیشە وەك جادوویێك دڵەکان ئارام دەکاتەوە و ئاگری تووڕەیی دادەمرکێنێ و دەیکوژێنێتەوە.

# ڕێسای (51)
## سەرکەوتنی بێ بەگژیەکداچوون

سەرکەوتنی گەورە کە مرۆڤ پێی دەگات، بریتییە لەو سەرکەوتنەی کە دوور لە خوێنڕشتن و بریندارکردنی ناخ لە ژیان بەدی دێ.

"مۆریهی ئۆشیبا" دامەزرێنەری هونەری (ئەیکیدۆی یابانی) دەڵێ: هێزی مرۆڤ لە بوێریی بۆ هێرشکردن حەشار نەدراوە، بەڵکو لە توانای بۆ بەرگریکردن و کۆڵنەدان لە بەرامبەر هێرشەکان شاردراوەتەوە. ئەو کاتەی دەبینی کە ڕکابەرەکەت لێت نزیك دەبێتەوە، بە وشەی جوان و نەرم دەستپێشخەری بکە، ئەگەر هاتوو ئەو سوور بوو لەسەر دوژمنداریکردن و لەگەڵ جەنگانت، ئەوا تۆ ئەوساش دوژمندارییەکەی بە جەنگان لێ قبووڵ مەکە، مەگەر بزانی کە ئەم کارە شتێك لە ژیانت زیاد دەکات، ئا لەو کاتەدا هێزی دوژمنەکەت بەکاربهێنە، وزەی خۆت بەفیڕۆ مەدە.

باشترین ڕێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن ئەوەیە کە قەناعەتی پێ بکەیت جووڵەکانی هیچ سوودێك ناگەیەنن، هەروەها جەنگاوەرەکان ئامانجەکانیان بە دیار بخەن، بەوپێیەی

که ئامانجی ئەوان بۆ لە ناوبردن و سڕینەوەی هیچ نییە، بەلکو بۆ بونیادنانی ژیانیانە.

دەگێڕنەوە، لە یەکێک لە گوندە دوورەکان، کچێک هاوسەرگیریی لەگەڵ کوڕێکدا دەکات، بەڵام لەبەر خراپی مامەڵەی کوڕەکە کچەکە هیچ لە هاوسەرگیرییەکەی ئاسوودە نەبوو. بە هیوای چاکبوونی هاوسەرەکەی و باشبوونی ڕەفتارەکانی ماوەیەکی زۆر ئارامی گرت، بەڵام بێ سوود بوو، بۆیە بڕیاریدا بە خراپترین جۆر تۆڵەی لێ بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش داوای لە دانا و پیری گوندەکە کرد تا بۆ تۆڵەکردنەوەکەی هاوکاری بێ، پیاوە داناکەی گوند کەمێ لە کێشەکەیان وردبوویەوە، دواتر داوای لە کچەکە کرد کە پێویستە بە دەستی خۆی سێ تاڵە موو لە گورگێکی زیندوو دەربهێنێ و بیداتە دەستی ئەو، تاوەکو ئەویش هاوکاری بێت و بە ئامانجەکەی خۆی بگەیەنێ. کچەکە دەستی بە بیرکردنەوە کرد، چۆن دەتوانێ ئەم کارە بکات، چۆن سێ تاڵە موو لە جەستەی گورگێکی زیندوو دەربهێنێ؟! بۆ گەڕان بە دوای دۆزینەوەی گورگ ڕووی کردە بیابان، دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر لە دوورەوە گورگێکی بینی کەوا دەچێتە ناو ئەشکەوتێکەوە، هەروەها بینی وا بێچووەکان شیری دایکیان دەخۆن، ڕۆژی دواتر کچەکە قاپێکی پڕ لە ئێسک و گۆشتی لەگەڵ خۆیدا برد، لە سەر ڕێگەی گورگەکەی دانا، کاتێک گورگەکە ئەوەی بینی زۆر دڵخۆشبوو، بەشێکی لێ خوارد و بەشەکەی تریشی بۆ بێچووەکانی بردەوە. ڕۆژ دوای ڕۆژ

کچەکە لەو کارەی بەردەوام بوو، تا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە نێر گورگەکە دەیناسێت و هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنێ، بۆیە لێی چووە پێشەوە و لێی نزیك بوویەوە، دەستی بەسەری بێچووی گورگەکان دادەهێنا و سۆزی بۆ دەردەبڕین، تا هیچ گومانێکی لە بەرامبەر دڕندەیی گورگەکە نەما، ئەوسا زۆر بە ئاسانی توانی ئەو سێ تاڵە مووەی کە داناکە لێی داوا کردبوو لە پێستی گورگەکە دەربهێنێ، دواتر زۆر بە خێرایی گەڕایەوە لای داناکە، تا لە گەیشتن بە مەبەستەکەی هاوکاریی بکات و تۆڵە لە هاوسەرەکەی بکاتەوە.

کاتێك داناکە تاڵە مووەکانی بینین، سەرسام بوو بە لێهاتوویی کچەکە، بۆیە داوای نهێنی ئەو کارەی لێ کرد، ئەویش تەواوی چیرۆکەکەی وەك خۆی بۆ گێڕایەوە، کە چۆن خۆی لە گورگە نزیك کردەوە.. ئا لەو کاتەدا داناکە سەری هەڵبڕی و ئاوڕێکی بە لای کچەکە دایەوە و پێی گوت:

ئەی کچی خۆم، تۆ توانیت بێ توندوتیژی و شەڕ گورگێکی دڕندە و وەحشی دەستەمۆ بکەیت، کەواتە ئەوەش لەگەڵ هاوسەرەکەتدا بکە کە لەگەڵ گورگەکەدا کردت.

ناتوندوتیژی بە هێز و وزەیەکی ڕۆحی دادەنرێ، کە هێزی حەق ئاشکرا دەکات، دەتگەڕێنێتەوە بۆ خود و پرسیارکردن بە دەروون. هەروەها ناتوندوتیژی و نەجەنگان هەوڵی شکستهێنانی ڕکابەر نادات، بەڵکو ویژدان دەدوێنێ، دواتریش دوور لە ڕقلێبوونەوە کار لە سەر ڕێتموونیکردنی دەکات، نەك تەنها ئەوەندە بەڵکو ڕزگارکردنی لە دەروونێکی گومڕا و وێرانە و

ویژدانێکی ساختە. وەڵامدانەوەی شەڕ بە شەڕ بەرهەڵستی و داکۆکیکردن نییە، بەڵکو چوونی تۆیە بۆ هەمان بازنەی بیرکردنەوەکانی ئەو، ناتوندوتیژی و نەجەنگان هێزی چاکە لای کەسە خراپەکان بە ئاگا دێنێتەوە، تا ببنەوە بەو مرۆڤەی کە خودا دروستی کردوون.

# ڕێسای (52)
# ئامادەگیی تەواو بۆ ژیان

یەکێک لە داناکان گوتویەتی: کاتێک مرۆڤ دێتە دونیا دەستەکانی داخراون، وەك بڵێی حاڵی دەستەکانی دەڵێ: تەواوی جیهان مولکی منە، ئەگەر بمێنم هەمووی ملکەچی خۆم دەکەم و لە خۆمی ناکەمەوە، کاتێکیش کۆچ دەکات و ئەم جیهانە جێ دەهێڵێ پێچەوانەی کاتی لە دایك بوونی بەردەوام دەستەکانی کراوەن، وەك بڵێی حاڵی دەستەکانی دەڵێ: من هیچ شتێکم نییە خاوەندارێتی بکەم، تاکە شتێك کە توانیبێتم لە دونیا وەریبگرم تەنها یادگارییەکانم و ئەو سەرمەشقییەیە کە لە ژیانمدا بەرجەستەم کرد.

ئەو کاتەی هەست دەکەیت کە بوونی تۆ لەم ژیانەدا موعجیزەیەکی ئیلاهییە، ژیانیشت بەخشش و دیارییەکی گەورەی پەروەردگارتە و پێی بەخشیووی، تۆش مرۆڤێکی ناوازەیت، هەر چرکەیەکیش کە تێپەڕ دەبێ دووبارە نابێتەوە، هەرچی لە خێر و چاکە دەوری تۆی داوە هەموویان لەو چرکەوە دەست پێ دەکەن کە تۆ تیایدا هەناسە دەدەیت، ئەو هەموو سەیروسەمەرەی لە ناخ و لە قووڵایی دەروونتدا ڕوو دەدەن، تەنانەت قورسە بە خەیاڵیش بیریان لێ بکرێتەوە.. ئەگەر

بە شێوەیەکی بە ئاگا و هۆشیارانە هەستت بە هەموو ئەوانە کرد، ئەوسا دەبیتە کەسێکی سوپاسگوزار و بەجۆرێك دەژیت کە هەموو چرکەکانی ژیانت وەك دوا چرکەی کۆتایی سەیر دەکەیت، چێژ وەردەگری، هاوتا لەگەڵ بوونەوەرەکانی تری پەروەردگار بەشداری لە بونیادنان و نوژەنکردنەوەی ئەم گەردوونە دەدەیت، تەنانەت ئەو کاتەی مردن دێ، بێ ترس و سڵەمینەوە پێشوازی لێ دەکەیت!

بووك و زاوایانی شاری شیراز لە ڕۆژی هاوسەرگیریدا وەك نەریتێك بۆ پیرۆزکردنی هاوسەرگیرییەکەیان سەردانی گۆڕی شاعیرە گەورەکانی وەك (حافز و سەعیدی شیرازی)یان دەکرد، باوەڕیان وابوو کە ئەم سەردانە خۆشەویستی نێوانیان زیاد دەکات، چونکە پێیان وابوو کە شاعیرەکانیان تەنها شیعر و ئاوازی خۆشەویستیان دانەناوە، بەڵکو ئەوان ئێستا ڕۆحیان لە بەهەشتە. سەردانیان بۆ گۆڕستان بۆ پێشوازیکردن بوو لە ژیانێکی نوێی دونیا، ڕاگەیاندێك بوو بۆ ئەوەی کە بڵێین مردن ڕووی وێنەیەکی ترە لە ژیان.

ڕۆژێکیان جادووگەرێکی هیندی ئەمەی ڕاگەیاند (هەر کاتێك ویستت چەند کارێکی گرنگ ئەنجام بدەیت، با مردن لە نزیکتەوە دابنیشێ، چونکە ئەو کارە هێز و ئازایەتی زیاترت پێ دەبەخشێ).

ئەگەر هاتوو بیرۆکەی مردنت ئاوەژوو کردەوە و لەگەڵ حەقیقەتدا ژیایت، ئەوسا دڵنیابە کە تۆ دەکەویتە دۆخی ئامادەیی تەواو بۆ ژیان.

ژیانت بەتەواوی بژی بەڵام لەگەڵ مردنیشدا سازانێ بکە، مردن بەشێکە لە ژیان، هەردووکیان دوو ڕووی یەك دراون، هەریەك لەوان ئەوەی تر تەواو دەکات. مردن قۆناغێکی پێشکەوتووی ژیانە کە بریتییە لە گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ زێدی ڕەسەنی خۆی، لە دوای مردنیش چەند جیهانێکی ڕۆحانی و چەند چێژێکی گەورە هەن، بۆیە پێویستە لە دونیادا کار بکەیت، تا لە دوای مردن چێژ وەربگریت.

لە کۆندا و لە کاتی جەنگدا باڵندە نامەبەرەکان ترسناکترین کاریان ئەنجام دەدا، نامەکانیان لە دوورترین شوێنەوە، بەسەر زەویی جەنگدا لە لایەکەوە بۆ لایەنەکانی تر دەگواستەوە، لە کاتی گەڕانەوەشیاندا بە هیچ جۆرێ سەیری ئاگری جەنگیان نەدەکرد، ئەمەش تا بە سەلامەتی بگەنەوە شوێنی خۆیان.

لە پایزی تەمەندا، ئەو کاتەی ئەرك و گرنگیمان لە ژیان بە کۆتا دێ و دەست دەکەین بە گەشتی گەڕانەوە، بەوپێیەی زەوی لە چاوەڕوانیماندایە تا جارێکی تر لە باوەشمان بگرێتەوە، پێویستە گوێ بە جەنگ و گرژییە بەدڕەفتارەکان نەدەین و چاوی خۆمانیان لێ لابدەین، ئەو کاتەی ئارەزووەکانی جەستەمان تێر نابێ، بێهیوا دەبین لەو کەسانەی کە کەڵبەکانیان بۆ بردنی میرات تیژ کردووە، پێویستە چاو لە هەموو ئەوان بپۆشین و وەك ئەوەی کە نەیانبینین، چاوەکانمان بخەینە سەر ئامانجەکەمان کە بریتییە لە گەڕانەوە بۆ زەوی، تا لە کۆتاییدا بە ئاشتی و ئارامی تیایدا سەربنێینەوە.

ئەو کاتەی مردن دێ، با تۆ سەرقاڵی چاندنی سەوزایی لە

باغەکەت بێ، یانیش سەرقاڵی چاککردنەوەی پەرژینە دارماوەکەی دراوسێ شەکەتەکەت بێ، یانیش سەرقاڵی گوتنەوەی سروودی ژیان بێ.

ئەو کاتەی ئەو دێ، با بتبینێ کە تۆ لە چرکەی خۆتدا دەژی، نەوەك ڕۆچوو لە ڕابردوو و چاو لە بۆشایی!

کاتێ ئەو دێ، با تۆ سەرقاڵی ستایشی خۆشەویستەکەت بی، یانیش سەرقاڵی نووسینی پەیامێکی خۆشەویستی، یانیش هۆنراوەیەك.

ئەگەر ویستتان شتێك لەسەر گۆڕم بنووسن، ئەوا بنووسن: (لە کاتێکدا مرد کە زیندوو بوو).

پاولۆ کۆیلۆ

## ڕێسای (53)
## ڕێگای بەختەوەری

هەمیشە بەوپەڕی کامەرانی دەردەکەوت، بەردەوام بەسەر ئارەزوو و مەزاجیدا زاڵبوو، هەرگیز ڕووداوەکان نەیاندەتوانی بیشڵەژێنن و شپرزەی بکەن، بەڵکو بەردەوام دەدرەوشایەوە و بەشێوەیەکی زۆر ئیجابیانە خۆی لەگەڵ ڕووداوەکان دەگونجاند، هەرگیز هەوڵی ئەو بۆ گۆڕانکاری خەڵکی نەبوو، بەڵکو زۆربەی کات ئەو هەڵوێستەکانی خۆی دەگۆڕی تا لەگەڵ ڕووداوەکان بسازێ.

لە دوای هەر قەیران و گرفتێك زۆر خێرا خۆی لەگەڵ هەر کارێك ڕادەهێنا کە دەهاتە ڕێگەی، زۆر ئاسان بوو لە دروستکردنی پەیوەندیی هاوڕێی نوێ، بەتایبەتیش لەگەڵ کەسانی گەشبینی هاوشێوەی خۆی. کاتە بەتاڵەکانی خۆی بە باشترین شێوە و بۆ باشترین شت دەقۆستەوە. ئەو بەردەوام دەیزانی کە چی لە دەروون و ناخی خۆی دەوێ. هەمیشەش چەند ئامانجێکی ڕوون و دیاریکراوی هەبوون، کە هەم واقیعی بوون، هەمیش شیاوی جێبەجێکردن بوون. زۆر ئاسان بەرەوپیری کەسانی تر دەچوو و یارمەتی دەدان، لە هەمان کاتدا زۆر بە ئاسان و سادەیی هەستەکانی خۆی دەردەبڕین و گوزارشتی لێ

دەکردن، بەردەوامیش چاوی لە فێربوونی شتی نوێ بوو.

تەنانەت بەخشش و دیاریی بە خودی خۆی دەبەخشی، کاتێك سەرکەوتنێکی تۆمار دەکرد، توانایەکی بەرزی هەبوو بۆ بەکارهێنانی توانا فیترییەکانی خۆی بەمەبەستی گەیشتن و بەدیهێنانی دەسکەوت و سەرکەوتن لە ژیان و کاری، داهێنەر بوو لە دروستکردنی کەشی ئیجابی بۆ دەروونی خۆی و پارێزگاریکردن لە کامەرانییەکانی تەنانەت لە سات و چرکە سەختەکانیش.

زۆر زوو لە خەو هەڵدەستا، تا هەر لە بەرەبەیانەوە هیوا هەڵمژێ، هەر کەسێکی بینیبا بەخێرهاتنی دەکرد، بە هەر کێ گەیشتبا سڵاوی لێ دەکرد. لەگەڵ شنەبا و هەور و جۆگەلەکانی ئاو ئاوێتە دەبوو، خەونەکانی خۆی لە نێوان گەڵای دارەکان و جریوە جریوی چۆلەکاندا دەبینی، ئەگەر دووچاری هەر سووکایەتییەکیش بووبایەوە لەلایەن کەسێك کە نەیدەناسی، ئەوا هیچ وەڵامێکی نەدەدایەوە، چونکە پێی وابوو وەڵامدانەوەی ئەو جۆرە کەسانە تەنها وزەی کەسیت لە ناو دەبەن و سوود بە هیچ شتێکیش ناگەیەنێ.

بەردەوام گوێی لە دەنگی دڵی دەگرت، لەگەڵ هەر سروودێکی جوان ئاوێتە دەبوو، هەر کات کاتی سەرکێشی بهاتبایە، چرکەیەك دوای نەدەخست و ئەوەی لە دەستی دابوایە فرێی دەدا، هەرگیز کاتی بە شتە لاوەکییەکان بەفیڕۆ نەدەدا، بەڵکو کاتەکانی بۆ ئەو شتانە بوون کە بەردەوام دەبوون و دەمانەوە.

پێی وابوو هەموو کەسێك بە جۆرێك لە جۆرەکان فەزڵ و گەورەییان بەسەر ئەوەوە هەیە، توانایەکی زۆر سەیری هەبوو بۆ ژماردنی چاکەی کەسانی تر، بۆیە زۆر سوور بوو لەسەر دابەشکردنی خۆشی و ڕزق و بژێوییەکانی لەگەڵ کەسانی تر، زۆر ئاسان و بە شێوەیەکی زۆر نامۆ منداڵیی لە خۆیدا بەرجەستە دەکرد، وەك منداڵ پێدەکەنی، وەك ئەوان یاریی دەکرد، تەنانەت هاوشێوەی منداڵانیش زۆر ئاسان باوەڕی بەو شتانە دەکرد کە دووچاری دەبوونەوە، بەڵێ ئەو پیاوە تا بڵێی ئاسوودە و بەختەوەرانە دەژیا.

دەگێڕنەوە، لە یەکێك لە لادێ دوورەکان پیاوێك هەبوو، بە ناوێکی زۆر نامۆ ناوبانگی دەرکردبوو (پیاوی خاوەن کڵۆڵی ساختە)، لەبەرئەوەی خەڵکی لادێکە بە سادەیی و خۆشەویستی و کارئاسان و گەمە و گاڵتەچی ناسرابوون، بۆیە ئەو پیاوەیان بەو ناوە نا، چونکە ئەو پیاوە زۆر جاران خۆی پەرێشان دەکرد و بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر شتی سادە ئەژنۆی خەمانی لە ئامێز دەگرت.

بۆ نموونە: ئەگەر هاتبا و کەری یەکێك لە جوتیارەکان کەوتبایە نێو لیتە و قوڕەوە، ئەوا ئەو پیاوە تا ئێوارە خەمی پێوە دەخوارد، تەنانەت دوای ئەوەش کە لە قوڕ دەردەهێنرا ئەو هەر خەمەکەی بەردەوام دەبوو.

خۆ ئەگەر یەکێك لە دراوسێکانی نەخۆش کەوتبنایە، یانیش لە بازرگانییەك زەرەریان بکردبا، ئەوا دونیا لەبەر چاوانی وێك دەهات، لەبەر خەم و خەفەت جێی پێ جێ نەدەبوو، تەنانەت

دوای ئەوەی دراوسێکەشی گرفتەکەی نەدەما، یان بیری دەچوو.

ڕۆژێکیان لە باغی یەکێک لە دراوسێکانی دوو کەڵەشێر لەسەر مریشکێك دەبێتە شەڕیان، لەو شەڕەدا یەکێك لە کەڵەشێرەکان دەدۆڕێ و سەر و پۆپیتی بریندار دەبن، ئەو پیاوە هەر ئەو ڕۆژە دەچێتە بازاڕی لادێ تا چارەسەرێك بۆ کەڵەشێرە دۆڕاو و برینداره‌کە بدۆزێتەوە و هەواڵەکەش بە خەڵکی لادێ و خاوەنەکەی بدات، کاتێك دەچێتە بازاڕ دەبینێ ئەو ڕۆژە ڕۆژی هاوسەرگیری و ئاهەنگگێڕانە، ئەویش بە خەمەوە باسی ڕووداوی کەڵەشێرەکەیان بۆ دەکات، بەڵام ئەمجارە خەڵکی لادێ زۆر بەو کارەی پەست و بێزار دەبن، چونکە خۆشی و کامەرانییەکەی لێ پچڕاندن و کەشەکەی لێ گۆڕین، بۆیە بڕیاریان دا لە لادێکە وەدەری نێن و بۆ هەتاهەتا لەو کڵۆلە ساختەیە ڕزگاریان بێ.

بەهێزکردنی ئەو هۆکارانەی کە لە ناختدا حاڵەتەکانی کامەرانی و خۆشی و بەختەوەری دروست دەکەن، هەروەها دابەزاندنی ئاستی ئەو هیوا و ئارەزوانەی کە ئەگەری جێبەجێکردن و هاتنەدیان قورسە، گەشەدان بە بیرکرنەوەی ئیجابیانە، هاوکات ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕە هەڵەکان.. هەموو ئەوانە بەرنامەیەکی تۆکمە و تەواوت بۆ گەیشتن بە کامەرانی و بەختیاری بۆ دەستەبەر دەکەن.

# ڕێسای (54)
# هەبوونی توانا بۆ بینینی جوانی

(بۆ ئەوەی ژیان لە دەنکۆڵە خۆڵێکدا ببینی، فیردەوس لە گوڵێکی سادەدا، ئەوا جیهانی بێ کۆتا بخە نێو لەپی دەستت، لە کاتژمێرێکیشدا بۆ ئەبەدی بژی)

"ولیام بلیك"

جوانی، سەرچاوەیەکی سادە و ئاسانە بۆ بەدەستهێنانی کامەرانی، بەردەوام لە دەورمانە، هەموو ئەو شتانەی کە پێویستیشمان بۆ گەیشتن پێی بریتییە لە دڵێکی خۆشەویست و ڕوحێکی عاشق بە ژیان.

ڕەنگە زۆر جاران جوانی بە تەواوی میزاجی مرۆڤەکان ئاوەژوو بکاتەوە و بیگۆڕێ، هەر لە سەرەتای دروستبوونی دونیاشەوە سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش بووە بۆ هونەرمەند و شاعیران.

"شۆپن هاوەر" باوەڕی وایە کە جوانی لە خەمەکان ڕزگارمان دەکات و بێ ئاگامان دەکات لە گرفتە بچووکەکان و بەرەو باشترین ڕەهەندەکانمان دەبات..

چونکە بەهۆی کاریگەرییەکەیەوە هەمیشە کۆتەکانی بەردەم

ئەو سوودە تێك دەشكێنێ كە مرۆڤ بە جیهانەوە دەبەستێتەوە.

هەمیشە شتگەلێكی جوانی داپۆشراو لە دەوروبەرمان هەن، بۆ بینینیان پێویستیمان بە دڵێكی بێگەرد و خالی لە ڕق و كینە هەیە، هیچ سنوورێكیش بۆ شتە جوانەكان نییە، ڕەنگە خونچەگوڵێكی سادە، یان وەفایەكی ناوازە، بۆنێكی خۆش... شتێك بن لەو شتگەلە جوانە.

خۆشویستنی جوانی بەخشش و بەهرەیەكی چێنراوی فیترەتییە لە ناخی هەموو مرۆڤێكدا، سەرنجدانی ڕۆژانە و بەگەڕخستنی ئەو بەخششەش لە شتە جوانەكانی دەوروبەرمان هێزی ئەو بەخششە زیاتر دەكات، تا لە كۆتاییدا مرۆڤ دەبێتە خاوەن توانایەكی بەهێز بۆ بینینی هەموو شتە جوانەكانی دەوری.

"سپینۆزا" دەڵێ: دڵخۆشییەكی قووڵی شاراوە لە گەوهەری ژیاندا هەیە، مرۆڤی هونەرمەند و لێهاتوو ئەو كەسەیە كە ئەو دڵخۆشییە دەدۆزێتەوە.

بەهێزكردنی توانا و كارامەییمان بۆ بینینی شتە جوانە شاراوەكانی دەوروبەرمان وامان لێ دەكات بەردەوام دڵخۆش بین، لە هەمان كاتدا وامان لێ دەكات هەمیشە بەرگەی بەشێك لەو پڕوپووچی و چەند كردارێكی ڕەقی مرۆڤەكان بگرین و خەمەكانی ژیان لەسەر خۆمان سووكتر بكەین.

ڕۆژێكیان چوومە شارێكی گەورە، پڕ لە خەڵك، خەڵكێك كە تینوێتی و برسیەتی تەواو لە بەرامبەر ژیان دایبڕاندبوون، سەرنجی هەر كامیانت دەدا بە دوای هۆكارێكدا دەگەڕا، تا كەمێ لە ئازاری برسیەتی ڕزگاری بكات، لە یەكەم بەیانیم لەو

شارەدا، سواری گالیسکەیەك بووم کە ئەسپێك ڕایدەکێشا، خاوەنەکەشی لە تەنیشتم دانیشت و جلەوی ئەسپەکەی گرتبووە دەستی، لە گەشتێکدا بە دەوری شارەکەدا، کاتێك سەبارەت بە حاڵ و گوزەرانی خەڵك پرسیارم لێ کرد، گوتی: ئێمە سێ ساڵە بە قەیرانێکی قووڵدا تێدەپەڕین، ئەگەرچی ڕۆژانە شتی زۆر ناخۆش ڕوو دەدات بەڵام من هیوام وایە کە ڕۆژێ دێ ئەو قەیرانە بە کۆتا دێ، سەیری ئەو شەقامە بکە، چەند ڕۆژێکی تر قیرتاو دەکرێ، ئەو وێستگەیەش تایبەتە بە شەمەندەفەر لەم نزیکانە بە کۆتا دێ، بەر لە کۆتایی ساڵیش زانکۆیەکی نوێ دەکرێتەوە... من لە خەیاڵی بیرکردنەوە لە قسەکانی ئەودابووم، لەپڕ بە قامکێکی دەستی ڕاستی ئاماژەی بە باغێك کرد و گوتی: لەو باغەدا جوانترین گوڵی لێیە، قەرەنفول و یاسەمین و چەندەها جۆرە گوڵی تر، هەر باقە گوڵێك لەو گوڵانە بە دیاری بدەیت بە هەر کەسێك لە خۆشیان دەفڕێت!

**مۆمێك:**

خۆزگە خاوەنی دەستەسڕێکی جادوویی دەبووم..

ژەنگی سەر دڵی هەموو ئەوانەم دەسڕی کە لە بیریان چووە چۆن ئەوینداربن..

چنگێ خۆڵیشم دەکردە ئەو چاوانەی کە ئێدی لە توانایاندا نییە جوانی ببینن.

# ڕێسای (55)
## لەپێناو ژیانێکی زیندوانەدا بجەنگە

مرۆڤ زۆر جاران دەچێتە قووڵایی ترسناکترین جەنگ و قورسترین ئاڵنگارییەکان لەگەڵ دەروونیدا، تاوەکو دەستەمۆی بکات و ئەو ڕەفتار و نەریتانەی لە بچووکییەوە هۆگریان بووە بیانگۆڕێ.

ئەو نەریتـــــانەی کە دوای تەمەنێـــــك دەردەکەون کە پەککەوتوون و ڕێگرن لە بەرەوپێشچوون، ئەو ڕەفتارانەی کە کەســـایەتی لەنـــاودەبەن و لاوازی دەکەن.. ئەو کـــاتەش ئاڵنگارییەکان قورستر دەبن کاتێك جەستە دەست بە لاوازی و دارمان دەکات و هێزەکان پەرت و بڵاو دەبن و لەناودەچن، یان ئەو کاتەی گرفتەکان زۆر دەبن و ڕێگاکان تەسك دەبنەوە.

مرۆڤ لەسەری پێویستە کە هەرگیز خاووخلیچکی لە هیچ چرکەیەك لەپێناو مانەوەی ڕۆحی بە زیندوویتی لە ژیان نەکات، دەروونیشی پڕ لە خۆشەویستی بۆ ژیان، تەنها لەپێناو مانەوەی ژیانی خۆی نا، یان بە جۆرێك لە جۆرەکان بمێنێتەوە، بەڵکو لەپێناو واتا بەرزەکانی ژیان و هاندانەکانی بۆ چاکەکردن و بەخشینی هیوا بە کەسانی تر. بەڵێ، ئەوە جەنگێکی پیرۆزە بۆ مانەوە و پارێزگاریکردن لە ڕۆحێکی سەوز، بەوپێیەی هەموو

ڕۆژێکـی ژیـانی بە هێـز و وزەوە بەڕێ بکـات، بە ڕۆحێکـی زینـدوو، گەڕۆك بە دوای هۆکارەکـانی لێخۆشـبوون، تـا لە بەرامبەر ئەو کەسانەدا بەکاریان بهێنێ کە خراپەی لە بەرامبەردا دەکەن، ڕۆحێکی خاڵی لە ڕق و کینە، هەموو چرکەکانی ژیانی لە گەڕان بە دوای ئەو هۆکارانە بباتەسەر کە دەبنە هۆی باوەڕ و هیوا و گەشبینی.

ئەگەر ویسـتت لە خەمـۆکی بە دوور بیـت، ئەوا سـاتە خەمگینەکانت لەسەر لمـی دەریـا بنووسـە، کـاتە خۆشەکانیشت لەسەر تاوێرە بەردەکان بنەخشێنە.

هیچ سنوورێك بۆ خەونەکانت دیـاری مەکە، بـۆ هەر کـوێ دەڕۆی برۆ، دوور بـڕۆ، پەروەردگـار بە جۆرێك ئەم جیهـانەی دروسـت کـردووە کە جێگـای گشـت خەونەکـانی تـۆی تێدا ببێتەوە.

هەرچی لە خەم و بێ هیوایی ڕووبەڕووت بووەتەوە لە بیری بکە، هەموویان لە دوای خۆتەوە جێبهـێڵە و بەرەوپـێش هەنگـاو بنێ، چونکە لە کۆتاییـدا ئەم ژیـانە هەڵگـری چەنـدان ڕووداوی دڵخۆشکەر و هەواڵی کتوپڕە، نیعمەتگەلێکی لەبن نەهاتوو و بێ هەژماریش لە چاوەڕوانی تـۆدان، بە دڵێکـی منـداڵانە سـەیریان بکە، ئەوسا دەبینی کە چـۆن جوانییەکەیـان شـۆك و سەرسامت دەکەن.

# ڕێسای (56)
# سۆز و بەزەیی

پێم گوت: باشترین کاری تۆ کامەیە کە لە ژیانتدا شانازی پێوە بکەیت؟

پێی گوتم: دوکانێکی سەوزەفرۆش لە تەنیشتماڵمان هەیە، بەردەوام سەوزەی خراپ و بێ کەڵك دەفرۆشێ، بیست ساڵ دەبێ، کاتێك سەوزەیەکی جوان لە دوکانێکی تر دەکڕم ڕێگەیەکی دوور دەگرمەبەر و ڕێگەی ماڵمان دەگۆڕم، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو پیاوە سەوزەفرۆشە نەمبینێ و هەست بەوە نەکات کە من شتم لای ئەو نەکڕیوە، نەبادا ببمە هۆکاری بریندار کردنی هەستی!

خۆشەویستەکانم:

باسی پیاوێکتان بۆ دەکەم کە دڵی پڕە لە هەست و سۆز و بەزەیی، ئەو زۆر هەستیارە لەگەڵ ڕۆحیدا، بەردەوام لە ڕێکردندایە، تا بگات بە ئاستێکی بەرزی بەزەیی و ببێتە ئامرازێك بۆ لادانی ئازارەکانی بەردەم مرۆڤایەتی.

ئەو بە کەم ڕازی دەبێ، بێ نیازە لە هەر چێژێکی سەپێنراو، بەردەوام چێژە سەپێنراوەکان بە شتی زۆر سادە ئاڵوگۆڕ پێ دەکات، خوی بەوە گرتووە کە بە دوای ئەو چێژانەدا بگەڕێ

که دەبنە هۆی خزمەتی مرۆڤەکان، هەمیشە لە هەولی ڕزگاربوون لەو دابونەریتانەدایە کە ڕێگری لە ئازادی ئەو دەکەن و بەرەو جۆرێك لە بەندایەتی دەیبەن، وەك: مەی و جگەرە.. بەردەوامیش جلەوی بیرۆکەکانی لە دەستی خۆی دایە، نەبادا گەردەلوولی شکست لوولیان بدات و لە دەستی دەربهێنن.

هەمیشە لە حاڵەتی بەئاگابوونی بەردەوام دایە و باوەڕی وایە کە بەیەکبەستنەوەیەکی ناوەکی لە نێو تەواوی بوونەوەرەکاندا بوونی هەیە، ئەگەر بێهیوایی لە ڕووخساری بەشێك بەدی بکرێ، ئەوا بەختەوەری لە ڕووخساری ئەوانی دیش نامێنێ، خۆ ئەگەر پەرژین و دیواری حەوشەی ماڵی دراوسێکەی بڕوخێ و بکەوێ، ئەوا ماڵەکەی ئەویش ئەگەری دارمانی هەیە.

خوی بە گەشەدانی ڕۆحییەوە گرتبوو، زۆر هەستیار بوو لەوەی کە هیچ هەڵەیەك لە بەرامبەر هیچ کەسێکدا ئەنجام نەدات.

ئیمپراتۆر (ئۆرنگ زیب) فەرمانێکی دەرکرد کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا پێویستە هەموو ئەو ژنە داوێنپیسانەی لە سنووری دەسەڵاتی ئەودان هاوسەرگیری بکەن، ئەوەی پابەندی بڕیارەکەش نەبێ دەخرێتە قووڵایی دەریاوە، سەدان ژن هاوسەرگیرییان کرد، جگە لە چەند ژنێك کە نەبوونە جێگەی تێڕامانی هیچ کەس، بۆ ئەوانیش کەشتییەکی ئامادە کرد، تا بیانخاتە قووڵایی دەریا و بیانخنکێنێ، ماوە دیاریکراوەکەی ئیمپراتۆر تەنها یەك ڕۆژی مابوو.

یەکێك لەو ژنە داوێنپیسانە خوی بەوە گرتبوو کە بەردەوام

دەچووە لای پیرە پیاوێك كە ناوی لەخۆی نابوو (جەهان)، لە كۆتا شەویدا چووە لای و سڵاوی لێ كرد و پێی گوت: ئەمە كۆتا شەوی منە كە خۆم ڕادەستی تۆ دەكەم، پیرە پیاوەكەش لێی پرسی كە مەبەستی لەو قسەیە چییە. ئەویش تەواوی ڕووداوەكانی بۆ گێڕایەوە، ئەوەشی پێ گوت كە بەیانی پادشا دەیانخاتە دەریاوە.

پیرە پیاوەكە پێی گوت: دێرە شیعرێكی حافزی شیرازی هەیە ئەوە ماناكەیەتی:

(قەدەر وا بڕیاری لەسەر ئێمە دابوو كە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ كەسدا نەكەین، تا ژیانێكی ئاسوودە بژین، ئەگەر جگە لەوەشت ویست، ئەوە قەدەری من بگۆڕە).

جا بۆیە ئەگەر ئێوەیان قۆڵبەست كرد و ویستیان بەرەو دەریاتان بەرن، ئەوا هەمووتان بەیەكەوە و بە دەنگێكی بەرز ئەو دێرە شیعرە بڵێنەوە.. هەموو ژنەكان دێرە شیعرەكەیان لەبەر كرد، كاتێك كەشتییەكە كەوتە جووڵە، هەموو ژنەكان تێكڕا و بە دەنگێكی خەماوییەوە دەستیان كرد بە گوتنەوەی دێرە شیعرەكەی حافز، دڵی ئیمپڕاتۆر بەو دێرە شیعرە تەواو گۆڕا و سۆز و بەزەیی بەسەر دڵی داهات، هەر بۆیە لەوێ بڕیاری ئازادكردنی هەموویان دەدات.

دەگێڕنەوە پیاوێك سەركەوتوو بوو لەوە كە توانی لە قووڵایی ناخی خۆیدا كارگەیەك بۆ سۆز و بەزەیی دروست بكات.

هەر كاتێك كەسێك خراپەیەكی بەرامبەر ئەنجام دابایە، ئەوا

ئەو لەو کارگەیەدا بەشێك لە سۆز و بەزەیی دەردەهێنا، کاتێك ئەو کارەی ئەنجام دەدا هەر ئەودەم خراپەی کەسەکانی لەبیر دەکرد و بێگەردیی بۆ دڵی دەگێڕایەوە و جارێکی تر ئارامی بۆ دڵی دەگەڕاندەوە.

هەبوونی کارگەی لەو جۆرە وا لە مرۆڤ دەکات کە لە حاڵەتێکی گەورەی ڕۆحانیدا بژی، بە میزاجێکی باشەوە ژیان بەسەر بەرێ و ئەو قورسیانەی کە دووچاری دێن لەسەر شانی سووکیان بکات، هەروەها وا لە مرۆڤ دەکات کە بە بەردەوامی و بەجۆشوخرۆشەوە هیوا و خۆشی بە دەوروبەری ببەخشێ.

**مۆمێك:**

ڕۆژێکیان یەکێك لە قوتابییەکانی بوزا دەڵێ:

دەمەوێ سۆز و خۆشەویستی و هەرچی هەمە لە سەروەت و سامان بە هەموو مرۆڤێکی ببەخشم، جگە لە دراوسێکەم، چونکە ئەو پیاوێکی زۆر بە کینە و دڵڕەقە.

بوزا پێی گوت: کەواتە سەرکەوتوو نابیت! بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو جیهان لە بیربکە و سۆز و خۆشەویستیت بە دراوسێکەت ببەخشە.

دڵنیابە ڕێگەت ڕۆشن و ڕووناك نابێ، تا ئەو دەمەی خۆت لە تەواوی ڕق و کینە و بوغز ڕزگار دەکەیت و لە بەرامبەر مرۆڤەکاندا بە بەزەیی دەبیت.

# سەما لەگەڵ گورگەکان

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەمە ناونیشانی فیلمێکی بەناوبانگ بوو، کە "کیڤن کۆستنەر" ڕۆڵەکەی دەبینی، فیلمەکە باس لە تێکۆشانی هیندییە سوورەکان لەپێناو مانەوە دەکات، هەروەها ناکۆکی و ململانێیان لەگەڵ سپییێستەکان کە لە دەریاکان پەڕیبوونەوە و بەرەو ئەمەریکا چوون، لە جەنگی نێوان ئەو دوانەدا من ناونیشانی ئەم کتێبەم وەرگرت (سەما لەگەڵ ژیان).

ئێمە مرۆڤین، تا ئێستاش لەپێناو مانەوەمان بە زیندوێتی لەسەر ئەم زەوییە دەجەنگین، بەڵام گورگەکانی ئەم سەردەمە لە جۆرێکی نوێن.

خێرایی ئاوازی ژیان و تینوێتی و بەدووکەوتنی چێژ و مادە و زێدەڕۆیی و بەهەدەردانێکی بێ ئەندازەی داهاتی خەڵك لە لایەن چەند کەسێکی دیاریکراوە کە هاوشێوەی لە هیچ چاخێکی ژیان نەبووە، ئەو نەخۆشییانەی لێ دێتە بەرهەم کە مرۆڤ لە ڕۆژی دروستبوونییەوە پێیان ئاشنا نەبووە، ئەوانیش بریتیین لە دڵتەنگی و خەمۆکی و دوودڵی و ڕاڕایی و ترس لە نادیار و لەدەستدانی ئارامی و ئاشتی.. ئەم نەخۆشییە پەیدابوانەی ژیانمان بریتیین لە گورەکانی ئەم زەمانە، ئێمەش هەموو ڕۆژێك

لەبەردەم ئاڵنگارییەکی گەورەداین تا ژیانێکی ئاشتییانە و خۆشبەختانە بەسەر ببەین، سەرەڕای ئەو گورگانەی دەورەیان داوین، لەسەرمان پێویستە سوود لە دانایی پێغەمبەران و هەموو بلیمەتەکانی بیری مرۆڤایەتی وەربگرین، تا سەرەڕای گورگەکانی دەورمان بتوانین سەمایەك لەگەڵ ژیاندا بکەین.

# پاڕانەوە

پەروەردگارا.. دەروونمان لە خۆبەگەورەزانین بپارێزە و دڵمان فــراوان و ســادە و خــاکی بــکە، هاوشــێوەی زەویــیە پــاك و باشەکەت، کە خێروبێری خۆی بێ جیاوازی بە هەمــوو خەڵــك دەبەخشــێ، لە ژێــر خۆڵەکەیــدا جــوانترین گــوڵ و باشــترین بەروبووم دەڕوێنێ.

پەروەردگارا.. دڵم بۆ خۆشەویستی و ژیان بکەیتەوە، تــا هەر کات لە خەڵك و ڕێگاکانی ژیــان مانــدوو بــووم، هێــز و توانــام بخەمەوەگەڕ بــۆ بەئەنجامگەیانــدنی ژیــانی ڕۆژانەم جارێکی تــر دەست بەکارەکانم بکەمەوە و ئەوەی لەسەر منە جێبەجێی بکەم.

پەروەردگارا.. خۆشەویستیی دانایی و ژیری لە دڵمدا بڕوێنی، تــا ئەوەی دانایــان نووســیویانە بیخــوێنمەوە، ئەوانەی کە تــۆ دڵەکانت ڕووناك کردوونەتەوە و بەردەوام لە هەوڵی ژیاندنەوەی دڵە خەمبارەکاندان.

خــودایە، لە هەمــوو ترســێکی خەیــاڵی کە دەبێــتە هــۆی لەناوبردنی مێشك ئازادم بکەیت، هەروەها لە هەموو پرسیارێکی ئاڵۆز کە بێ سوود زیهنم سەرقاڵ دەکەن.

خوایە گیان، دڵم پڕ بکە لە کامەرانی، تا منیش بەســەر دڵــی کەسانی دەوروبەرمدا بڵاوی بکەمەوە، بە شادی ڕۆحم پڕ بــکە،

بمکە بە هۆگری و سەلامەتیش بۆ سەر ئەهل و دراوسێکانم.

ئیلاهی، خۆ تۆ زاناترینی، ئەگەر ڕۆحم لە کامەرانی و خۆشبەختی خاڵی بێ، ئەی چۆن بتوانم ئەوەی نیمە بە دەوروبەرمی ببەخشم! ئەگەر بە ڕەحمەتی خۆت شادمانی و کامەرانیم بەسەردا نەڕێژی، چۆن بتوانم لە ڕووخسارمدا زەردەخەنەیەك بە ڕووی دەوروبەرمدا وێنا بکەم، خودایە گیان لە ئاسمانە فراوانەکانت دەرگایەکی بچووك و پەنجەرەیەك بچووکی ڕەحمەتی خۆتم بۆ بکەوە، تا ببمە ڕێڕەو و پیارەوێکی ڕەحمەتەکانت و ڕێگەیەك بۆ سۆز و میهرەبانیت بەرامبەر بەوانی دی.

ئامادەکردن و کردنە PDF

رۆژگار کەرکوکی

خوێنەرانی خۆشەویست بۆ دەست کەوتنی

کتێبەکان و سود بینینتان لە بابەتەکان جۆینی ئەم گروپە بکەن

ئەم گروپە تاکە ئامانج بۆ دامەزراندنی خزمەت کردنە

بە چینی خوینەرو قوتابیان و نوسەرو وەرگێرەکانمان




کتێبخانەی ( PDF )

PUBLIC GROUP · 74K MEMBERS